# میتۆدۆلۆژیای ڕیزبەندی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان و دیاریکردنی پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

**مەریوان محمد صالح**

بەشی مێژوو، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

بابەتی ڕیزبەندی زانکۆکان بووەتە بوارێکی گرنگ وخوازراو بۆ خوێندن ولێکۆڵینەوە و گفتوگۆ وەک یەکێک لە چەمکە ئەکادیمییەکان کە لە ڕێگەی میتۆدۆلۆژیا و میکانیزمی زانکۆکان بەرجەستە دەکرێن، باشترکردن و پەرەپێدانی وێنەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی وناوخۆییدا شوێنێکی سەرنجڕاکێش بن جێگای پەسەندکردنی خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەران بن، لە ژێر ڕۆشنایی ئابورییەکی پتەو و بەهێزدا کە لەسەر بنەمای زانست و مەعریفە و کرانەوەی کێبڕکێی نێودوڵەتیدا، ئەم دامەزراوانە کەوتوونەتە ژێر پرۆسەی بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆرەوە، کە بە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان ناسراوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتە سەر گرنگترین میکانیزمەکان بۆ باشترکردنی توانای کارکردنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها یارمەتی کاربەدەستانی زانکۆکان بدات بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بنێن بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردنیان و بەشداریکردنی کاریگەر لە توانای کێبڕکێی جیهانیدا لە ڕێگەی ئاشنابوون وناساندنی پێوەرەکانی ڕیزبەندیە جیهانیەکان، هەروەها خستنەڕوی ڕوانگەی (IREG) بنەماکانی بەرلین بۆ ڕیزبەندی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەلایەن گروپی پسپۆڕانی ڕیزبەندی نێودەوڵەتیەوە International Ranking Expert Group خراونەتە ڕو.سەبارەت بە پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە نێو ئەم پۆلێنکردنانەدا، توێژینەوەکە باس لە دۆخی زانکۆکان لە ژێر ڕۆشنایی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی ڕیزبەندی بۆ زانکۆکان بە خستنە ڕوی ڕوانگەیەکی شیکاری دەکات ، توێژینەوەکە سنوردارە بە لێکۆڵینەوە لە (١٥) بەناوبانگترین ڕیزبەندی زانکۆکان لە جیهاندا، ئەو ڕیزبەندیانە بریتین لە ڕیزبەندی (کیو ئێس ، تایمز ، شەنگەهای، ویبۆمێتریکس، 4ICU، Scimago، ئەلپەر- دۆگەر AD، CWUR، لایدن Leiden، NTU، RUR، UI Green Metric، URAP، U.S. News & World Report، ئیندێکسی نەیچەر Nature Index). لێکۆڵینەوەکە، لە ڕێگەی پێڕەوکردنی میتۆدی شیکاریی ئەنجام دراوە، کۆمەڵێک ڕاسپاردە وپێشنیاز بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنانە خستۆتە ڕو بە مەبەستی سودوەرگرتن وباشترکردنی بارودۆخی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پۆلێنەبەندییە جیهانییەکاندا.

**وشە سەرەکییەکان:** پۆلێنبەندی زانکۆکان، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، زانکۆکانی عێراق، ڕێزبەندی زانکۆکان، پێوەرەکانی ڕێزبەندی

## ١. پێشەکی

گرنگیدان بە کوالیتی بەرهەمەکانی دەزگا پەروەردەییەکان و زانستیەکان، بە تایبەت خوێندنی باڵا، پایەیەکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابوری وکۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێکدا، جا وڵاتێکی گەشەسەندو بێت یان پێشکەوتو، دامەزراوە ئەکادیمیەکان بەگشتی، جا چ زانکۆ بێت یان پەیمانگا، ئامانجیان ئەوەیە ئەو بەرنامە پەروەردەییانەی کە دەیگرنەبەر بۆ زانیارییەکانیان بەکاربهێنن بە پشتبەستن بە باشترین شێوازە زانستییەکان بۆ گەرەنتیکردن و بەدەستهێنانی بەرهەمی هەرسکراوی بەرنامەکە کە لە بنەڕەتدا ئامادەکاریە بە مەبەستی چوونە ناو بازاڕی کارەوە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا، دامەزراوە زانستیەکان بەگشتی کەوتونەتە ژێر ڕێزبەندی جۆراوجۆری نێودەوڵەتییەوە بە شێوازێکی زنجیرەیی ڕێزبەندکراو ڕێکدەخرێن لەسەر بنەمای نیشاندەرەی پەسەندکراوەکان (بخیت، ٢٠١١: ٧-٤٦).

زانکۆکان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان هەوڵدەدەن بۆ بەدیهێنانی پێویستەکانی پابەندبوون بەم ستانداردانە لە پێناو: باشترکردنی ئەدای پەروەردەیی و وانەوتنەوە، باشترکردنی دەرئەنجامەکانی خوێندن، بەدەستهێنانی کارامەیی بۆ خوێندکاران کە بتوانن لە بوارەکانی کارکردندا سەرکەوتوبن، هەروەها باشترکردنی ئەدای ئەندامانی فاکەڵتی، هاندانیان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە توێژینەوەی زانستی، وانەوتنەوە،

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٧ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٩ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیلی توێژەر: mariwan135@garmian.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ مەریوان محمد صالح
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی زانستی نێودەوڵەتی، بەدەستهێنانی خەڵاتی نێودەوڵەتی، کارکردنی بەردەوام بۆ بەرزکردنەوەی ناوبانگی چەندین ڕیزبەندی نێودەوڵەتی هەن بۆ زانکۆکان، کە لەلایەن دامەزراوە جۆراوجۆرەکان پەسەند دەکرێن پێوەری هەڵسەنگاندن بە پێی ڕێزبەندیەکان دەگۆڕێن، هەندێکیان گرنگی بە دەرئەنجامەکانی پەروەردە و تایبەتمەندی دەرچووان وپێداویستییەکانی بازاڕی کار دەدەن یان گرنگی بە توێژینەوەی زانستی و بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی دەدەن هەندێکی تریان گرنگی بە بەدەستهێنانی خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ زانکۆکان دەدەن یان گرنگی بە جۆریی (کوالیتی) وانەوتنەوە وفێربوون دەدەن یان گرنگی بە هەمەچەشنیی لە فاکەڵتی و خوێندکارانی زانکۆکەدا دەدەن هەندێکی تریان گرنگی بە ماڵپەڕی زانکۆ و ناوەڕۆکەی دەدەن. هەر یەک لەم پۆلێنکردنانە کار لەسەر هەڵسەنگاندنی زانکۆکان دەکەن بەپێی ئەم ستانداردانەی کە لەلایەن داهێنەری پۆلێنەکە خۆیان پەسەندکراون، هەروەها ئامانجیان یارمەتیدانی زانکۆکانە بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بنێن بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردنیان و بەشداریکردنی کاریگەریان لە توانای کێبڕکێیی جیهانیدا (قاسمي وسلماني، ٢٠١٦). ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕیزبەندی زانکۆ وناوەندەکانی خوێندنی باڵا لە سەرانسەری جیهان، بە پشتبەستن بە کوالیتی زانستی و پەروەردەیی خۆیان، هەموو ساڵێک ڕادەگەیەنرێ ئەم پلە و پێگەیەی کە زانکۆکان لە ریزبەندیەکان بە دەستیان هێناوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی زانستیی وڵاتەکانیانن، ئەم گرنگی پێدانە چیتر تەنیا لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا قەتیس نییە کە زانکۆی گەورە وبەناوبانگیان تێدایە یان زانکۆی بەناو (زانکۆی نوخبەی نێودەوڵەتی)، بەڵکو هەندێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان دەستیان کردووە بە بەدواداچوون بۆ دەرئەنجامی ئەم پۆلێنکردنانە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە خەرجیەکی زۆر لە بودجەی وڵات تەرخان دەکەن بۆ کەرتی خوێندنی باڵا، پێشبینی دەکەن ئەم خەرجییە ڕەنگدانەوەی لەسەر دۆخی زانکۆکانیان هەبێت بە بەدەستهێنان و ناساندنی زانکۆکان بە جیهان، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی جۆری بەرهەمە زانستییەکانیان. پەرەسەندنی گرنگیدان بە ڕیزبەندی زانکۆکان ڕەنگدانەوەی ئەو دانپێدانانە گشتییە کە زانیین و زانست و مەعریفە بزوێنەری گەشەی ئابوری و توانای کێبڕکێیی جیهانە کە زانکۆکان هۆکاری کارا و سەرەکین لەمبوارەدا، بە تایبەت بۆ ئەو زانکۆیانە کە خاوەنی توێژینەوەی کاریگەرن، کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بوون بە یەکێک لە دامەزراوە سەرەکییەکانی ئابوری زانست و مەعریفە. (الصديقي، ٢٠١٤: ٨-٤٧).

لەم دواییانەدا چەندین ڕیزبەندی باشترین زانکۆکانی جیهان دەرچوون، هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستانی تێدا تۆمار نەکرابوو تەنانەت زانکۆکانی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانیشی تێدانییە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی چەند پرسیارێک لە بازنەی ئەکادیمی و زانستیدا، گرنگترینیان: بۆچی ئەم پۆلێنکردنانە هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان وعێراقی نەگرتۆتەوە؟ کێشە وگرفتەکان چین لە کوێدایە کە بونەتە هۆی ئەوەی زانکۆکانمان لە دەرەوەی ئەم پۆلێنبەندیانەدا بن؟ لێرەدا بە پێویستی ئەکادیمی زانکۆکە و ڕاکێشانی گەورەترین ژمارەی خوێندکاری ناوخۆیی و بیانی بۆ خوێندن وفێربوون (الضغير، ٢٠٢١).

دەزانم زانکۆکان هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی (بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری زانکۆ) هەوڵی زانینی ستانداردەکان سیستەمی پۆلێنکردنی جیهانی، نیشاندەرەکان، پێوەرەکان وکێشی ڕێژەی بۆ پێوەرەکان، هەوڵدان بۆ کارکردن لە چوارچێوەی ئەو پێوەر استاندارده جیهانیه دیاریکردنی تەواو گرفت وکەموکوورییەکانی زانکۆ وبەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەوەندیدار بە مەبەستی چارەسەرکردن وگەیشتن بەو پێشنیازانەی کە بەشدارن لە باشترکردنی ریزبەندی زانکۆکان.

ئەرکە بنەڕەتییەکانی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بریتین لە وانەوتنەوە، توێژینەوەی زانستی وخزمەتکردنی گشتی بە کۆمەڵگا لە ڕێگەی کارلێکی ڕاستەقینە لەگەڵیدا، لە چوارچێوەی زانستەکانی وانەوتنەوە بە پلەی جیاوازی ئەکادیمی، زانیاری دەگوازێتەوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە تازە لە زانکۆکان وەرگیراون پاشان شارەزایی ولێهاتوویی زانستی و تەکنیکی بۆ کۆمەڵگە دەبەخشێت، جگە لە توێژینەوە زانستی و ئەزمونە مەیدانییەکانی، هەروەها دابینکردنی ڕاوێژکاریە خزمەتگوزارییەکان، خولی ڕاهێنان و پەرەپێدان، تەواوکردنی هەندێک پرۆژەی پەیوەست بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، هەموو دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتو ئامانجیان ئامادەکردنی سەرچاوە مرۆییە تایبەتمەندییەکانی بواری بەرهەمهێنانی فیکر و ئامادەکردنی توێژەر لە هەموو بەشە زانستی و مرۆییەکان کە پێشەنگ بن لە بوارەکانی کار وبەرهەمهێناندا (المكتب الإقليمي للدول العربية وبرنامج الأمم المتحدة الألماني، ٢٠٠٣).

ئەم توێژینەوەیە بەشدار لە زیادکردنی تیۆرێکی تایبەت لە بواری پۆلێنکردنی زانکۆکاندا، یارمەتیدەر دەبێت لە ڕونکردنەوەی هەندێک چەمک و ڕەوتی فیکری بۆ پۆلێنکردنی زانکۆکان، پێویستە چاکسازی ڕاستەقینە لە سیستەمی زانکۆکاندا بکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ بڵاوبونەوەی چەمکەکانی ئابوری لەسەر بنەمای مەعریفە و زانیاری، زانکۆکان بە ئاراستەی کێبڕکێیی جیهانی ببات، گرنگی ئەم توێژینەوە پێدانی هەندێک میکانیزم وپێشنیازە بە سەرۆکی زانکۆکان بۆ ناسینی پێوەرەکانی ڕیزبەندییە جیهانییەکان.

## چەمکی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان

پۆلێنکردن لە ڕوی زانستییەوە وەک میتۆدێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە ڕەگەزێکی دیاریکراو کە هەڵسەنگێندراون لە ڕێگەی پێوەرە جیاوازەکانەوە دۆخێکی گشتگیر دەرخسێنێت بۆ هەموو ڕەگەزەکان لە پێناو ڕێکخستنیان وریزبەندیکردنیان لە باشەوە بۆ خراپ (صالح وأخرون، ٢٠١٠).

پێوەر لێرەدا بە واتای ئەو تایبەتمەندیانە دێت کە پێویستن بۆ خوێندنێکی باشی زانکۆ، کە دەتوانرێت قبوڵ بکرێت بە گەرەنتی کوالیتیەکەی، کاریگەرییەکەی، و توانای ڕکابەریکردنی لە گۆڕەپانی پەروەردە لە جیهاندا پێناسە بکرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

پێناسەی پۆلێنکردن لە چوارچێوەی خوێندنی زانکۆدا وەک شێوازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی زانکۆکان، بەرنامەکان، توێژینەوە و چالاکییە زانستییەکان هەروەها پێشکەشکردنی ڕێنمایی بەو گروپە دیاریکراوانەی کە بڕیارە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ، وەک ئەو خوێندکارانەی کە خوێندنی قوتابخانەیان تەواو کردووە و دەیانەوێت بچنە زانکۆ، یان ئەو خوێندکارانەی کە دەیانەوێت پسپۆڕییەکانیان یان زانکۆکانیان بگۆڕن، یان ستافی بەڕێوەبردنی زانکۆکان کە ئەوان دەیانەوێت خاڵە بەهێز ولاوازەکانیان بزانن بۆ ئەوەی لە کێبڕکێدا بمێننەوە (عیسی، ٢٠١٥: ٣٧٦-٣٨٤).

**کێشەی توێژینەوە:**

ڕیزبەندی جیهانی زانکۆکان لە گرنگترین نیشاندەرەکانن کە دەتوانرێت لەسەر کوالیتی ئەدای ئەم زانکۆیانە و ڕادەی گەشەکردنیان پێوانە بکرێ، زۆربەی زانکۆکانی جیهان هەوڵی باشترکردنی دەدەن وێنە و ناوبانگی ئەکادیمییەکەی بەرز ڕابگرن، لە ڕێگەی وەرگرتنی ستانداردەکانی ڕیزبەندی پێوەری زانکۆ نێودەوڵەتییەکان، ئەم پۆلێنکردنانە ڕەنگدانەوەی واقیعی کوالیتی ونایابی وسودی کێبڕکێ لە بوارە جیاوازەکانی زانستی و مەعریفی و ئەکادیمی لە زانکۆکاندا، ئەم پۆلێنبەندی وجیاکارییە زانکۆ دەخاتە شوێنی شایستەی خۆی لەنێو زانکۆ جۆراوجۆرەکاندا، هەم لە ئاستی ناوخۆیی، و ناوچەیی و جیهانیدا، بۆیە بەدەستهێنانی پێگەیەکی دیاریکراو لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتی زانکۆکاندا بۆتە ئامانج و هەموو زانکۆکانی جیهان بەوپەڕی پەرۆشییەوە چاوەڕێی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دەکەن، چونکە یەکێکە لە بەڵگە گرنگەکانی کوالێتی ئەدای کارکردن کە دەبێتە ناوبانگێکی بەرزی ئەکادیمی بۆ ئەم زانکۆیانە،

زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدەن لە ڕیزبەندی نێودەوڵەتی زانکۆکاندا پلەیەکی پێشکەوتو بەدەستبهێنن، بە گرنگیدان بەو پێوەرانەی کە لە پۆلێنکردنە نیودەوڵەتیەکاندا پەسەندکراون، کە پەیوەندی بە بواری ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و وانەوتنەوە و ناوبانگی ئەکادیمی و داهێنانی زانستی و کوالێتی ئەدای کارکردنەوە هەیە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

١- گرنگترین ڕیزبەندی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان کامانەن؟
١- ڕوانگەی IREG گروپی پسپۆڕانی ڕیزبەندی نێودەوڵەتی بنەماکانی بەرلین بۆ ڕیزبەندی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا ؟
٢- پێوەر و ستاندارده پەسەندکراوەکان چۆن داڕێژراون؟
٣- پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەو پۆلێنبەندیانە دان ؟
٤- چۆنێتی ناساندنی چەمکی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان؟

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی یەکخستنی بەرهەمە زانستییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگەی خستنەڕوی گرنگترین ڕیزبەندییە بەرزەکانەوە (سەرچاوە، کە بسەلمێنێت ئەم پێوەرانە ئاست بەرزن)، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە وێنەیەکی گشتی لە دۆخی ئێستای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە بواری زانستی و مەعریفی وئەکادیمی پێکبهێنرێت، هەروەها هەندێک تایبەتمەندی پلانی کارکردن بۆ پەرەپێدانی توانای زانکۆکانی کوردستان بخرێتەڕو، توێژینەوەکە کۆمەڵێک ئامانج بەدەست دەهێنێت لەوانە:

١. ناساندنی پۆلێنکردنی زانکۆکان لە ڕوی چەمک و بنەچە و پاساودان، گرنگیدان بە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان.

٢. ئاشنا کردنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە گرنگترین ڕیزبەندی نێودەوڵەتی زانکۆکان.

٣. ئاشنا کردنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەو پێوارانەی کە هەر پۆلێنکردنێك پەسەندی دەکات.

٤. دیاریکردنی پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی زانکۆکانی جیهاندا.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. توێژینەوەکە گرنگی خۆی لە گرنگی بابەتی ڕیزبەندی نێودەوڵەتی زانکۆکان دەدۆزێتەوە، کە ئێستا لەلایەن بەرپرسانی کەرتی خوێندنی باڵا و زانکۆکان گرنگیەکی زۆری لە سەرانسەری جیهان پێدەدرێ.

٢. توێژینەوەکە و ڕونکردنەوەیەك لەبارەی پێوەرەکانی پۆلێنکردنی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی سەرهەڵدانی پۆلێنکردنەکەدا دەخاتە ڕو.

٣. توێژینەوەکە ڕوانگەیەکی شیکاری دەخاتە ڕو سەبارەت بە دیاریکردنی پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە نێو زانکۆ جیهانیەکاندا.

٤. توێژینەوەکە شرۆڤە و شیکاری پێوەرەکان دەکات بە زمانی ژمارە کێشی ڕێژەیی بۆ هەموو پێوەرەکان دەخاتەڕو.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

توێژەر ڕێبازی شیکاری وەسفگەرایی وەک شێوازێکی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێڕەوکردووە، کە تێیدا کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گرنگترین ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕیزبەندی زانکۆکان باس کردووە، وەسف و شیکارکردنی بۆ ئەو پێوەرانە کردووە لە ژێر ڕۆشنایی واقیعی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئامانجە سەرەکییەکان کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم پۆلێنکردنانە.

**سنوری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە سنوردارە بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی (١٥) ڕیزبەندی نێودەوڵەتی هەروەها توێژینەوەکە شیکاری بۆ پێوەرەکانی ئەم پۆلێنکردنانە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە لیستەکانی ڕیزبەندی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان.

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

ڕیزبەندی زانکۆکان بە کۆمەڵێک لیستی زانکۆ پێناسە دەکرێت کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نیشاندەر دامەزراوە کە هەندێکیان پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستییەوە هەیە وهەندێکی دیکەشیان وابەستەن بە ڕێککاری ڕووپێویکردن وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان هەندێکی تری تایبەتە بە ماڵپەڕی زانکۆکانەوە لەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسییەکان

پێناسەی ڕیزبەندی جیهانی زانکۆکان لە ڕوی ڕێککارەوە، بریتییە لە: کۆمەڵێک ستاندارد و پێوەر کە لەلایەن یەکێک لە دەزگا یان ناوەندە زانستییەکانەوە پەسەندکراوە، پەیوەندی بە کاروباری زانکۆکانەوە هەیە، کە بەپێی ئەو پێوەرانە زانکۆکان هەڵدەسەنگێندرێن، بە تەواوی ڕەنگدانەوەی ڕێکخستن و پێگەی ئەو زانکۆیە بەراورد دەکرێت بە زانکۆکانی دیکەی جیهان.

**ڕوانگەی IREG گروپی پسپۆڕانی ڕیزبەندی نێودەوڵەتی:**

ڕوانگەی IREG بۆ ڕیزبەندی ونایابیی ئەکادیمی (بە کورتی: ڕوانگەی IREG) دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتیی قازانج نەویستە لە ڕیزبەندی زانکۆکان و ئۆرگانە زانستی و ئەکادیمیەکان دەکۆڵێتەوە (سەرچاوە)، مەبەست لێی بەهێزکردنی هۆشیاری گشتی و تێگەیشتنە لە کۆمەڵێک پرس کە پەیوەندییان بە ڕیزبەندی زانکۆکان دەزگا ئەکادیمیەکانەوە هەیە، ئەو ئەزمون و پسپۆڕیەی کە کۆمەڵێک پۆلێنکار و شیکارکار بە دەستیانهێناوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆبونەوە، بووە هۆی دروستکردنی گروپێکی پسپۆڕی ڕیزبەندی نێودەوڵەتی بە ناوی International Ranking Expert Group (IREG). لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەم گروپە نافەرمییە وەک ڕێکخراوێکی قازانج نەویست گۆڕدرا بۆ ڕوانگەی IREG، لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا تۆمارکراوە وسکرتاریەتەکەی لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندایە ، لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن سەنتەری ئەوروپی یونسکۆ بۆ خوێندنی باڵا لە بوخارێست (UNESCO-CEPES)وپەیمانگای سیاسەتی خوێندنی باڵا لە واشنتۆن دامەزرا، لە ئەنجامی ئەم دەستپێشخەرییەدا، دووەمین کۆبونەوەی گروپی پسپۆڕان لە بەرلین بەڕێوەچوو (١٨-٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦) بۆ ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک ستانداردی کوالیتی و باشترین پراکتیک لە پۆلێنکردنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا، کە بە بنەماکانی بەرلین ناسراون بۆ پۆلێنکردنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا،

**بنەماکانی بەرلین بۆ ڕیزبەندی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بریتین لە:**

**یەکەم: ئامانج ومەبەستی پۆلێنکردنەکان.**

١. پۆلێنکردنەکە دەبێت یەکێک بێت لە کۆمەڵێک ڕێگەی جیاوازی هەڵسەنگاندنی زانیاری بە پێی سیستەمی (Input – Process - Output) کە پەیوەست بێت بە خوێندنی باڵاوە، ڕیزبەندی دەتوانێت زانیاری دروست بدات کە توانای بەراوردکردنی نێوان دامەزراوەیەک وهاوتەمەنەکانی بکات تێگەیشتن لە خوێندنی باڵا باشتر بکات، ڕیزبەندی نابێت ئامرازی سەرەکی هەڵسەنگاندنی خوێندنی باڵا بێت. پۆلێنکردنەکە دیدگایەک بخاتە ڕو لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی بازاڕی کاربۆ تەواوکردنی کاری حکومەت و دەزگا سەربەخۆکانی هەڵسەنگاندن.

٢. شەفافیەتی ئامانجەکانی پۆلێنکردن: پۆلێنکردنەکان دەبێ بە شێوەیەک دابنرێن کە لەگەڵ مەبەستەکان بگونجێت، ئەو نیشاندەرانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو داڕێژراون، لەوانەیە بۆ ئامانجە جیاوازەکان تر بەس نەبێت یان گونجاو نەبن.

٣. لەبەرچاوگرتنی هەمەجۆریی دامەزراوە ئەکادیمییەکان: لەبەرچاوگرتنی جیاوازی مەبەست و پەیام و دیدگا و ئامانجی دامەزراوە جۆراجۆرەکان بۆ نمونە، ستانداردی کوالیتی ئەو دامەزراوانەی کە ئاراستەکراون بەرەو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی، دەبێت بە تەواوی جیاوازبن لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی کە بنکەیەکی پەروەردەییە لە کۆمەڵگا هەژارەکاندا، پێویستە بە بەردەوامی ڕاوێژ بە دامەزراوەکان بکرێ لە لایەن پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنەوە.

٤. بە ڕونی ئەو سەرچاوە زانیاریانە ئاشکرا بکرێت کە دامەزراوەکە لەسەریان پۆلێنکراوە، گرنگی ئەنجامی پۆلێنکردنەکە بەندە بە وەرگرانی زانیارییەکان ڕاست و سەرچاوەی دروست (بۆ نمونە داتابەیسەکان، خوێندکاران، مامۆستایان، پرۆفیسۆرەکان و خاوەنکارەکان). باشترین پراکتیزە ئەوەیە کە دیدگا جیاوازەکان کە لەلایەن ئەم سەرچاوانە پێشکەش دەکرێن تێکەڵ بکرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی دیدێکی یەکگرتوو.

٥. دەستنیشانکردن و ڕێزگرتن لە زەمینەی زمانەوانی و کەلتوری وئابووری و مێژوویی ئەو سیستەمە پەروەردەییانەی کە بڕیارە پۆلێن بکرێن، هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکان دەبێ بە تەواوی ئاگاداری ئەگەری لایەنگری ئەنجامەکان بن لە مەبەستەکاندا وردبن، هەموو گەلان و سیستەمە پەروەردەیەکان هاوبەش نین لە بەها و چەمک و زاراوەی (کوالیتی) لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا، نابێت سیستەمی هەڵسەنگاندن ئەو جۆرە بەراوردکاریانە بسەپێنێت.

**دووەم: دیزاین وقورسایی نیشاندەری پێوانەکردن.**

١. شەفافیەتی ڕەها سەبارەت بەو میتۆدۆلۆژیایەی کە بۆ ڕیزبەندی نێودەوڵەتی بەکارهاتووە، ئەو ڕێککار وشێوازانە کە بۆ ڕیزبەندی بەکاردەهێنرێن پێویستە ڕون و ئاشکرا بن، ئەم شەفافییەتە دەبێتە هۆی دیاریکردنی قەبارەی نیشاندەرەکان هەروەها سەرچاوەیەکە بۆ هەموو داتا و زانیاریەکان.

٢. هەڵبژاردنی ئاماژە و نیشاندەرەکان بە گوێرەی گرنگی و دروستییان: هەڵبژاردنی داتاکان دەبێت لەسەر بنەمای توانای هەر پێوەرێک بێت بۆ پێوانەکردنی هێز و کوالیتی ئەکادیمی دامەزراوەکان، نەک لەسەر بنەمای ئاسانی بەدەستهێنانی داتاکان، پێویستە ڕونکردنەوە بدرێ سەبارەت بە هۆکارەکانی خستنەڕوی ئەو زانیاریانە لە پۆلێنکردنەکەدا هاتوون.

٣. پێوانەکردنی دەرچەکان Output بە بەراورد لەگەڵ داکردنەکان Input هەرکاتێک پێویستیکرد، ئەو زانیاریانەی کە داخڵ دەکرێن دەبێت پەیوەندیدار بن

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

بە دامەزراوەكانەوە، چونكە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی گشتی دامەزراوەیەكی دیاریكراو ئاشكرا دەكات، پێوانەكردنی دەرەنجامەكان (المخرجات) هەڵسەنگاندنێكی وردتر بۆ پێگە یان كوالیتی دامەزراوەكان دابیندەكات، پێوستە لە سەر هەڵسەنگێنەران دڵنیابن لەوەی كە هاوسەنگی گونجاو بەرپا دەكەن.

٤. جێگیركردنی ئەو قورساییانەی كە بۆ نیشاندەری جۆراوجۆر دیاریكراون، گۆڕانكاری لە قورساییەكانی نیشاندەرەكاندا وا دەكات كە نەتوانرێ بە ئاسانی جیاوازی بكرێ لە ڕیزبەندی ڕێكخراوەكاندا بەهۆی جیاوازییەكی بنەڕەتییەوە یان بەهۆی گۆڕانكاری لە خودی میتۆدۆلۆژیای هەڵسەنگاندنەكەدا.

## سێیەم: كۆكردنەوە وپرۆسێسكردنی زانیارییەكان.

٥. گرنگیدان بە ستاندارده ئەخلاقییەكان و ڕاسپاردەی پراكتیزە باشەكان، لە پەرەپێدانی بنەماكانی پۆلێنكردنە بۆ ئەوەی متمانەی هەر هەڵسەنگاندنێك مسۆگەر بكرێت، پێویستە لەسەر بەرپرسان لە كاتی كۆكردنەوە و بەكارهێنانی زانیارییەكان بەتایبەت ئەوانەی سەردانی شوێنی دامەزراوە پەروەردەییەكان دەكەن، پێویستە تا دەتوانرێت بابەتی و بێلایەن بن.

٦. دەبێت تا بتوانرێت داتای وردبینیكراو و پشتڕاستكراو بەكاربهێنرێت: ئەم داتایانە چەندین سودی هەیە، لەوانە جەختكردنەوە لەوەی ئەو داتایانە لەلایەن ڕێكخراوەكانەوە پشتڕاستكراوەتەوە لە سەرانسەری ڕێكخراوە جیاوازەكاندا بەراورد دەكرێت و گونجاوە.

٧. گرتنەبەری ڕێككاری گونجاو بۆ كۆكردنەوەی داتا زانستیەكان: ئەو زانیاریانەی لە لایەن كۆمەڵێك خوێندكار و مامۆستا، یان لەلایەنی سێیەم لە دەرەوەی دامەزراوەكە كۆكراونەتەوە، لەوانەیە نوێنەرایەتی تەواوی دامەزراوەكە یان پرۆگرامەكە نەكات ئەوە پێویستە لە پۆلێنكردنەكە دور بخرێنەوە.

٨. جێبەجێكردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ دڵنیابوون لە كوالیتی خودی پرۆسەكانی پۆلێنكردن: ئەم پرۆسانە پێویستی بە ئەزمون و پسپۆڕییە بۆ هەڵسەنگاندنی دامەزراوەكان، ئەم زانیاریانە بۆ هەڵسەنگاندنی خودی هەڵسەنگاندنەكە بەكاربهێنن، پۆلێنكردنەكان دەبێ بەردەوام بێت بە شێوازی سیستەمی فێربوون لە پێناو سودوەرگرتن لەم ئەزمونە بۆ پەرەپێدانی میتۆدۆلۆژیای پۆلێنكردن.

٩. جێبەجێكردنی ڕێوشوێنی ڕێكخراوەیی تۆكمە كە متمانەی پۆلێنكردنەكە بەرز دەكاتەوە، ئەم ڕێوشوێنانە دەزگای ڕاوێژكاری و چاودێری لەخۆ بگرن، باشترە هەندێك بەشداری نێودەوڵەتییان هەبێت.

## چوارەم: پەخش وبڵاوكردنەوەی ئەنجامی پۆلێنكردن.

١. پێدانی ڕونكردنەوەیەكی ڕون و پێویست بەو كەسانەی كە پەیوەندییان بە كارەكتەرە بەكارهێنراوەكان لە داڕشتنی پۆلێنەكە: دابینكردنی بژاردە بۆ چۆنێتی پێشكەشكردن و بڵاوكردنەوەی ئەنجامەكانی پۆلێنكردنە كە، بەمشێوەیە بەكارهێنەرانی ڕیزبەندییەكان باشتر لەو نیشاندەرانە تێدەگەن كە بۆ ڕیزبەندی دامەزراوەكان بەكاردەهێنرێن، جگە لەوەش دەرفەتیان پێدەدات بڕیاری خۆیان بدەن سەبارەت بەوەی كە چۆن نیشاندەرەكان سەنگ وپێوانە بكرێن.

٢. كۆكردنەوەی ئەنجامەكان بە شێوەیەك كە هەڵەكان كەمبكاتەوە لە داتا بنەڕەتیەكاندا: ڕێكخستن و بڵاوكردنەوەی ئەنجامەكان بە شێوەیەك كە ئەگەر هەڵە و كەموكوڕی ڕویدا چاك بكرێتەوە. پێویستە دامەزراوەكان وڕای گشتی ئاگادار بكرێتەوە لە هەڵەكان (ireg, 2022).

## ستانداردەكان بۆ ڕیزبەندی زانكۆكانی جیهان.

ستانداردەكانی پۆلێنكردن بۆ ڕیزبەندی زانكۆ نێودەوڵەتییەكان بەپێی ئامانجەكانیان، گشتگیربوونیان، پێوەرەكانیان، و سنورەكانیان، و ناوبانگی جیهانییان جیاوازن، لەم توێژینەوەیەدا گرنگی بە گرنگترین پازدە (١٥) بەناوبانگترین ڕیزبەندییە نێودەوڵەتییەكان دەدرێت، بەمشێوەیە:

١. پۆلێنبەندی كیو ئێس QS World University Ranking

٢. پۆلێنبەندی تایمز Times Higher Education World University Rankings

٣. پۆلێنبەندی زانكۆی جیاو تونگ شەنگهای چینی Shanghai Jiao Tong University

٤. پۆلێنبەندی ویبۆمیترێكس Webometrics ئیسپانی

٥. پۆلێنبەندی UniRank 4ICU ئوسترالی

٦. پۆلێنبەندی Scimago ئیسپانی

٧. پۆلێنبەندی ئەلپەر دۆگەر ئیندێكسی زانستی AD Scientific Index (Alper-Doger Scientific Index)

٨. پۆلێنبەندی سەنتەری ڕیزبەندی زانكۆكانی جیهان لە ئیماراتی عەرەبی The Center for World University Rankings CWUR

٩. پۆلێنبەندی لایدن Leiden Ranking CWTS

١٠. پۆلێنبەندی ئەدای توێژینەوە زانستییەكان بۆ زانكۆكانی جیهان Performance Ranking of Scientific Papers for World Universities NTU

١١. پۆلێنبەندی زانكۆی دەوری ڕیزبەندی زانكۆ پێشەنگەكانی جیهانە RUR Round University Ranking is a ranking of leading world universities

١٢. پۆلێنبەندی گرین مەتریكی ئەندەنوسی UI GreenMetric World University Rankings

١٣. پۆلێنبەندی URAP ڕیزبەندی زانكۆ بەپێی ئەدای ئەكادیمی University Ranking by Academic Performance

١٤. پۆلێنبەندی یوو ئێس نیوز و ڕاپۆرتی جیهانی U.S. News & World Report

١٥. پۆلێنبەندی ئیندێكسی نەیچەر Nature Index.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

## ١. پۆلێنبەندی کیو ئێسی QS World University Ranking

ڕیزبەندی زانکۆی جیهانی QS بڵاوکراوەیەکی ساڵانەی ڕیزبەندی زانکۆکانە کە لەلایەن کۆمپانیای کواکوارێلی سایمۆندز Quacquarelli Symonds (QS) بڵاودەکرێتەوە، پێشتر بە تایمز خوێندنی باڵا QS ڕیزبەندی زانکۆی جیهانی ناسرابوو Times Higher Education–QS World University Rankings، هاوکاری نێوان QS وگۆڤاری Times Higher Education (THE) بۆ بڵاوکردنەوەی خشتەی خولە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆکان لە ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ پێش ئەوەی هەردووکیان دەست بکەن بە ڕاگەیاندنی بڵاوکراوە سەربەخۆکانیان، پاشان QS بەردەوام دەبێت لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای پێشو، بەڵام تایمز Times Higher Education میتۆدۆلۆژیایەکی نوێی بۆ دروستکردنی ڕیزبەندی گرتەبەر.

ڕیزبەندی QS بۆ زانکۆکانی جیهان بۆ ساڵی 2023 زیاتر لە ١٤٠٠ زانکۆ لە سەرانسەری جیهانەوە بەشدارن، دامەزراوەکان لە شەش پۆل (نیشاندەر) هەڵدەسەنگێندرێن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر توانای زانکۆ پێوانە بکرێ لەوانە (ناوبانگی ئەکادیمی و بازاڕی کار، ڕێژەی مامۆستایان بەرامبەر بە خوێندکار و سایتەیشنی توێژینەوە، ژمارەی مامۆستا و خوێندکاری بیانی) (المجلة الأكاديمة للبحوث والراسات، ٢٠٢٢).

١. ناوبانگی ئەکادیمی: ناوبانگی ئەکادیمی دامەزراوەکە کە زۆرترین قورسایی پێدەدرێت بە ڕێژەی (٤٠٪) بە پشت بەستن بە ڕاپرسی ئەکادیمی QS، ڕای پسپۆڕی زیاتر لە 130.000 هەزار کەس لە بواری خوێندنی باڵا سەبارەت بە کوالیتی فێرکردن وانەوتنەوە وتوێژینەوە لە زانکۆکانی جیهان کۆدەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕاپرسیەکە گەشەی کردووە بووە بە گەورەترین ڕاپرسی ئەکادیمی لە جیهاندا لە ڕوی قەبارە و پانتاییەوە ئامرازێکی بێهاوتایە بۆ پێوانەکردنی بۆچوونەکان لە کۆمەڵگەی ئەکادیمیدا.

٢. ڕێژەی ستافی فاکەڵتی بەرامبەر بە خوێندکار (٢٠٪): زۆرجار خوێندکاران پلەبەندی زانکۆ بەکاردەهێنن بۆ ستایشکردنی کوالیتی پەروەردە وەک پێوەرێک کە گرنگییەکی سەرەکی بۆیان هەیە لەکاتی بەراوردکردنی ئەو دامەزراوانەی کە لە ڕیزبەندییەکەدان، پێوانەکردنی کوالیتی پەروەردە کارێکی ئەستەمە، بۆیە پێوانەکردنی ڕێژەی ئەندامانی فاکەڵتی بەرامبەر بە ژمارەی خوێندکاران دیاریکرا، وەک کاریگەرترین پێوەرێکی نزیک بۆ کوالیتی پەروەردە دادەنرێت، توانای دامەزراوەکان هەڵدەسەنگێنێت بۆ دابینکردنی دەستڕاگەیشتنێکی مانادار بۆ خوێندکاران بە وانەبێژ و مامۆستایان.

١- ژمارەی سایتەیشن (٢٠٪): کوالیتی توێژینەوەی زانکۆ بە پێوەرێک بۆ هەر فاکەڵتییەک دەپێوێ، کۆی ژمارەی سایتەیشنی ئەکادیمی لە توێژینەوەکاندا وەردەگیرێ کە لەلایەن زانکۆیەکەوە لە ماوەی پێنج ساڵدا بەرهەم هێنراون.

٢- ناوبانگی خاوەنکار (١٠٪): ئێمە دەزانین کە خوێندکاران دەیانەوێت بەو لێهاتویی و زانیارییانە دەربچن کە پێویستن بۆ بازاڕی کار و دامەزراندن، دواتر هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێ، کە چۆن دامەزراوەکان خوێندکاران ئامادە دەکەن بۆ پیشەی سەرکەوتو لە بازاڕی کار، وکام دامەزراوە لێهاتوترین و داهێنەرترین و کاریگەرترین دەرچووانی زانکۆ دابین دەکەن.

٣- ڕێژەی خوێندکارانی بیانی (٥٪) & و ڕێژەی مامۆستایانی بیانی (٥٪): زانکۆ نێودەوڵەتیە ئاست بەرزەکان کۆمەڵێک سود دەبەخشن، وەکو توانای ڕاکێشانی خوێندکاران و ستافی ئەکادیمی خاوەن توانا و کوالیتی بەرزی زانستی لە سەرانسەری جیهان، هەروەها ڕوانگەیەکی بەرزی جیهانی ڕا دەگەیەنێت، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ژینگەیەکی فرەنەتەوەیی دابین دەکەن، هاوسۆزی نێودەوڵەتی و هۆشیاری جیهانی بونیاد دەنێن (Laura L, 2022).

٤- ؟؟؟ کوا شەشەم؟

### پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

لە کۆتا ڕیزبەندیدا کە QS World University Ranking بڵاویکردەوە بۆ ساڵی 2023 زیاتر لە ١٤٠٠ زانکۆ لە سەرانسەری جیهانەوە بەشداربوون، هیچ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ناویان نەهاتبوو جێگای ئاماژەپێکردنە لە عێراقدا تەنها ناوی پێنج زانکۆ هاتبوو ئەوانیش بریتی بوون لە زانکۆی بەغدا لە ڕیزبەندی (٨٠١-١٠٠٠)، زانکۆی موستەنصریە لە ڕیزبەندی (١٠٠١-١٢٠٠)، زانکۆی کوفە لە ڕیزبەندی (١٠٠١-١٢٠٠)، زانکۆی بابل لە ڕیزبەندی (١٢٠١+)، زانکۆی بەسرە لە ڕیزبەندی (١٢٠١+).

## ٢. پۆلێنبەندی تایمز Times Higher Education World University Rankings

ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی خوێندنی باڵای تایمز تاکە خشتەی ئەدای جیهانییە کە حوکم لەسەر زانکۆ و توێژینەوە چڕەکان دەدات لە هەموو ئەرکە سەرەکییەکاندا وەکو (وانەوتنەوە، توێژینەوە، گواستنەوەی زانیاری و دیدگا و پێشبینی نێودەوڵەتی)،١٣ پێوەری ئەدای کارکردن بەکاردەهێنین کە بە وردی دیاریکراوە بۆ پێوانەکردن و بەراوردکردنی، کە متمانەیان پێکراوە لەلایەن خوێندکاران، ئەکادیمیستەکان، سەرکردەکانی دامەزراوە فێرکاریەکان و سەرۆکی زانکۆکان.

نوێترین ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی خوێندنی باڵای تایمز ١٧٩٩ زانکۆ لە سەرانسەری ١٠٤ وڵات و ناوچە لەخۆدەگرێت، ئەمەش وایکردووە کە گەورەترین و هەمەچەشنترین ڕیزبەندی زانکۆکان بن تا ئێستا، خشتەکە لەسەر بنەمای ١٣ نیشاندەری ئەدای کارکردنە کە بە وردی قەبارەکراوە کە ئەدای دامەزراوەیەک لە چوار بواردا دەپێون: وانەوتنەوە، لێکۆڵینەوە، گواستنەوەی زانیاری و تێڕوانینی نێودەوڵەتی.

ڕیزبەندی ئەمساڵ زیاتر لە ١٢١ ملیۆن وەرگێڕانی لە سەرانسەری زیاتر لە ١٥،٥ ملیۆن بڵاوکراوەی توێژینەوەدا شیکردەوە وەڵامی ڕاپرسییەکانی ٤٠،٠٠٠ زانای جیهانی لەخۆگرتووە، بە گشتی زیاتر لە ٦٨٠ هەزار خاڵی داتا لە زیاتر لە ٢٥٠٠ دامەزراوە کۆکردەوە کە داتایان پێشکەش کردووە.

هەندێک لە زانکۆکان پرۆفایلی خۆیان بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی ئۆفەری خوێندکارەکانیان وخاڵە بەهێز و سیفەتە تاکەکەسییەکانیان لە دەرەوەی داتای ڕیزبەندییەکان پیشان بدەن، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جیهانی زانکۆکان لەگەڵ تایمز (Times High Education) THE، (Times high education, 2022).

**پێوەرەکانی ئەدای کارکردن لە پێنج بواردا پۆلێنکراون :**

١- پرۆسەی فێرکردن (ژینگەی فێربوون) بە ڕێژەی (٣٠٪): کە پێکهاتووە لە ڕاپرسی ناوبانگ بە ڕێژەی (١٥٪) ڕێژەی ستافی ئەکادیمی بۆ خوێندکار (٤،٥٪)، ڕێژەی دکتۆرا بۆ بەکالۆریۆس (٢،٢٥٪)، ڕێژەی دکتۆرا کە پێبەخشراو بە ستافی ئەکادیمی (٦٪)، داهاتی دامەزراوەیی دامەزراوەکان (٢،٢٥٪).

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە بە ڕێژەی (٣٠٪) کە پێکهاتووە لەم بەشانەی: ڕاپرسی ناوبانگی ئەکادیمی (١٨٪)، داهاتی توێژینەوەکان بە ڕێژەی (٦٪)، بەرهەمی توێژینەوەکان (٦٪).

٣- سایتەیشن (کاریگەری توێژینەوە) بە ڕێژەی (٣٠٪): ئاماژەدەری کاریگەری توێژینەوەکان سایتەیشن سەیری ڕۆڵی زانکۆکان دەکات لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیرۆکەی نوێ، ئەم پێوەرە لە کاریگەری توێژینەوە دەکۆڵێتەوە بە گرتنی وەرگرتنی ناوەندە ژمێری ئەو جارانەی کە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی زانکۆیەک لەلایەن زانایانەوە لە ئاستی جیهانیدا ئاماژەی پێدەکرێت لە ساڵێکدا، پشکنینی داتای بیبلیۆمێتری ئێلسیڤیر[1] Elsevier بۆ زیاتر لە ١٠٨ ملیۆن سایتەیشن لە نێو ١٤،٤ملیۆن توێژینەوە وتار و بڵاوکراوە لە گۆڤارەکاندا، بابەتی زانستی، بەرنامەی کۆنفرانس، کتێب و بەشەکانی کتێب کە لە ماوەی پێنج ساڵدا بڵاوکراونەتەوە، داتاکان بریتیە لە زیاتر لە ٢٤،٦٠٠ گۆڤاری ئەکادیمی کە لەلایەن داتابەیسی ئێلسیڤەر سکۆپەس Elsevier's Scopus ئیندێکس کراون، وە هەموو بڵاوکراوە ئیندێکس کراوەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ بۆ ٢٠٢٠. هەروەها وەرگرتنی سایتەیشن بۆ ئەو بڵاوکراوانەی کە لە شەش ساڵ دا لە نێوان ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠٢١ دا کراون کۆدەکرێنەوە.

٤- ڕوانگەی نێودەوڵەتی بە ڕێژەی (٧،٥) کە پێکهاتووە لە: ڕێژەی خوێندکاری نێودەوڵەتی (٢،٥ %)، ڕێژەی ستافی وانەوتنەوەی نێودەوڵەتی (٢،٥٪)، هاوکاری نێودەوڵەتی (٢،٥٪).

٥- داهاتی کەرتی پیشەسازی (گواستنەوەی زانیاری) بە ڕێژەی (٢،٥٪): پەیوەندی و کۆنتاکتی زانکۆ لەگەڵ بازاڕی کار و کارگەی پیشەسازی و کۆمپانیاکان دا، بە واتایەکی تر توانای زانکۆیەک بۆ یارمەتیدانی کەرتی پیشەسازی و داهێنان و ڕاوێژکاری بووەتە ئەرکێکی سەرەکی ئەکادیمیای جیهانی هاوچەرخ، بەو شێوەی کە دامەزراوەیەک چەند داهاتی توێژینەوە لە کەرتی پیشەسازی بەدەست دەهێنێت بە بەراورد بە ژمارەی ستافی ئەکادیمی، تا چەند بازرگانەکان ئامادەن پارە بدەن بۆ توێژینەوە و توانای زانکۆیەک بۆ ڕاکێشانی بودجە لە بازاڕی بازرگانیدا ( Times high education, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە کۆتا ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی خوێندنی باڵای تایمز کە بۆ ١٧٩٩ زانکۆ ئەنجامدرا لە سەرانسەری ١٠٤ وڵات هیچ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ناویان نەهاتبوو بەڵام لە عێراق بە گشتی ناوی هەشت زانکۆی عێراق هاتووە زانکۆی بابل لە لوتکەی ڕیزبەدیکەدایە لە پلەی (٦٠١-٨٠٠)، پاشان زانکۆی تەکنەلۆجیا لە پلەی (٨٠١-١٠٠٠)، دواتر زانکۆی ئەنبار لە پلەی (١٠٠١-١٢٠٠)، لە کاتێکدا زانکۆکانی بەغدا وبەسرە، کوفە، موسڵ وئەلمستەنسریە پلەی (١٥٠١+) بەدەستهێناوە.

### ٣. پۆلێنبەندی زانکۆی جیاو تونگ شەنگهای چینی Shanghai Jiao Tong University

لە پۆلێنکردنە جیهانیەکان کە تایبەتە بە پۆلێنکردنی ئەکادیمی بۆ زانکۆ جیهانیەکان ARWU پۆلێنکردنی شەنگهایە، ئەم پۆلێنکردنە لەلایەن زانکۆی شەنگەهای جیاو تۆنگی Shanghai Jiao Tong University چینەوە دەرچووە بۆ ڕیزبەندی ئەکادیمی زانکۆکانی جیهان ناسراوە بە Academic Ranking of World Universities (ARWU) ئەو پێوەرانەی کە دیاریکراون بریتین لە:

**یەکەم: زانکۆ بەرێزیرەکان**

پۆلێنبەندی ARWU هەموو ئەو زانکۆیانە لەبەرچاو دەگرێت، کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ، خاوەنی میدالیای فیلدز، خاوەنی توێژەری بەناوبانگن، پەیپەرەکانیان لە Nature و Science بڵاوکردۆتەوە، جگە لەوەش، ئەو زانکۆیانەی کە برێکی بەرچاو لە وتار و توێژینەوەی ئیندێکس کراو لە لایەن پێوەرەکانی سایتەیشنی زانستی فراوانکراو Science Citation Index-Expanded (SCIE) و پێوەرەکانی سایتەیشنی زانستی کۆمەڵایەتی Social Science Citation Index (SSCI) ئیندێکس کراون، بە گشتی زیاتر لە ٢٠٠٠ زانکۆ ڕیزبەندی کراون، باشترین 1000 زانکۆش بڵاو دەکرێنەوە.

[1] سەکۆیەکی بڵاوکردنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و ناوەڕۆک و دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە کە ژمارەیەک گۆڤار لە ئەلگۆریتمەکەیدا لەخۆدەگرێت و ئەم گۆڤارانە ڕێژەیەکی زۆر لە فاکتەری کاریگەریان هەیە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

**دووەم: پێوەر و کێشەکانی ڕیزبەندی**

زانکۆکان بەپێی چەندین نیشاندەری ئەدای ئەکادیمی یان توێژینەوە ڕیزبەندی دەکرێن، لەوانە خوێندکارانی دەرچوو (ئەلۆمنای)و ستافی ئەکادیمی کە خەڵاتی نۆبڵ و مەدالیای بوارەکانیان بەدەستهێناوە، سایتەیشنی توێژەران، توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە Nature و Science ، توێژینەوە ئیندێکس کراوەکان، و ئەدای ئەکادیمی سەرتاسەری تاک.

**سێیەم: پێوەرەکان ونیشاندەر وکێشەکان، خشتەی (١)**

خشتەی (١)

نیشاندەر وکێشەکانی ڕیزبەندی زانکۆی جیاو تونگ شەنگهای

| پێوەرەکان | نیشاندەرەکان | کۆد وبەستەر | کێش |
|---|---|---|---|
| کوالیتی پەروەردە | خوێندکارانی دەرچوو (ئەلۆمنای) دامەزراوەیەک کە خەڵاتی نۆبڵی و میدالیای فیلدزیە دەستهێناوە | Alumni | ٪١٠ |
| کوالیتی ستافی فاکەڵتی | کوالیتی ستافی فاکەڵتی دامەزراوەیەک کە خەڵاتی نۆبڵی و میدالیای فیلدزیان بە دەستهێناوە | Award | ٪٢٠ |
| | سایتەیشنی توێژەران | HiCi | ٪٢٠ |
| ئەنجام و بەرهەمی توێژینەوەکان | بڵاوکردنەوەی پەیپەر لە Nature و Science * | N&S | ٪٢٠ |
| | پەیپەرە ئیندێکسکراوەکان لە هەردوو Science Citation Index-Expanded و Social Science Citation Index | PUB | ٪٢٠ |
| ئەدای سەرتاسەری | ئەدای ئەکادیمی سەرتاسەری دامەزراوەیەک | PCP | ٪١٠ |

*بۆ دامەزراوە تایبەتمەندەکان لە زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەک قوتابخانەی ئابوری لەندەن، N&S لەبەرچاو ناگیرێت، هەروەها قورسایی N&S دەگوازرێتەوە بۆ پێوەرەکانی تر.

**چوارەم: پێناسەی نیشاندەرەکان**

١- خوێندکارانی دەرچوو (ئەلۆمنای) Alumni

کۆی ژمارەی خوێندکارانی پێشووی دامەزراوەیەک کە خەڵاتی نۆبڵ و میدالیای فیلدزیان بەدەستهێناوە، خوێندکارانی پێشو و بەو کەسانە پێناسە دەکرێن کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس، ماستەر یان دکتۆرا لە دامەزراوەکە بەدەست دەهێنن، کێشی جیاواز بەپێی ماوەی بەدەستهێنانی پلە دادەنرێت، کێشەکە ١٠٠٪ بۆ خوێندکارانی دەرچوو کە بڕوانامەیان بەدەستهێناوە لە دوای ساڵی ٢٠١١، هەروەها ٩٠٪ بۆ خوێندکارانی دەرچوو کە بڕوانامەیان بەدەستهێناوە لە ٢٠٠١-٢٠١٠، وە ٨٠٪ بۆ خوێندکارانی دەرچوو کە بڕوانامەیان بەدەستهێناوە لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٠ ، ولە کۆتاییدا ١٠٪ بۆ خوێندکارانی پێشو کە بڕوانامەیان بەدەستهێناوە لە ساڵی ١٩٢١-١٩٣٠، ئەگەر کەسێک زیاتر لە بڕوانامەیەک لە دامەزراوەیەک بەدەستبهێنێت، ئەوا دامەزراوەکە تەنها یەکجار لەبەرچاو دەگیرێت.

٢- خەڵات Award

کۆی گشتی ستافی دامەزراوەیەک کە خەڵاتی نۆبڵی لە فیزیا وکیمیا و پزیشکی و ئابوری و مەدالیای فیلدز لە بیرکاریدا بەدەستهێناوە. ستافی ئەکادیمی بەو کەسانە پێناسە دەکرێت کە لە کاتی بەدەستهێنانی خەڵاتەکەدا لە دامەزراوەیەکدا کاردەکەن، بەپێی ماوەی بردنەوەی خەڵاتەکان کێشی جیاوازی بۆ دادەنرێت، کێشەکە ١٠٠٪ بۆ براوەکانی دوای ٢٠١١، ٩٠٪ بۆ براوەکان نێوان ٢٠٠١-٢٠١٠، ٨٠٪ بۆ براوەکان نێوان ١٩٩١-٢٠٠٠، ٧٠٪ بۆ براوەکانی نێوان ١٩٨١-١٩٩٠، و لە کۆتاییدا ١٠٪ بۆ براوەکانی ١٩٢١- ١٩٣٠، ئەگەر براوەیەک سەر بە زیاتر لە دامەزراوەیەک بێت، هەر دامەزراوەیەک بەرامبەر ژمارەی دامەزراوەکان دیاری دەکرێت، بۆ خەڵاتەکانی نۆبڵ، ئەگەر خەڵاتێک لە لایەن زیاتر لە کەسێکەوە هاوبەش بێت، کێشەکان بۆ براوەکان بەپێی ڕێژەی خەڵاتەکە دادەنرێت، سەرچاوەی داتا بۆ خەڵاتی نۆبڵ (http://www.nobelprize.org/)، وسەرچاوەی داتا میدالیای فیلدز (https://www.mathunion.org/).

٣- توێژەرانی خاوەن سایتەیشنی زۆر (HiCi) Highly Cited Researchers

ژمارەی ئەو توێژەرانە کە زۆر ئاماژە بە بەرهەمەکانیان کراوە، کە لەلایەن کلاریڤەیتەوە[٢] Clarivate هەڵبژێردراون، لیستی توێژەران بە کاردێت کە زۆر ئاماژە بە توێژینەوەکانیان کراوە سایتەیشن کە لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٠ دەرچووە بۆ حیسابکردنی نیشاندەری HiCi لە ARWU ٢٠٢١ بەکارهێنرا، بڵاوکراوەکانی N&S Nature& Science Web of Science

ژمارەی ئەو پەیپەرانەی کە لە Nature و Science بڵاوکراونەتەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ بۆ ٢٠٢٠، بۆ جیاکردنەوەی ڕێکوپێکی پەیوەستبوونی نوسەر، کێشی ١٠٠٪ بۆ پەیوەندی نوسەری هاوتا دانراوە، ٥٠٪ بۆ پەیوەندی نوسەری یەکەم (پەیوەندیدار بە نوسەری دووەم ئەگەر پەیوەندی نوسەری یەکەم بێت هەمان شتە لەگەڵ پەیوەندی نوسەری هاوتا)، ٢٥٪ بۆ پەیوەندی نوسەری داهاتوو، و ١٠٪ بۆ پەیوەندییەکانی تری نوسەر، کاتێک زیاتر لە یەک ناونیشانی نوسەری هاوبەش هەبن، ناونیشانی یەکەمی نوسەری هاوتا وەک ناونیشانی نوسەری هاوتا دەزانرێ و ناونیشانی نوسەری هاوبەشی دیکە وەک ناونیشانی نوسەری یەکەم، ناونیشانی نوسەری دووەم و...هتد بە شوێنکەوتنی ڕیزبەندی ناونیشانی نوسەرەکان دەزانرێ، داتاکان لەم بەستەرە وەرگیراوە (http://www.webofscience.com/)

[٢] لە ئەکادیمیا وکۆمەڵگەی زانستیدا، Clarivate بەو کۆمپانیایە ناسراوە کە فاکتەری کاریگەری حیساب دەکات، بە بەکارهێنانی داتاکانی کۆمەڵەی بەرهەمەکانی وێبی زانست Web of Science، کە هەروەها خزمەتگوزاری بەرنامەکانی ئیندێکس کردن لەخۆدەگرێت.

٤- بڵاوکراوەکان PUB لە SCIE و SSC

کۆی ژمارەی ئەو پەیپەرانەی کە لە ئیندێکسی سایتەیشنی زانستی فراوانکراو Science Citation Index-Expanded و ئیندێکسی سایتەیشنی زانستی کۆمەڵایەتی Social Science Citation Index لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ئیندێکس کراون، تەنها بڵاوکراوەکانی جۆری گوتار Article لەبەرچاو دەگیرێن، لە کاتی حیسابکردنی کۆی ژمارەی توێژینەوەکانی دامەزراوەیەکدا، کێشێکی تایبەتی دوو بۆ ئەو وتارانەی کە لە ئیندێکسی وەرگێڕانی زانستی کۆمەڵایەتیدا ئیندێکس کراون، دەخرێتە ڕو، داتاکان لەم بەستەرە وەرگیراوە (http://www.webofscience.com/).

٥- ئەدای سەرتاسەری تاك Per Capita Performance PCP

نمرەی قورسایی هەر پێنج نیشاندەرەکەی سەرەوە دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەی ستافی ئەکادیمی ئەوانەی دەوامی فەرمی دەکەن بە نمرەکانی PCP، ئەگەر ژمارەی ستافی ئەکادیمی بۆ دامەزراوەکانی وڵاتێک بەدەست نەهێنرێت، ئەوا نمرەی قورسایی هەر پێنج پێوەرەکەی سەرەوە بەکاردەهێنرێت. بۆ ARWU 2021 ژمارەی ستافی ئەکادیمی ئەوانەی دەوامی تەواو وفەرمی دەکەن تۆمار دەکرێ بۆ دامەزراوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، چین، فەرەنسا، کەنەدا، ژاپۆن، ئیتاڵیا، ئوسترالیا، هۆڵەندا، سوید، سویسرا، بەلجیکا، کۆریای باشور، چیک، نیوزلەندا بەدەست دەهێنرێت، سعودیە، ئیسپانیا، نەمسا، نەرویج، پۆلەندا، ئیسرائیل و... هتد، جێگای ئاماژە بۆ کردنە ژمارەی داتاکانی ستافی ئەکادیمی لە دەزگا نیشتمانییەکان وەک وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی، دیوانی ئاماری نیشتمانی، کۆمەڵەی نیشتمانی زانکۆ و پەیمانگاکان، کۆنفرانسی سەرۆکی زانکۆی نیشتمانی وەردەگیرێت (Shanghai Jiao Tong University, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە کۆتا پۆلێنبەندی شەنگهای Shanghai Jiao Tong University کە بۆ ١٠٠٠ زانکۆی جیهانی ئەنجامی دراوە کە تایبەتە بە پۆلێنکردنی ئەکادیمی بۆ زانکۆ جیهانیەکان ناسراوە بە پۆلێنکردنی ARWU بە گشتی زیاتر لە ٢٠٠٠ زانکۆ ریزبەندی کراون، باشترین ١٠٠٠ زانکۆش بڵاو دەکرێنەوە، هیچ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وعێراق ناویان نەهاتووە لە تازەترین ڕیزبەندی دا.

**٤. پۆلێنبەندی ویبۆمیترێکس Webometrics ئیسپانی**

ریزبەندی زانکۆی جیهانی وێبۆمێتریکس Webometrics Ranking of World Universities دەستپێشخەرییەکی تاقیگەی سایبێرمێتری Sabermetrics Lab ڕێکخراوێکی توێژینەوەیە سەر بە ئەنجومەنی باڵای لێکۆڵینەوە زانستییەکان Consejo Superior de Investigaciones Científicas (CSIC)، وەک گەورەترین دەزگای توێژینەوەی گشتی ئیسپانیا ناسراوە، هەڵسەنگاندنی وێبۆمێتریکس لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، ئامانجی داینکردنی روماڵێکی تەواوی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایە (HEI's)، بەبێ گوێدانە وڵات یان پسپۆڕی، لە ئێستادا ڕیزبەندی 30 هەزار دامەزراوەی خوێندنی باڵای لەسەر ئاستی جیهان لە زیاتر لە 200 وڵات دەکات، ماوەی ١٨ ساڵە هەڵسەنگاندن بۆ زانکۆکانی جیهان دەکات

هەڵسەنگاندنێکی نیمچە ساڵانەیە، کە لە مانگەکانی یەنایەر ویۆلیۆی هەموو ساڵێکدا دەردەچێت لەسەر بنەمای پێوانەکردنی ئەدای زانکۆکان لە ڕێگەی ماڵپەڕەکانیانەوە بە پێی ئەم پێوەرانە (قەبارە – ژمارەی توێژینەوە (پەیپەر) - کاریگەری گشتی)، لە گەڵ ئەوەشدا کە پۆلێنی وێبێتریکس پێوەر و ڕەگەزەکانی پەیوەست بە کوالیتی سایتەکان نەخستۆتەڕو وەکو (ڕێکخستن، ناوەڕۆک، هایپەرلینکی دروست، سادەیی رونی، بێلایەنی، گونجاوی، متانەپێکراوی، خێرایی دابەزاندن، توانای خوێندنەوە)، لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژە بە میتۆدۆلۆژیای ویبۆمێترێکس کراوە.

خشتەی (٢)

میتۆدۆلۆژیای ویبۆمێترێکس

| ئاماژەکان | واتاکەی | میتۆدی پۆلێنەکە (میتۆدۆلۆژیا) | سەرچاوە | کێش |
|---|---|---|---|---|
| ئامادەبوون | هاوبەشکردنی زانیاری گشتی | هەژمارنەکرێ وەستێنراوە | | |
| لە کاتی گەڕان لە ئینتەرنێتدا بە ئاسانی دەردەکەوێت | کاریگەری ناوەڕۆکی ماڵپەڕ | ژمارەی دەرکەوتنی لە تۆڕە دەرەکیەکان (تۆڕە لاوەکیەکان) کە بەستراوەتەوە بە وەیب پەرەکانی دامەزراوەکە (پاش یەکەلاکردنەوە وجێگیربوونی بەرزترین بەها تۆماردەکرێ | Ahrefs Majestic | ٪٥٠ |
| شەفافیەت | خاوەنی زۆرترین ژمارەی سایتەیشن | ژمارەی سایتەیشن لە باشترین ٢١٠ توێژەر سەرەتا (دوای لێدەرکردنی بیست یەکەمی خاوەنی زۆرترین ژمارەی سایتەیشن) زانیاری زیاتر | Google Scholar Profiles | ٪١٠ |
| نایابی | زۆرترین ژمارەی توێژینەوە | ژمارەی توێژینەوەکان (Paper) لەنێو ٢٠٪ سەرەتای ڕیزبەندیەکە کە لێی وەرگیراوە لە هەموو بوارێك لەو ٢٧ پسپۆڕیە کە لە داتابەیسەکەدا هاتووە لە ماوەی ٥ ساڵدا | Scimago | ٪٤٠ |

**بوارە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە بریتین لە:**

١- ڕیزبەندی ویێماترێکس ڕیزبەندی ماڵپەڕەکانی زانکۆکان نییە، ڕیزبەندی زانکۆکانە بەتێکڕا هەردوو نیشاندەری ویێۆمیتری (هەموو ئەرکەکان) وبیبلۆمێتری (کاری توێژینەوە) بەکاردەهێنێت.

٢- ئامانجی سەرەکی ڕیزبەندی ویێماترێکس بریتییە لە پێشخستنی دەستڕاگەیشتنێکی کراوە بەو زانیاریانەی کە زانکۆکە دروستی دەکات، باشترین ستراتیژی بۆ باشترکردنی پلەی زانکۆ ئەوەیە کە بڕ وکوالیتی ناوەڕۆکی وێبەکە زیاد بکرێت.

٣- ڕیزبەندی ویێماترێکس لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێکردووە (١٨ ساڵە ڕیزبەندی بڵاودەکاتەوە) بە ئامانجی پێشکەشکردنی ڕوماڵێکی تەواوی زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵایە لە هەر وڵاتێک یان دیسیپلینێک یان پسپۆڕیەك بێت. لە ئێستادا پۆلێنبەدی بۆ ٣١٠٠٠ دامەزراوەی خوێندنی باڵا دەکات لە زیاتر لە ٢٠٠ وڵاتدا.

٤- سەرنوسەرانی ڕیزبەندی ویماترێکس ئەو زانایانەن کە لە یەک دامەزراوەی توێژینەوەی گشتی ئاست بەرزی جیهانی کاردەکەن و ئەزمونی درێژخایەنیان لە هەڵسەنگاندن وڕێماییکردن دانانی پێوەرەکاندا هەیە.

٥- وێبۆمێتریکس گەورەترین ڕیزبەندی ئەکادیمی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایە کە هەر شەش مانگ جارێک مەشقێکی زانستی سەربەخۆ وبابەتیانە بێبەرامبەر وکراوە پێشکەش دەکات بۆ پێدانی زانیاری متانەپێکراو و فرەڕەهەند نوێکراوە و بەسود سەبارەت بە ئەدای زانکۆکان لە هەموو جیهانەوە.

٦- پێشەکی گشتیی سەبارەت بە میتۆدۆلۆژیای ڕیزبەندی پەیڕەو دەکات، پرۆژەیەکی توێژینەوەیە بەپێی بوونی سەرچاوەکان میتۆدۆلۆژیاکە دەگۆڕین، ئاماژە بە نوێترین زانیاری دەکات لە پێشەکی هەر چاپێکی نوێدا ( Isidro, 2022).

١- پەرەپێدانی پێوەرەکانی وێب کە لەسەر بوارەکانی توێژینەوە وپەرەپێدانی ئیسپانی، ئەورووپی، ئەمریکای لاتین وجیهانی جێبەجێ دەکرێن.

٢- توێژینەوە چەندایەتییەکان سەبارەت بە پەیوەندییە زانستییەکان لە ڕێگەی گۆڤارە ئەلیکترۆنییەکان، و کاریگەرییەکانی دەستپێشخەرییەکانی دەستڕاگەیشتن بە کراوەیی Open Access.

٣- پەرەپێدانی نیشاندەرەکان سەبارەت بە سەرچاوەکان لە کۆمەڵگەی زانیاریدا.

٤- نیشاندەر و بینینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر وێب بە ڕوکاری گرافیکی دینامیکی کارلێککارانە.

٥- دیزاین و دارشتن و هەڵسەنگاندنی تەکنیکەکانی شیکاری بەڵگەنامەیی سەرچاوەکانی وێب.

٦- پراکتیزەکردنی توێژینەو و لێکۆڵینەوەی جۆرایەتی بۆ چالاکیی زانایان لە وێبدا.

٧- پەرەپێدان و پراکتیزەکردنی تەکنیکی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای پێگەیشتن و دیاریکردنی ماڵپەڕەکان لە بزوێنەری گەڕان دۆمەینی وێب.

٨- شیکارکردن بەکارهێنانی زانیاری لە ڕێگەی وێب داتاوە بۆ فایلەکانی تۆمار (webometrics, 2022).

**پێگەی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان**

لە تازەترین پۆلێنبەندی ویبۆمیترێکس Webometrics ئیسپانی کە بۆ ٣١٠٠٠ دامەزراوەی خوێندنی باڵای کردووە لە زیاتر لە ٢٠٠ وڵات تیایدا پێگەی زانکۆکانی هەرێم بەمشێوەیە دەرکەوتووە زانکۆکانی سلێمانی وتیشك، سۆران، صلاح الدین، گەشەپێدانی مرۆیی، کۆمار ،زاخۆ، دهۆك لە پلەی (٤٠٠٠+) هاتووە، هەرچی زانکۆکانی، هەولێری پزیشکی، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کوردستان هەولێر، جیهان هەولێر، لوبنانی فەرەنسی، کۆیە، ڕاپەڕین، نۆلیج، زانکۆی ئەمریکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی دهۆك، پۆلیتەکنیکی هەولێر لە پلەی (٥٠٠٠+)، هەروەها زانکۆکانی، گەرمیان ونەورۆز لە پلەی ٦٢٨٧ و ٦٤٨٧ دوای یەك هاتووە، زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە پلەی ١٠٨٣٨زانکۆی جیهان لە سلێمانی لە پلەی ١٦٩٣٦ هەروەها قەیوانی نێودەوڵەتی لە پلەی ١٩٣٥٩ زانکۆی کاثۆلیك لە هەولێر ١٩٤٣٥ زانکۆی چەرمۆ لە پلەی ٢١٢٧٩ زانکۆی هەڵەبجە لە پلەی ٢١٤٥٥ لە هەروەها لەپلەی ٢٢٣٤٦ زانکۆی بەیان هاتووە ولە پلەی ٢٣٢٣٥ زانکۆی جیهان دهۆك كۆتا زانكۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان زانکۆی نێودەوڵەتی هەولێر بە پلەی ٢٤٤٥٥ هاتووە.

**٥. پۆلێنبەندی 4ICU ئوسترالی uniRank**

پۆلێنکردنێکی جیهانی ئوسترالییە، هاوشێوەی پۆلێنکردنی ویبۆماترێکسی ئیسپانی، پۆلێنبەندی4ICU کورتکراوەی 4 International Colleges & Universitiesگرنگی بە پێوانەکردنی مەودای ناوبانگی ماڵپەڕی زانکۆکان دەدات ، ئەوانەی کە دانپێدانانی ئەکادیمی و باوەڕپێکراویان لە ڕێکخراو یان ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، ئەم پۆلێنکردنە هەر شەش مانگ جارێک ڕادەگەیەنرێت، هەموو ئەو زانکۆیانەی کە بەشدارن لە پۆلێنکردنەکەدا پێویستە مانگانە داتاکانیان زیاد بکەن وئەپدەیتی بکەنەوە، وە ئەم پۆلێنکردنە ١٤,٠٠٠ کۆلێژ و زانکۆ لە خۆدەگرێت کە بەپێی ناوبانگ ماڵپەڕەکەیان لە ئینتەرنێت لە ٢٠٠ وڵاتدا ڕیزبەندی کراون، ئەم پۆلێنکردنە ئامانجیەتی ڕیزبەندی کۆلێژ و زانکۆ نێودەوڵەتییەکان بەپێی ناوبانگ و بەناوبانگی ماڵپەڕی زانکۆکان بکات ، ئەم پۆلێنکردنە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بە پشتبەستن بە کوالیتی پەروەردە یان ئاستی خزمەتگوزارییەکانی پۆلێن ناکات، بەڵکو ڕیزبەندییەکە لەسەر بنەمای سێ پێوەرێکی بابەتیی و سەربەخۆ کاردەکات ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە دەرکەوتنی ماڵپەڕەکە لە سێ بزوێنەری گەڕان ئەوانیش بریتین لە (پۆلێنبەندی پەیجی گوگڵ Google Page Rank دۆمەینی مەز . Moz Domain، هاوشێوەی وێب. SimilarWeb،

مەجستیک Majestic Seo)، پۆلێنبەندی uniRank فەلسەفەی پەروەردەی کراوەی جیهانی (Open Education Global (OE Global پەیڕەو دەکات.
پۆلێنبەندی uniRank ڕیزبەندی بۆ ٢٠٠ زانکۆی سەرەکی جیهان دەکات، بەپێی کیشوەرەکان ڕیزبەندی دەکات بۆ ٢٠٠ زانکۆ سەرەکی کیشوەرەکانی ئەمریکای باکور، ئەمریکای لاتین، ئەوروپا، ئەفریقا، ئاسیا، ٥٠ زانکۆی سەرەکی لە ئۆقیانوس، هەروەها ڕیزبەندی بۆ ٢٠٠ زانکۆی سەرەکی کە زمانەکانی ئینگلیزی، وئیسپانی، وعەرەبی قسە دەکەن.

شێوازی ڕیزبەندی زانکۆکان بەپێی ڕیزبەندی تایبەتی زانکۆی uniRankTM ڕیزبەندی دەکرێن کە لە ڕوانگەی بەرلین IREG Observatory on Academic Ranking and Excellence.ڕیزبەندی کراوە، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، میتۆدۆلۆژیای ڕیزبەندیکردن جار جار وردتر کراوە بە مەبەستی دابینکردنی ئەنجامی باشتری ڕیزبەندی یان بۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی پانۆرامای وێب بەردەستبوونی سەرچاوە هەواڵگرییەکان.


لە ئێستادا uniRankTM ڕیزبەندی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەکات لە سەرانسەری جیهاندا ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

- بە فەرمی دانپێدانراوبن مۆڵەتی باوەڕپێکراویان پێدرابێت لەلایەن دەزگا نیشتمانی یان ناوچەیی وەک وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا یان ڕێکخراوە باوەڕپێکراوەکانی دانپێدانراوی حکومەت.
- مۆڵەتی فەرمیان هەبێت بۆ پێدانی لانیکەم بڕوانامەی چوار ساڵەی بەکالۆریۆس (بڕوانامەی بەکالۆریۆس) یان بڕوانامەی باڵا بڕوانامەی ماستەر ودکتۆرا.
- فەراهەم کردنی خولی خوێندنی باڵا بە شێوەی فێربوونی ڕووبەڕووی تەقلیدی کە لە ڕێگەی ئاسانکارییەکانی ناو دامەزراوەکان پێشکەش بکرێت.

**پێکهاتەکانی ئەلگۆریتم و ڕیزبەندی زانکۆکان**

پۆلێنبەندی uniRank ڕیزبەندی زانکۆکان دەکات لەسەر بنەمای ئەلگۆریتمێك چوار پێوەرەی وێبی سەربەخۆ وبێلایەن کە لە ٣ سەرچاوەی زیرەکی وێبی جیاوازەوە وەرگیراون ئەوانیش بریتین لە:

١- دەسەڵاتی دۆمەینی مەز. Moz Domain Authority
٢- ڕیزبەندی جیهانی هاوشێوەی وێب. SimilarWeb Global Rank
٣- دۆمەینی ئاماژەپێدەری مەجستیک Majestic Referring Domains
٤- ڕەوتی متمانەی مەجستیک Majestic Trust Flow




شێوەی (١) پرۆسەی ڕیزبەندی زانکۆکان لە 4icu

**پرۆسەی ڕیزبەندی زانکۆکان لە 4icu.Org**

داتاکانی پێوەرەکانی وێب Web metrics data لە هەمان هەفتەدا کۆدەکرێنەوە بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسانی کاتی و زۆرترین بەراوردکردن، پابەندبوون بە فلتەرێک بۆ دیاریکردنی بەها دەرەکییەکان لە داتا خاوەکاندا، لێکۆڵینەوەی زیاتر وپێداچوونەوە بە داتاکانی ڕیزبەندی جیهانی هاوشێوەی وێب ئەنجام دەدرێت بۆ ئەو زانکۆیانەی کە دۆمەینێکی لاوەکی وەک لاپەڕەی سەرەکی دامەزراوەیی فەرمی خۆیان وەرئەگرن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

کاتێک کە بەها دەرەکییەکان دۆزرایەوە و داتای ژێر دۆمەینەکان subdomain پێداچوونەوەیان بۆ کرا و ڕێکدەخرێن، داتای پێوەرەکانی وێب ئاسایی دەکرێنەوە بۆ پێوەرێکی ٠ بۆ ١٠٠ بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی لۆگاریتمی کە دەسەڵاتی دۆمەینی مەز Moz Domain Authority، دیاریدەکات پاشان ڕیزبەندی گشتی بۆ پەیجی هاوشێوە دەدۆزرێتەوە، بەها ستانداردەکان لەسەر بنەمای ئەلگۆریتمێکی تێکڕای قورسایی کۆدەکرێنەوە کە نمرەی کۆتایی و ڕیزبەندی وێب دروست دەکات، جێگای ئاماژە بۆ کردنە لە مانگی ئایاری ٢٠٢٢ پۆلێنبەندی ئەلێکسا ترافیك Alexa Traffic Rank خزمەتگوزارییەکەی وەستاند Similar web بووەتە تاکە سەرچاوەی ڕیزبەندی هاتوچۆی خەملێنراو لە چاپی ڕیزبەندی تەمموزی ٢٠٢٢.

**ڕیزبەندی سۆشیال میدیای زانکۆکان**

لە ساڵی ٢٠١٨ەوە چوار ڕیزبەندی نوێی زانکۆکان بڵاودەکەینەوە کە ئامانجیان هەڵسەنگاندنی بوونی سۆشیال میدیا وجەماوەری دامەزراوەکانی خوێندنی باڵایە لە پێنج پلاتفۆرمی کۆمەڵایەتی سەرەکیدا بریتین لە فەیسبوك Facebook وتویتەر Twitter وئینستاگرام Instagram ویوتوب YouTube لینکدئین LinkedIn هەروەها ڕیزبەندی لیستەکانی تری خوێندنی باڵا و ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە خوێندنی باڵا و زانکۆکانی سەر بە ئایینەکان و بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەکانی زانکۆ.

**پۆلێنکردنی جوگرافی**

پۆلێنکردنی جوگرافی uniRankTM ٤icu.org ڕیزبەندی جوگرافی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند دەکات وەک لە وێبپەڕەی پێکهاتەی ناوچە جوگرافیا کیشوەرییەکاندا نیشاندراوە کە لەلایەن بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکراوەتەوە. Composition of macro geographical (continental) regions (unirank, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

ئەم پۆلێنبەندیە بە گشتی ڕیزبەندی بۆ ٢٠٠ زانکۆی جیهان دەکات دواتر بە پێی کیشوەرەکان ڕیزبەندی بۆ ٢٠٠ زانکۆی سەرەکی ئەو کیشوەرانە دەکات دواتر بە پێی وڵات و ناوچە و هەرێمەکان زانکۆکان ڕیزبەند دەکات لە نوێترین ڕیزبەندی کە ئەنجامی داوە بۆ ١٣,٨٠٠ زانکۆ دەرکەوتوو کە زانکۆکانی هەرێمی کورستان کە ژمارەیان ٢٨ زانکۆیە، زانکۆی دهۆك بە پلەی یەکەم دێت، دامەزراوەی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی لە کۆتا پلە دێت، هەروەها ڕیزبەندی بۆ زانکۆکانی عێراق دەکات کە ژمارەیان ١٠٩ زانکۆیە زانکۆی بەغدا پلەی یەکەمە، کۆلیجی ئەلتەف (الطف)ی زانکۆیی لە پلەی ١٠٩ دێت، لەو دوو بەستەرەی سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە.

**٦. پۆلێنبەندی سیماگۆ Scimago ئیسپانی بۆ دامەزراوەکان:**

Scimago institutions Ranking

ڕیزبەندی دامەزراوەکانی SCImago (SIR) پۆلێنکردنی دامەزراوە ئەکادیمی و پەیوەندیدارەکانی توێژینەوە دەکات، بەپێی نیشاندەرێکی پێکهاتەیی ڕیزبەندی کراوە کە سێ کۆمەڵەی جیاوازی پێوەرەکان کۆدەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەدای توێژینەوە، دەرئەنجامی داهێنان وکاریگەریی کۆمەڵایەتی کە بە بینینی وێبەکەیان دەپێورێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

پێوەرەکانی ڕیزبەندی سیماگۆ SCImago (SIR) بۆ دامەزراوەکان بەسەر سێ گروپدا دابەش دەکرێن کە مەبەست لێی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوەکانە کە پێی دەگوترێ SIR، ئەم ڕێکخراوە گرنگی بە هەڵسەنگاندنی ئەدای زانکۆکان لە ڕێگەی سێ نیشاندەرەوە دەدات: یەکەم نیشاندەری ئەدای توێژینەوە، نیشاندەری دووەم بریتییە لە بڕوانامەی داهێنان، پاتێنتەکان (براءة الاختراع)، نیشاندەری سێیەم قەبارەی بوونی زانکۆکە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

پێوەرەکان ستانداردکردن: SCImago_بۆ ئەوەی بەرزترین ئاستی وردبینی بۆ پێوەرە جیاوازەکان بەدەست بهێنرێت، پرۆسەیەکی دەستی بەرفراوان بۆ جیاکردنەوەی ناوی دامەزراوەکە ئەنجامدراوە، لە پێناو پەرەپێدانی ئامرازی هەڵسەنگاندن بۆ شیکاری بیبلۆگرافیا بە ئامانجی تایبەتمەندکردنی دامەزراوە توێژینەوەکان ئەرکێکی گەورەی پرۆسێسکردنی داتا لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی بە ناسینەوە و نارۆنیکردنی دامەزراوەکانەوە هەیە، لەڕێگەی پەیوەندی دامەزراوەیی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە سکۆپوسدا Scopus هاتووە. ئامانجی SCImago ، لەم ڕووەوە، دوو لایەنەیە:

- پێناسە و ناسینەوەی ناوازەی دامەزراوەکان: دارشتنی لیستی سەنتەری توێژینەوەکان کە هەموو دامەزراوەیەک دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی، پرسە ئاسای ونمونەییەکان بریتین لە یەکگرتن یان جیاکردنەوەی دامەزراوەکان و گۆڕینی میتۆدلۆجیایان.
- سەلماندن و بڵاوکراوە و سایتەیشن بۆ هەر دامەزراوەیەک: لێرەدا پەیوەندی دامەزراوەیی هەر نوسەرێک لە بواری پەیوەندیداربوون بە داتابەیسەوە لەبەرچاو دەگیرێت، سیستەمێکی تێکەڵ (دەستی و ئۆتۆماتیکی) بۆ تەرخانکردنی پەیوەندیی دامەزراوەکان، هەروەها ناسینەوەی چەندین بەڵگەنامەی پێناسەی دیجیتاڵی بە هەمان DOI یان ناونیشان، خشتەی (٣) پێوەرەکان وکێشی ڕێژەیی پۆلێنبەندی SCImago:

| Factor | Indicator | Weight |
|---|---|---|
| Research (50%) | Normalized Impact (NI) | 13% |
| | Excellence with Leadership (EwL) | 8% |
| | Output (O) | 8% |
| | Scientific Leadership (L) | 5% |
| | Not Own Journals (NotOJ) | 3% |
| | Own Journals (OJ) | 3% |
| | Excellence (Exc) | 2% |
| | High Quality Publications (Q1) | 2% |
| | International Collaboration (IC) | 2% |
| | Open Access (OA) | 2% |
| | Scientific Talent Pool (STP) | 2% |
| Innovation (30%) | Innovative Knowledge (IK) | 10% |
| | Patents (PT) | 10% |
| | Technological Impact (TI) | 10% |
| Societal (20%) | Altmetrics (AM) | 10% |
| | Inbound Links (BN) | 5% |
| | Web Size (WS) | 5% |

خشتەی (٣) پێوەرەکان وکێشی ڕێژەیی پۆلێنبەندی SCImago:

**یەکەم: فاکتەری توێژینەوەی بە کێشی ڕێژەی (٥٠٪) ئەم فاکتەرە دەبێتە چەند بەشێکەوە**

١.کاریگەریی ئاسایی کراوی سروشتی (NI) (Leadership Output) بە کێشی (١٣٪) کاریگەری سروشتی لەسەر بەرهەمی سەرکردایەتی دامەزراوەکە بە بەکارهێنانی ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کە لەلایەن دامەزراوەی کارۆلینسکا لە سوید ئەنجامدراوە ناوی لێنراوە (ناوەندی نمرەی ستانداردی بەرهەمی وەرگیراو سایتەیشن) بە پێی هاوکێشەیەکی تایبەت پەیوەندی نێوان تێکرای کاریگەریی زانستی دامەزراوەیەک و تێکرای کاریگەری زانستی جیهانی دەدۆزێتەوە کە بە نمرەی ستاندارد ١ بۆ دانراوە واتە ئەگەر نمرەی (NI=0.8) واتە دامەزراوەکە ٢٠٪ لە خوار تێکرای جیهانەوەیە وە ئەگەر (NI=1.3) بەو مانایەیە کە دامەزراوەکە ٣٠٪ لە سەروی تێکرای جیهانەوەیە، ئەم نیشاندەرە وابەستەیە بە قەبارەوە.

٢. نایابی سەرکردایەتی Excellence with Leadership (EwL) بە کێشی (٨٪) ئاماژە بە بڕی ئەو ڕاپۆرت و بەڵگەنامانە نایابانەی دامەزراوەکان دەکات کە بە ئاماژەدەرێکی سەرەکی هەژمار دەکرێ چونکە وابەستەیە بە بڕی بەرهەمی توێژەران.

٣. دەرئەنجامی بەرهەمەکان بە کێشی (٨٪) Output (O) : کۆی ژمارەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرت و بەڵگەنامانەی کە لە گۆڤارە زانستیەکاندا بڵاوکراونەتەوە کە لە سکۆپوسدا Scopus ئیندێکس کراون.

٤. بەرهەمی ئەو گۆڤارانە کە تایبەت نین بە کێشی (٥٪) Not Own (NotOJ) Journals Output: ژمارەی ئەو توێژینەوانە کە لە گۆڤاری تایبەتدا بڵاو نەکراونەتەوە (لەلایەن دامەزراوەکەوە بڵاوکراونەتەوە). ئەم نیشاندەرە وابەستەیە بە قەبارەی بڵاوکراوەکان.

٥. گۆڤاری تایبەت Own Journals (OJ) : بە کێشی (٣٪) ژمارەی ئەو گۆڤارانەی کە لەلایەن دامەزراوەکەوە بڵاودەکرێنەوە بە تایبەت (خزمەتگوزاری بڵاوکردنەوە)، ئەم نیشاندەرە وابەستەیە بە قەبارەی بڵاوکراوەکان.

٦. هاوکاری نێودەوڵەتی International Collaboration (IC) : بە کێشی (٣٪) بەرهەمی دامەزراوەیەک کە بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان بەرهەم دەهێنرێت، بەهاکان بە شیکردنەوەی دەرچەی بەرهەمی دامەزراوەیەک کە پەیوەندییەکانی زیاتر لە ناونیشانی وڵاتێک لەخۆدەگرێت، ئەم نیشاندەرە وابەستە بە قەبارەوە.

٧. بڵاوکراوەکانی کوالیتی بەرز High Quality Publications (Q1) : بە کێشی (٢٪) ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کە دامەزراوەیەک لە کاریگەرترین گۆڤارە زانستیەکانی جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە، لە چارەکی یەکەمدا (٢٥٪) لە پۆلەکانیاندا ڕیزبەندی کراون هاوشێوەی نیشاندەری SCImago Journal Rank (SJRII) ڕیزبەندی کراوە ئەم نیشاندەرە وابەستەیە بە قەبارە.

٨. نایابی Excellence (Exc) : بە کێشی (٢٪) ئاماژەیە بۆ بڕی بەرهەمی زانستی دامەزراوەیەک کە لە ١٠٪ی سەرەکی زۆرترین توێژینەوەی ئاماژەپێکراو (سایتەیشن) لە بوارە زانستییەکانی خۆیاندا جێگیرکراوە، پێوەرێکە بۆ بەرهەمی و توێژینەوەی کوالیتی بەرزی نایاب.

٩. سەرکردایەتی زانستی (L) Scientific Leadership: بە کێشی (٢٪) سەرکردایەتی ئاماژە بە بڕی بەرهەمی دامەزراوەیەک دەکات وەک بەشداربووی سەرەکی، واتە بڕی ئەو توێژینەوەیانەی کە نوسەری هاوبەش ئەنجامی دەدات نیشاندەرێکە وابەستەیە بە قەبارە.

١٠. دەستگەیشتنی کراوە Open Access (OA) بە کێشی (٢٪) ڕێژەی سەدی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە گۆڤارەکانی Open Access بڵاوکراونەتەوە یان لە داتابەیسی Unpaywall دا ئیندێکس کراون.

١١. کۆی بەهرەمەندی زانستی Scientific Talent Pool (STP): بە کێشی (٢٪) کۆی ژمارەی نوسەرە جیاوازەکان لە دامەزراوەیەک لە گەڵ کۆی بەرهەمی بڵاوکراوەی ئەو دامەزراوەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**دووەم: داهێنان بە ڕێژەی (٣٠٪) ئەمەش دەبێتە چەند بەشێك کە بریتیە لە:**

١. زانیاری داهێنەرانە Innovative Knowledge (IK): بە کێشی (١٠٪) بەرهەمی بڵاوکراوەی زانستی دامەزراوەیەکە کە خاوەنی پاتێنت (براءة الاختراع) بێت وابەستەی قەبارەیە.

٢. کاریگەری تەکنەلۆژی Technological Impact (TI): بە کێشی (١٠٪) بریتیە لە ڕێژەی سەدی بەرهەمی بڵاوکراوە زانستییەکان کە لە پاتێنتەکاندا (براءة الاختراع) ئاماژەیان پێکراوە، ئەم ڕێژەیە بە لەبەرچاوگرتنی کۆی بەرهەم لەو بوارانەی کە لە پاتێنتەکاندا (براءة الاختراع) ئاماژەیان پێکراوە، کە ئەمانەی خوارەوەن: زانستە کشتوکاڵییەکان و بایۆلۆجیەکان، بایۆکیمیا، جینات، بایۆلۆجیای گەردیلەیی، ئەندازیاری کیمیایی، کیمیا، زانستی کۆمپیوتەر، زانستی زەوی و هەسارەکان، وزە، ئەندازیاری، زانستی ژینگە، پیشە تەندروستییەکان، بەرگری و مایکرۆبایۆلۆجی، زانستی کەرەستە، بیرکاری، دەرمان، فرە پسپۆڕیی، زانستی دەمار، پەرستاری، دەرمانزانی، ژەهرزانیی و دەرمانسازی، فیزیا و فەلەکناسی، زانستە کۆمەڵایەتیەکان، ڤێتێرنەری.

٣. بڕوانامەی داهێنان (براءة الاختراع) Patents (PT): بە کێشی (١٠٪) ژمارەی داواکارییەکانی بڕوانامەی داهێنان (براءة الاختراع) بە پشتبەستن بە PATSTAT. وابەستەیە بە قەبارەوە.

**سێیەم: کاریگەری کۆمەڵگا ئەمەش دەبێتە چەند بەشێکەوە کە بریتین لە:**

١. پێوەرە جێگرەوەکان Al metrics (AM): بە کێشی (١٠٪) لەسەر بەڵگەنامەکانی ١٠٪ی دامەزراوەکان (باشترین بەڵگەنامەکان سەبارەت بە بەهای کاریگەریی ئاساییکراو)، ئەم نیشاندەرە دوو پێکهاتەی هەیە:

ــ پێوەرەکانی PlumX (کێش: ٧٠٪): ژمارەی ئەو بەڵگەنامانە کە زیاتر لە یەک ئاماژەیان هەیە لە پێوەرەکانی PlumX (https://plumanalytics.com) وەکو لە تویتەر، فەیسبوک، بلۆگ، هەواڵ وکۆمێنتەکان (Reddit، SlideShare، Vimeo یان یوتیوب) ئاماژەکان لەبەرچاو دەگرین

ــ مێندێلی Mendeley (کێش: ٣٠٪): ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی کە زیاتر لە خوێنەریکیان لە مێندێلی هەیە (https://www.mendeley.com).

١- ژمارەی پشتە بەستەر (باکلینکەکان) (BN) Number of Backlinks: بە کێشی (٥٪) ژمارەی تۆڕەکان (ژێر تۆڕەکان) کە بەستەری هاتوو بۆ ماڵپەڕی دامەزراوەکە لە ڕێگەی وەیبەوە. زانیارییەکان لە داتابەیسی ahrefs (https://ahrefs.com) وەرگیراون. وابەستەی قەبارەیە.

٢- قەبارەی وێب Web size (WS): بە کێشی (٥٪) ژمارەی لاپەڕەکانی پەیوەست بە URLی دامەزراوەکە بەپێی گوگڵ (https://www.google.com) (Aguillo et al., 2010). وابەستەی قەبارەیە (Scimago Institution Rankings, 2022)

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە نوێترین ڕیزبەندی کە سیماگۆ Scimago ئەنجامی داوە لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ هەر سێ پێوەرەی (توێژینەوە، داهێنان، کاریگەری کۆمەڵگا) بە گشتی دەرکەوتووە کە لە هەموو عێراق تەنها ناوی ٣٧ زانکۆ هاتووە لە نێویاندا ١٢ زانکۆ سەر بە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە ڕیزبەندی کراوە زانکۆی سلێمانی بە پلەی (لە ئاستی جیهان ٦٨١، لە ئاستی عێراق ٢)، زانکۆی ڕاپەڕین (٦٨٤، ٣)، زانکۆی دهۆك (٧٠١، ٥)، زانکۆی هەولێری پزیشکی (٧٠٢، ٦)، زانکۆی صلاح الدین (٧١٧، ١٠)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی (٧٢٤، ١٣)، زانکۆی زاخۆ (٧٣٥، ١٧)، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر (٧٣٩، ٢٠)، زانکۆی کۆیە (٧٤٥، ٢٥)، زانکۆی تیشك (٧٥٢، ٢٨)، زانکۆی سۆران (٧٦٢، ٣٠)، زانکۆی جیهان (٧٨٤، ٣٦).

## ٧. پۆلێنبەندی ئەلپەر دۆگەر ئێندێکسی زانستی AD Scientific Index (Alper-Doger Scientific Index)

هەڵسەنگاندنی زانستی Alper- Doger Science Index (پێوەری زانستی ئەلپەردۆگەرە) لەسەر بنەمای ئەدای زانستی و بەهای بەرهەمی زانستی زانایان دەکات، هەڵسەنگاندن بۆ دامەزراوەکان بە پشتبەستن بە تایبەتمەندی زانستی زانایان دەکات ، ئەم پۆلێنکردنە لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر مورات ئەلپەر .Prof Dr. Murat ALPERو پرۆفیسۆری هاوبەش دکتۆر سیهان دۆگەر Associate Prof. Dr. Cihan DÖĞER پەرەی پێدراوە بە بەکارهێنانی کۆی گشتی و بەهاکانی (٦) شەش ساڵی ڕابردو بۆ پێوەرەکانی i10 index ، پێوەرەکانی h-index ونمرەکانی سایتەیشن لە پلاتفۆرمی گوگڵ سکولار، جگە لەوەش ڕێژەی بەهای شەش ساڵی ڕابردو بە کۆی بەهای ئەو نیشاندەرانەی کە باس کراون بەکاردەهێنرێت، بە بەکارهێنانی کۆی گشتی (٩) پێوەر، ڕیزبەندی زانستی AD ڕیزبەندی تاکەکەسی جیهانی نیشان دەدات لە ١١٢ بابەتی زانستی (کشتوکاڵ و دارستان، هونەر، دیزاین و تەلارسازی، بازرگانی و بەڕێوەبردن، ئابورییپوان، پەروەردە، ئەندازیاری و تەکنەلۆژیا، مێژوو، فەلسەفە، لاهوت، یاسا، یاساو خوێندنی یاسایی، زانستە پزیشکی و تەندروستییەکان، زانستە سروشتییەکان، زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانی تر)، دابەشکراوە بەسەر ٢٥٦ لقی زانستیدا ، لە ٢٠٥٠٦ دامەزراوە، و ١,٣٤٣,١٣٢ زانا دەکات سەر بە ٢١٧ وڵات، لە ١٠ ناوچەی جیهاندا) ئەفریقا، ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکای باکور ، ئۆقیانوس، کۆمکاری عەرەبی، EECA و BRICS ، ئەمریکای لاتین، و کۆمیسا COMESA).

ئێندێکسی زانستی AD ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی ئەکادیمی و دەرفەت دەدات بە بەکارهێنەر بۆ ئەنجامدانی شیکاری ئەکادیمی کاریگەر بۆ لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی پراکتیزە نائەخلاقییەکان، وەکو دزیکردن، ساختەکاری، شێواندن، دووبارەکردنەوە، دروستکردن، نوسینی نادادپەروەرانە و چەندین کەموکوڕی دیکە لە کارە ئەکادیمییەکاندا.

بۆ ڕیزبەندی زانکۆ جیهانییەکان، ڕێکخراوەکانی هەڵسەنگاندنی ئەم پێوەرانەی خوارەوە بەکاردەهێنن لەوانە کوالیتی پەروەردە، ڕێژەی دامەزراندن لە دەرچووان،

کوالیتی فاکەڵتییەکان لەناو زانکۆکان، هاوکاری نێودەوڵەتی، ژمارەی خوێندکاران وکارمەندان کە خەڵاتی نۆبڵ و مەدالیای سێکتەری تایبەت هەیە، و ژمارەی ئەو توێژەرانە کە سایتەیشنی بەرزیان هەیە کە هەڵبژێرراون لە ڕێگەی Clarivate Analytics، کۆی ژمارەی توێژینەوەکان، ژمارەی بابەتی بڵاوکراوە لە لایەن گۆڤارەکانی Nature و Science ، ژمارەی بابەتی ئیندێکسکراو لە Science Citation Index- Expanded (SCIE) پێوەرەکانی سایتەیشنی زانستی-فراوانکراو، پێوەرەکانی سایتەیشنی زانستی کۆمەڵایەتی Social Science Citation Index (SSCI)، ژمارەی ئەو توێژینەوانە کە سایتەیشنی زۆریان بۆ هاتووە.

ئیندێکسی زانستی AD پۆلێنکردنەکان بە بەکارهێنانی یەک پارامێتەر ئەنجام دەدات، کە بریتییە لە ژمارەی (زانا بەرهەمدارەکان) کە لە زانکۆیەکی دیاریکراودا دامەزراون، ئەم پارامێتەرە دوای ساڵانێک لە چاودێریکردن دیاری دەکرێت، بە بەکارهێنانی کۆی بەهاکانی پێوەرەکانی H ئیندێکس و i10 ئیندێکس لەگەڵ ژمارەی سایتەیشنەکان، و کۆی بەهاکانی پێوەرەکانی H و i10 لە پێنج ساڵی ڕابردودا لەگەڵ ژمارەی سایتەیشنەکان حیسابی بۆ دەکرێت لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردودا، بەمشێوازە پۆلێنبەندی بۆ زیاتر لە ١٤٠٠٠ زانکۆ دەکرێ.

ڕیزبەندییەکە لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە یان بە پێچەوانەوە لە هەریەکێک لەم بوارانەدا ڕیز دەکرێت، چاودێری ئەو بوارانە دەکرێ کە زانکۆ دەهێننە پێشەوە لە بوارێکی تایبەتدا، جگە لەوەش ناوی ئەو ئەکادیمییە تۆمار دەکرێ کە خاوەنی بەرزترین h-index ی هەیە لەگەڵ ڕیزبەندی جیهانیدا پیشان دەدرێت، ڕیزبەندیکردنی زانکۆ سەرەکییەکان بەپێی پێوەرەکانی زانستی AD تەنها ئەو بوارانە ناگرێتەوە کە زانکۆکە باشترینە یان بوار بۆ باشتربوونی هەیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەنجامی سیاسەتە زانستییەکانی دامەزراوەکان دەبێت (AD Scientific Index a, 2022).

**پێوەرەکانی ڕیزبەندی:**

١. ڕیزبەندی زاناکان دەکات بەپێی (زانکۆ، وڵات، هەرێم وجیهان) لەسەر بنەمای کۆی گشتیh-index ئەنجامدەدرێت، کۆی گشتی h-index بە کاردەهێنرێت بۆ پۆلێنکردن بە پێی لق و لقە لاوەکییەکان.

٣. پێوەرەکانی ڕیزبەندیکردن لەسەر بنەمای (نمرەکان کۆی گشتی h-index) بەم ڕیزبەندییە بەکاردەهێنرێت: یەکەم، نمرەکانی "کۆی گشتی"h-index ؛ دووەم: کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان، سێیەم: نمرەکانی کۆی گشتی پێوەرەکانی i10 ١- کۆی گشتی نمرەکانیh-index ، ٢- کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان، ٣- کۆی گشتی نمرەکانی i10 ئیندێکس، ٤-نمرەکانی h-index بۆ ٦ ساڵی ڕابردو.

٣. ڕیزبەندیکردن لەسەر بنەمای (نمرەکانی h-index ی ٦ ساڵی ڕابردو) بە بەکارهێنانی پێوەرەکان بەم ڕیزبەندییە ئەنجام دەدات: ١- نمرەکانی h-index ی ٦ ساڵی ڕابردو، ٢- ژمارەی سایتەیشنەکان لە ٦ ساڵی ڕابردودا، ٣- نمرەکانی ئیندێکس i10 بۆ ٦ ساڵی ڕابردو، ٤- کۆی گشتی نمرەکانی.h-index

٤. پێوەرەکانی ڕیزبەندی بۆ (کۆی گشتی پێوەرەکانی i10) بەم ڕیزبەندییە بەکارهێنران: ١- کۆی گشتی نمرەکانی پێوەرەکانیi10 ، ٢- کۆی گشتی نمرەکانی h-index، ٣- کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان، ٤- نمرەی پێوەرەکانی i10 ی ٦ ساڵی ڕابردو.

٥. ڕیزبەندیکردن لەسەر بنەمای (نمرەکانی پێوەرەکانی i10 ی ٦ ساڵی ڕابردو) بە بەکارهێنانی پێوەرەکان بەم ڕیزبەندییە ئەنجامدرا: ١- نمرەکانی پێوەرەکانیi10 ی ٦ ساڵی ڕابردو، ٢- نمرەکانی پێوەرەکانیi10 ی ٦ ساڵی ڕابردو، ٣- ژمارەی ئاماژەکان لە دواپین ٦ ساڵ ٤- کۆی گشتی نمرەکانی پێوەرەکانیi10 .

٦. ڕیزبەندیکردن لەسەر بنەمای (کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان) بە بەکارهێنانی پێوەرەکان بەم ڕیزبەندییە ئەنجامدەدات: ١- کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان، ٢- کۆی گشتی نمرەکانیh-index ، ٣- کۆی گشتی نمرەکانی پێوەرەکانی i10 و٤- ژمارەی سایتەیشنەکان لە ٦ ساڵی ڕابردودا.

٧. ڕیزبەندیکردن بە پشتبەستن بە کۆی (ژمارەی سایتەیشنەکان لە ٦ ساڵی ڕابردودا) بە بەکارهێنانی پێوەرەکان بەم ڕیزبەندییە ئەنجامدرا: ١- ژمارەی سایتەیشنەکان لە ٥ ساڵی ڕابردودا، ٢- نمرەکانی h-index ٦ ساڵی ڕابردو، ٣- ٥ ساڵی ڕابردو ' i10 نمرەکانی ئیندێکس و ٤- کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان (AD Scientific Index b, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە نوێترین ڕیزبەندی کە AD Scientific Index ئەنجامی داوە لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ شیکاری توێژینەوەی ئەکادیمی بە بەکارهێنانی چەندین پێوەر بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان کە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمهێنان وکارایی لەلایەن تاک و دامەزراوەکانەوە بەکاردەهێنرێن، ئیندێکسی زانستی AD شیکاری توێژینەوە ئەکادیمییەکانی وڵاتی عێراق دەکات بۆ ١١٨ زانکۆ ودامەزراوە، و ٤٩٦٨ زانا و توێژەر بە بەکارهێنانی چەندین پێوەر بۆ پێشکەشکردنی ئەنجامەکان، جگە لە ڕیزکردن بەپێی "کۆی گشتی H-index" هەروەها چەندین ڕیزبەندی و شیکاری بەپێی "کۆی گشتی H-index"، "کۆی گشتی i10 index"، "کۆی گشتی ٦ ساڵی i10 index"، بپشکنێت، "کۆی ژمارەی سایتیشنەکان"، وسایتیشنەکان بۆ ٦ ساڵی ڕابردو" لیستی ناوی توێژەرانی عێراق وهەرێمی کوردستان لەم پۆلێنبەندیە ناویان تۆمار کردووە ناو تۆمارکردنی توێژەران و دامەزراوەکان لە ڕێگەی ئەم بەستەرەی خوارەوە دەبێت https://www.adscientificindex.com/add-profile-correction-form/ .

## ٨. پۆلێنبەندی سەنتەری ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان لە ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی The Center for World University Rankings CWUR

پۆلێنبەندی سەنتەری ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان The Center for World University Rankings (CWUR) ڕێکخراوێکی پێشەنگی ڕاوێژکارییە کە ئامۆژگاری سیاسەت و تێگەیشتنی ستراتیژی و خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

پێشکەش بە حکومەتەکان و زانکۆکان بۆ باشترکردنی دەرئەنجامەکانی پەروەردە وتوێژینەوە دەکات ، لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە کۆمپانیای CWUR تاکە ڕیزبەندی ئەکادیمی زانکۆ جیهانییەکان بڵاودەکاتەوە کە هەڵسەنگاندن بۆ کوالیتی پەروەردە، توانای دامەزراندن، کوالیتی فاکەڵتی و توێژینەوە دەکات بەبێ ئەوەی پشت بە ڕاپرسی و پێشکەشکردنی زانیارییەکانی زانکۆ ببەستێت، ڕیزبەندییەکە وەک پرۆژەیەک لە شاری جدە لە سعودیە دەستپێیکرد بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی بۆ باشترین ١٠٠ زانکۆی جیهانی، بە خێرایی لە سەرانسەری جیهان لەلایەن زانکۆکان و میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە داواکاری زۆریشی بۆ فراوانکردنی پێگەیشت، لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕیزبەندییەکە فراوانتر بوو لە کۆی نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار زانکۆی جیهاندا ڕیزبەندی (٢٠٠٠) دوو هەزار باشترین زانکۆکانی جیهان بوو، بەمەش بووە گەورەترین ڕیزبەندی ئەکادیمی زانکۆ جیهانییەکان، لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بارەگای سەرەکی سەنتەری ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییە.

سیستەمی هەڵسەنگاندنی CWUR زانکۆ و پەیمانگاکان لەسەر چوار پێوەر هەڵدەسەنگێنێت: پەروەردە، توانای دامەزراندن، مامۆستایان و توێژینەوە، سیستەمی هەڵسەنگاندن ئەو زانکۆ و کۆلێژانە هەڵدەسەنگێنێت کە پێشتر لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهاندا هاتووە وهەروەها ئەو دامەزراوانەی کە ڕیزبەندی نەکراون (CWUR a, 2022).

پۆلێنبەندی CWUR بۆ ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان حەوت نیشاندەری بابەتی و بەهێز بەکاردەهێنێت, کە لە چوار بواردا گروپ کراون:

١. پەروەردە: پێوانەکردنەکە لەسەر بنەمای سەرکەوتنی ئەکادیمی بۆ دەرچووانی زانکۆ داڕێژراوە، ژمارەی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆیەک دەپێوێت کە ئیمتیازاتی ئەکادیمی ناوبانگی نایابیان بەدەستهێناوە بە بەراورد بە قەبارەی زانکۆکە بە کێشی ڕێژەیی (٢٥٪).

٢. توانای دامەزراندن: پێوانەکردنەکە لەسەر بنەمای سەرکەوتنی پیشەیی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆیەک داڕێژراوە، ژمارەی خوێندکارانی دەرچووی زانکۆیەک دەپێوێت کە پۆست و پلەی سەرەکییان لە کۆمپانیا گەورەکاندا هەبووە بە بەراورد بە قەبارەی زانکۆکە بە کێشی ڕێژەیی (٢٥٪).

٣. فاکەڵتی: ژمارەی ئەندامانەی فاکەڵتی دەپێوێت کە پلەی ئەکادیمی بەناوبانگیان بەدەستهێناوە بە کێشی ڕێژەیی (١٠٪).

٤. توێژینەوە بریتیە لەم بەشانە:

ــ بەرهەمی توێژینەوە: کۆی ژمارەی توێژینەوەکان دەپێوێت کە بڵاوکراوەتەوە بە کێشی ڕێژەیی (١٠٪).

ــ بڵاوکراوەی کوالیتی بەرز: ژمارەی ئەو توێژینەوانە کە لە گۆڤارە ئاست بەرزەکاندا بڵاوکراوەتەوە بە کێشی ڕێژەیی (١٠٪).

ــ کاریگەری: ژمارەی ئەو توێژینەوانە دەپێوێت کە لەو گۆڤارانەدا بڵاوکراوەتەوە کە خاوەنی فاکتەری کاریگەری بەرزن بە کێشی ڕێژەیی (١٠٪).

ــ سایتەیشن: ژمارەی ئەو توێژینەوە کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە دەپێوێت خاوەنی زۆرترین سایتەیشنن بە کێشی ڕێژەیی (١٠٪) (CWUR a, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

پۆلێنبەندی سەنتەری ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان The Center for World University Rankings (CWUR) لە نوێترین ڕیزبەندی ئەنجامی داوە بۆ هەموو زانکۆکانی جیهان، لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕیزبەندییەکە فراوانتر بوو لە کۆی نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار زانکۆی جیهاندا ڕیزبەندی (٢٠٠٠) بۆ دوو هەزار باشترین زانکۆکانی جیهان بوو، بەمەش بووە گەورەترین ڕیزبەندی ئەکادیمی زانکۆ جیهانییەکان، دەرکەوتووە کە ناوی هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان نەهاتووە تەنانەت ناوی زانکۆکانی وڵاتی عێراقیش نەهاتووە.

**٩. پۆلێنبەندی لایدن سەنتەری توێژینەوەی زانست وتەکنەلۆجیا**

**The Centre for Science and Technology Studies (CWTS)**

ئەم پۆلێنکردنە لەلایەن زانکۆی لایدنی هۆڵەندی بۆ توێژینەوە لە هەموو جیهاندا جێگیرکراوە، ئەم پۆلێنکردنە زانیاری گرنگ لەبارەی توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکان دەدات لەسەر بنەمای ئەم نیشاندەرانەی، بڵاوکراوەکانی زانکۆیی کە ئیندێکسکراو، قەبارەی ڕێژەیی توێژینەوەکان کە سایتەیشنی پێ دراوە ئامادەکراوە بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکان، کاریگەری زانستی ئەو توێژینەوانەی کە زانکۆ بڵاوی کردووەتەوە، توێژینەوەی هاوبەشی زانکۆ لەگەڵ ئۆرگانەکانی تر (زانکۆکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە، ناوەندەکانی توێژینەوە) لە وڵاتانی دیکەوە، دەستڕاگەیشتن بە پلاتفۆرمی بڵاوکردنەوەی کراوە Publication Platform، هاوسەنگی ڕەگەز لە ڕوی بڵاوکراوەکانەوە.

سەنتەری توێژینەوەی زانست و تەکنەلۆژیای زانکۆی لایدن (CWTS) ڕیزبەندیەکی پەرەپێداوە کە تەنها لەسەر بنەمای پێوەرەی ببلیۆمەتری bibliometric دامەزراوە، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا، ڕێکخراوی CWTS ئەنجامی ڕیزبەندی خۆی بۆ ئەو ١٠٠ زانکۆیەی ئەوروپا خستەڕوو کە زۆرترین ژمارەی بڵاوکراوەی زانستییان هەیە. ئێستا CWTS پێشنیاری ئەوە دەکات، بۆ ٧٥٠ زانکۆ بخاتەڕو، چوار نیشاندەری جیاوازی هەیە بەمشێوەیە :

١- زۆرترین ژمارەی بڵاوکراوەکان (P) Largest number of publications

٢- ناوەندە ژمێری نمرەی سایتەیشن (MCS) Mean citation score

٣- ناوەندە ژمێری نمرەی سایتەیشنی ئاساییکراو (MNCS) Mean normalized citation score

٤- ڕێژەی بڵاوکراوەکانی سەرەوەی (١٠٪) Proportion of top 10% publications.

سەنتەری توێژینەوەی زانست وتەکنەلۆژیا (CWTS) لێکۆڵینەوە لە توێژینەوەی زانستی و پەیوەندییەکانی بە تەکنەلۆژیا و داهێنان وکۆمەڵگا دەکات، ئامرازەکانی

پێوانەی توێژینەوە ببلیۆمیتری پێوانەی و زانستی و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و بڕیاردانی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی زانست دابین دەکات.

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە نوێترین پۆلێنبەندی کە بۆ ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢٠ لەلایەن زانکۆی لایدنی هۆڵەندی Leiden Ranking بۆ توێژینەوە ئەنجام دراوە لە هەموو جیهاندا ناوی هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان نەهاتووە تەنانەت ناوی زانکۆکانی عێراقیش نەهاتووە و تۆمار نەکراوە.

## ١٠. پۆلێنبەندی ئەدای توێژینەوە زانستییەکان بۆ زانکۆکانی جیهان Performance Ranking of Scientific Papers for World Universities NTU

ڕیزبەندی ئەدای توێژینەوە زانستییەکان بۆ زانکۆ جیهانییەکان" لەلایەن زانکۆی نیشتمانی تایوانەوە ئەنجام دەدرێ، بە ڕیزبەندی National Taiwan NTU University ناسراوە، ڕیزبەندی NTU ڕیزبەندی زانکۆی جیهانی دەکات بەپێی ٦ بوار و ٢٧ بابەتی زانستی دیاریکراو لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی بۆ باشترین (١٠٠٠) زانکۆی جیهانی کرد، هەروەها ڕیزبەندی ئەدای کارکردن دەکات لە ٦ بوار و ٢٧ بابەتدا لە باشترین (١٠٠) بابەتی زانستی بۆ بەرزترین (٥٠٠) بابەتی زانستی، لەوانە (کشتوکاڵ، ئەندازیاری، زانستی ژیان بایلۆجی، پزیشکی، زانستە سروشتەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان) جگە لەوەش، ٣ پێوەری ڕیزبەندی تایبەت بە بابەتەکان زیاد دەکرێن بۆ لیستەکە وەکو (زانستی وزە و ئەندازیاری، زانستی ژینگەیی و ئەندازیاری، ئەندازیاری بایۆپزیشکی).

ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای توێژینەوە زانستییەکانی زانکۆکان دەکات، هەروەها پێوەرەکان بۆ بەراوردکردنی کوالیتی و بڕی توێژینەوە زانستییەکان لە هەر زانکۆیەکدا، لە ڕێگەی پشکنینی ئەدای درێژخایەن و هەوڵەکانی توێژینەوەی کورتخایەن، ئەم پۆلێنبەندیە چاوەڕێی پێشکەشکردنی ڕیزبەندییەکی بابەتیانەتر دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ ئەدای توێژینەوە جۆراوجۆرەکانی زانکۆکان لە سەرانسەری جیهاندا.

ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە دوو نیشاندەر بەکاردەهێنێت: ژمارەی بابەتەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا (٢٠١١-٢٠٢١)، و ژمارەی بابەتەکانی ساڵی (٢٠٢١). "ژمارەی بابەتەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا داتاکان لە ESI وەرئەگرێت، کە بابەتەکانی ئاماری ٢٠١١-٢٠٢١ لەخۆدەگرێت کە لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە کە لەلایەن SCI و SSCI ئیندێکس کراون، پێوەر و نیشاندەرەکان خشتەی (٤) ڕون کراوەتەوە (ntu ranking, 2022).

**پێوەرەکانی:**

خشتەی (٤)

پێوەر و نیشاندەرەکان، و قورساییەکانیان، کە بۆ ڕیزبەندی لەسەر بنەمای ئەدای زانکۆی جیهانی NTU بەکارهێنراون

| پێوەرەکان | نیشاندەری ئەدای زانکۆی جیهانی (زانکۆی نیشتمانی تایوان) NTU | کێش | کێشی گشتی |
|---|---|---|---|
| بەرهەمی توێژینەوە | ژمارەی بابەتەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا (٢٠١١-٢٠٢١) | ٪١٠ | ٪٢٥ |
| | ژمارەی بابەتەکان لەم ساڵەدا (٢٠٢١) | ٪١٥ | |
| کاریگەری توێژینەوە | ژمارەی سایتەپێشنەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا (٢٠١١-٢٠٢١) | ٪١٥ | ٪٣٥ |
| | ژمارەی سایتەپێشنەکان لە دوایین ٢ ساڵی ڕابردودا | ٪١٠ | |
| | تێکڕای ژمارەی سایتەپێشنەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا (٢٠١١-٢٠٢١) | ٪١٠ | |
| توێژینەوەی نایاب | ژمارەی h-index لە ٢ ساڵی ڕابردودا (٢٠٢٠-٢٠٢١) | ٪١٠ | ٪٤٠ |
| | ژمارەی ئەو پەیپەرانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە (٢٠١١-٢٠٢١) | ٪١٥ | |
| | ژمارەی توێژینەوەکان لە گۆڤارە کاریگەری بەرز لە ئەم ساڵەدا (٢٠٢٠-٢٠٢١) | ٪١٥ | |
| | | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

**پێناسەی نیشاندەرکان:**

١- بەرهەمی توێژینەوە:- زۆر جار ژمارەی ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤارە ئەکادیمییە ڕەسەنەکاندا بڵاودەکرێنەوە، ئاماژەن بە بەرهەمی زانستی توێژینەوەکانی دامەزراوەیەک، بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتیانە نوێنەرایەتی بەرهەمهێنانی توێژینەوەکانی ئێستا و داهاتوی زانکۆیەک بکات، ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە دوو نیشاندەر بەکاردەهێنێت: ژمارەی بابەتەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا بۆ نمونە (٢٠١١-٢٠٢١)، ژمارەی بابەتەکان لە ساڵی ئێستادا بە نمونە (٢٠٢١). "ژمارەی بابەتەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا" داتاکان لە ESI وەرئەگرێت، کە بابەتەکانی ئاماری ٢٠١١-٢٠٢١ لەخۆدەگرێت کە لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە کە لەلایەن SCI و SSCI ئیندێکس کراون.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

ژمارەی بابەتەکان ئەم ساڵ لە داتاکانی ساڵی ٢٠٢٠ وەرگیراوە کە لە SCI و SSCI وەرگیراون، کە لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢ بڵاوکراونەتەوە، پراکتیکی پێشو ئەوە بووە کە هەموو مانگی یەک داتا دەربهێنرێت، بەڵام دوای هەندێک چاودێری ساڵانە دەردەکەوێت, کە توێژینەوەکان بڵاوکراونەتەوە لە ساڵی ٢٠٢١دا بەردەوام دەبێت لە ئیندێکسکردن لە ناو داتابەیس دا تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢. لە ئەنجامدا بڕیار دراوە کە کاتی دەرهێنانی زانیارییەکان دوابخرێت بۆ مانگی نیسان بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی تەواوتر لە داتا کۆبکرێتەوە.

٢-کاریگەری توێژینەوە:- ژمارەی سایتەیشنی بابەتێکی ئەکادیمی تایبەت لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا نیشاندەرێکی باو و پەسەندکراوە بۆ کاریگەرییەکانی ئەو بابەتە، ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە هەردوو کاریگەری درێژخایەن وکورتخایەنی توێژینەوە تایبەتەکان لەبەرچاو دەگرێت هەوڵدەدات نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانەتر لە کاریگەرییەکانی توێژینەوەی زانکۆیەک پێشکەش بکات بەبێ گوێدانە قەبارە یان ژمارەی مامۆستایان، بەمشێوەیە ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە کاریگەری توێژینەوەکان لە ڕێگەی ژمارەی سایتەیشنەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا، و ژمارەی سایتیشنەکان لە ٢ ساڵی ڕابردودا ناوەندەژمێری ژمارەی سایتەیشنەکان لە ١١ ساڵی ڕابردودا دەپێوێت.

٣- توێژینەوەی نایاب:- ئەم سیستەمە ڕیزبەندییە باشترینی توێژینەوەی هەر زانکۆیەک بەم پێوەرانەی خوارەوە هەڵدەسەنگێنێت: h-index ی ٢ ساڵی ڕابردو، ژمارەی ئەو پەیپەرانە کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە لە ESI، و ژمارەی ئارتیکڵ لە گۆڤارەکانی کاریگەری بەرز بۆ ساڵێك. "h-index of the last 2 years" هەم بڕ و هەم کوالیتی توێژینەوەکانی زانکۆیەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی داتاکانی SCI و SSCI 2020-2021 دەپێوێت. بە بەکارهێنانی چەمکی Hirsch's (٢٠٠٥).




شێوەی (٣) دیاریکردنی پێوەر و نیشاندەرەکان، وکێشەکانیان

## پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

لە نوێترین ڕیزبەندی کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن زانکۆی نیشتمانی تایوانەوە ناسراوە بە ڕیزبەندی ئەدای توێژینەوە زانستییەکان بۆ زانکۆ جیهانییەکان، NTU National Taiwan University بۆ هەموو جیهان ئەنجامی داوە، ناوی هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان نەهاتووە تەنانەت ناوی زانکۆکانی عێراقیش نەهاتووە و تۆمار نەکراوە.

**١١. پۆلێنبەندی زانکۆی دەوری ڕیزبەندی زانکۆ پێشەنگەکانی جیهانە RUR Round University Ranking is a ranking of leading world universities**

ڕیزبەندی زانکۆی جیهانی RUR ڕوسی سیستەمێکی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانە کە ئەدای ١١٠٠ زانکۆی پێشەنگی جیهانی لە ٨٥ وڵات بە ٢٠ نیشاندەری ئاوازە و ٤ بواری سەرەکییەکانی چالاکییەکانی زانکۆ دەپێوێت: (کوالیتی وانەوتنەوە، کوالیتی توێژینەوە، ئاستی نێودەوڵەتیکردن وئاستی بەردەوامیی دارایی). هەموو زانیارییە خاوەکان بۆ ڕیزبەندی RUR لەلایەن کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی تۆمسۆن ڕۆیتەرزەوە [٣] Thomson Reuters دابینکراوە، لە ساڵی ٢٠١٠ تا ئێستا لە کارەکانی بەردەوامە.

ڕیزبەندی RUR وەک سیستەمێکی هەڵسەنگاندن داڕێژراوە کە ئامانجی دابینکردنی زانیاری تەواوە سەبارەت بە ئەدای زانکۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەرکە کەسییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان: (خوێندکاران، کۆمەڵگەی ئەکادیمی، بەڕێوەبەرانی زانکۆ، داڕێژەرانی سیاسەت، هەموو داتا خاوەکان (وەک ژمارەی خوێندکاران، ستافی ئەکادیمی و...هتد) لەلایەن تۆمسۆن ڕۆیتەرزەوە لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی تایبەتی داتا بە ناوی پڕۆژەی پڕۆفایلی دامەزراوەیی جیهانی Global

[٣] دەزگای تۆمسۆن ڕۆیتەرز داتابەیسێکە کە فاکتەری کاریگەریی بۆ هەموو گۆڤارەکانی ئیندێکس وباوەڕپێکراوەکان حیساب دەکات، هەروەها زۆرێک لە بڵاوکراوەکان لەو گۆڤارانەی کە ئاستی ئاماژەدانیان تێپەڕاندووە ئیندێکس دەکات فاکتەری کاریگەریی نیشاندەدات بەپێی کوالیتیان.

Institutional Profiles Project (GIPP) دابین دەکرێن، ئەم ڕاپرسییە ساڵانە لە بەهاردا ئەنجام دەدرێت و ٧٠٠-٨٠٠ دامەزراوەی خوێندنی باڵا لە سەرانسەری جیهان دەگرێتەوە لەگەڵ فراوانبوونی ئایندەیی بۆ سەروی ١٠٠٠+.

**پێوەرەکان بریتیە لە:**

**أ. وانەوتنەوە بە ڕێژەی (٤٠٪):**

وانەوتنەوە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی دامەزراوەی خوێندنی باڵا و لە هەمان کاتدا قورسترین چالاکییە بۆ پێوانەکردن، بۆ نموونە شێوازی دروست بۆ هەڵسەنگاندنی بەهرەی پرۆفیسۆرێك وەک وانەبێژ چییە؟ بۆیە تاکە ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی کوالیتی وانەوتنەوە لە ڕیزبەندی جیهانیدا بەکارهێنانی نیشانەری فەرمی وەک ژمارەی ستافی ئەکادیمی دابەشکراوە بەسەر ژمارەی خوێندکاران و ...هتد دوای هەڵبژاردنی ورد ئەم پێنج نیشانەرەی خوارەوەمان هەڵبژاردووە کە تێیدا جێگیر بکرێن ئەوانیش:

٢. ستافی ئەکادیمی بۆ هەر خوێندکارێک بە ڕێژەی (٤٠٪): ئەمە نیشانەرێکی ستانداردە کە لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت بەهۆی هۆکاری بابەتییەوە، پێوانەکردنی کوالیتی پەروەردە یەکێکە لە ئەرکە قورسەکان لە ڕیزبەندیکردنی زانکۆکاندا، بە بەکارهێنانی ئەم نیشانەرە، ئەمە لەو گریمانەیەوە نزیك دەبینەوە کە تا وانەبێژ زیاتر بن، ژمارەی گرووپی خوێندکارەکان بچوکتر دەبێتەوە، ئەمەش بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە کوالیتی وانەوتنەوە لە گرووپێکدا باشترە کە بۆ هەر وانەبێژێک ٥ خوێندکار هەبێت بە بەراورد بە گرووپێکی تر کە بۆ هەر وانەبێژێک ٢٥ خوێندکار هەبێت.

٣. ستافی ئەکادیمی بۆ هەر بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆسی پێدەدرێت (٨٪): ئەم نیشانەرە ژمارەی ستافی ئەکادیمی بۆ هەر بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس دیاریدەکات کە لە ساڵێکی دیاریکراودا دەبەخشرێت. لە ڕاستیدا ئەم نیشانەرە حاڵەتێکی تایبەتی هەیە ڕێژەی ستافی ئەکادیمی بۆ هەر خوێندکارێک لە ئاستی بەکالۆریۆس دەپێوێت، هۆکاری تەرخانکردنی ئەم پێوەرە لە پێوەرێکی جیاوازدا ئەوەیە کە ئاستی بەکالۆریۆس بنەما و بناغەی پرۆسەی خوێندنی باڵایە لە جیهاندا.

٤. بڕوانامەی دکتۆرا بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی کە دەبەخشرێت(8%) : ئەم نیشانەر ژمارەی بڕوانامەکانی دکتۆرا کە دەبەخشرێت بەرامبەر هەر ستافێکی ئەکادیمی نیشان دەدات، بە واتایەکی تر، تا ژمارەی تێزی دکتۆرا زیاتر بێت بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی لە زانکۆیەکی دیاریکراودا، ئاستی وانە وتنەوەی ستافی ئەکادیمی بەرز وباڵاتر دەبێت.

٥. ڕوانامەی دکتۆرا دەبەخشرێت بۆ هەر بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس کە پێیدەدرێت (٨٪): ئەم پێوەرە ڕێژەی بڕوانامەکانی دکتۆرا نیشان دەدات کە دەدرێن بە بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس، ئەم ڕێژەیە ڕەنگدانەوەی ڕێژەی پرۆگرامەکانی دکتۆرایە بە بەراورد بە پرۆگرامەکانی ئاستی یەکەم بکالۆریۆس، ڕێژەیەکی بەرزی خوێندکارانی دکتۆرا لە کۆی ژمارەی خوێندکاراندا دەریدەخات کە زانکۆکە ژمارەیەکی پێویست لە ستاف وتوێژەری ئەکادیمی هەیە کە توانای ئامادەکردنی دکتۆرای هەیە، هەروەها بڕێکی پێویستی ئامێر وسەرچاوەی هەیە.

٦. ناوبانگی وانەوتنەوە لە جیهاندا (٨٪): ناوبانگی نێودەوڵەتی زانکۆکە لە بواری وانەوتنەوەدا پلەی ناوبانگی زانکۆ لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی نێودەوڵەتیدا نیشان دەدات، ساڵانە ڕاپرسییەکی تایبەت ڕاپرسی ناوبانگی ئەکادیمی لە نێوان نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئەکادیمی ئەنجام دەدرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، لە چوارچێوەی ڕاپرسییەکەدا داوا لە هەڵسەنگێنەر دەکرێت تا ١٥ زانکۆ هەڵبژێرێت، کە بە بەهێزترین زانکۆیان دەزانێت لە بواری وانەوتنەوەدا، ساڵانە نزیکەی ١٠ هەزار نوێنەری کۆمەڵگەی ئەکادیمی نێودەوڵەتی بەشداری ئەم ڕاپرسییە دەکەن لە سەرانسەری جیهاندا.

**ب. توێژینەوە بە ڕێژەی (٤٠٪)**

کوالیتی ئەو توێژینەوانەی لە زانکۆکە ئەنجامدراون دووەم گرووپی گرنگە کە لە ڕیزبەندی RURدا بۆیە توێژینەوە هێندەی فێرکردن قورسایی لە ڕیزبەندی گشتی RURدا هەیە، زۆربەی پێوەرەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی سیستەمی ببلیومێتری bibliometric سەر بە کۆمەڵەی Web of Science Core Collection's ئەنجام دراون بەمشێوەی لای خوارەوە:

١. سایتەیشن بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی و توێژەر (٨٪)

ئەم پێوەرە یارمەتیدەرە بۆ هەڵسەنگاندنی چڕی ئەو توێژینەوەیانەی لە زانکۆکە ئەنجام دەدرێن، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەی سایتەیشنەکان سەرجەم توێژەران بۆ ماوەی پێنج ساڵ دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی ستافی ئەکادیمی و توێژەران کە لە زانکۆکە لە ساڵێکی دیاریکراو دا. لە کاتی ژماردنی ژمارەی بڵاوکراوەکاندا، تەنیا بابەت و تێبینییەکان لەبەرچاو دەگیرێن کە لەلایەن سیستەمی ببلیۆمێتری Web of Science Core Collection's کە ئیندێکس کراون، ئەم پێوەرە تەنها ئەو کارمەندانەی زانکۆ دەگرێتەوە کە تەنها سەرقاڵی توێژینەوە وپەرەپێدانن بەبێ ئەوەی بەشداربن لە وانەوتنەوە بکەن.

٢. بڕوانامەی دکتۆرا بۆ هەر دکتۆرایەکی وەرگیراو (٨٪): ئەم پێوەرە کوالیتی ئامادەکاری خوێندکار بۆ ئاستی دکتۆرا هەڵدەسەنگێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەی تێزەکانی دکتۆرا کە لە زانکۆیەکی دیاریکراودا بەرگریان لێدەکرێت لە ماوەی ساڵی پێداچوونەوەدا دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی پرۆگرامەکانی دکتۆرا وهاوشێوەکانیان کە بۆ ساڵی یەکەم وەرگیراون.

٣. کاریگەریی سایتەیشنی ئاساییکراو(8%) : کاریگەری سایتەیشنی ئاسایی Normalized citation impact (NCI) ڕێژەی تێکڕای سایتەیشنی توێژینەوەکانی زانکۆ بۆ تێکڕای سایتەیشنەکانی جیهان، بۆ نموونە «بەهای NCI = 1» بەو مانایەیە دێت، کە بڵاوکراوە زانستییەکانی زانکۆکە بە هەمان شێوەی تێکڕای بڵاوکراوەکانی جیهانی (١٠٠٪) ئاماژەیان پێکراوە، دواتر ئەگەر بەهای ٢,١٥ نیشان دا واتا نوسەرانی زانکۆکە بە ٢١٥٪ی تێکڕای جیهان هاتووە.

٤. پەیپەرەکان بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی و توێژەر (٨٪): ئەم پێوەرە ئاستی بەرهەمهێنانی زانستی زانکۆکە نیشان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی بڵاوکراوە زانستییەکان دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی ستافی ئەکادیمی و توێژەران کە لە زانکۆکەدا کاردەکەن لە ماوەی ساڵی ڕابردودا کە بڵاوکراوەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، لێرەدا تەنہا بڵاوکراوەکانی، تێبینی و پێداچوونەوە لەبەرچاو دەگیرێن.

١.ناوبانگی زانکۆکە لە بواری توێژینەوەدا (٨٪)

ڕادەی کاریگەریی توێژینەوەکانی ستافی ئەکادیمی نیشان دەدات کە ئەنجام دەدرێن لەسەر کۆمەڵگەی ئەکادیمی نێودەوڵەتی، ڕاپرسی ناوبانگی ئەکادیمی لەلایەن Clarivate Analytics ئەنجام دەدرێت. بە تێکڕا ساڵانە ١٠ هەزار بەشداربوو بەشداری لەم ڕاپرسییەدا دەکەن، بەمەش ٦٠ هەزار دەنگ بۆ ئەو زانکۆیانە بەجێدەهێڵێت کە بەشدارن لە ڕیزبەندی RUR.

٢- نێودەوڵەتی بوونی زانکۆکان (١٠٪)

بەنێودەوڵەتی کردنی زانکۆیەک، ڕادەی بەشداریکردنی لە پرۆسەی پەروەردەیی و زانستیی جیہانیدا نیشان دەدات، پشکی نێودەوڵەتیکردن لە هەڵسەنگاندنی گشتی زانکۆدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە وەک یاسایەک، توانای زانکۆکان کاریگەرییان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیکردن سنوورداره لەبەرئەوەی ئەم فاکتەرە زیاتر پشت بە شوێنی جوگرافی زانکۆکە دەبەستێت، لەسەر ئاستی ژیانی گشتی وڵات، کە زانکۆکە تێیدا هەڵکەوتووە، لەسەر ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەت لە بە نێودەوڵەتیکردنی خوێندنی باڵادا پەیڕەوی دەکات.

١. پشکی ستافی ئەکادیمی نێودەوڵەتی (٢٪)

ئەم پێوەرە ئاستی نێودەوڵەتیکردنی ستافی ئەکادیمی لە زانکۆکەدا نیشان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەی پرۆفیسۆر و مامۆستایانی بیانی (فاکەڵتی) دابەش دەکرێت بەسەر کۆی ژمارەی ستافی ئەکادیمی کە لە زانکۆکە کاردەکەن.

٢. پشکی خوێندکارانی نێودەوڵەتی (٢٪)

ئەم پێوەرە پشکی خوێندکارانی بیانی، بەرامبەر خوێندکارانی زانکۆ بۆ سێ ئاست (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) نیشان دەدات پێوانەی توانای کێبڕکێی زانکۆ دەکات بەرامبەر وەرگرتنی خوێندکارانی لە هەموو جیہان دا.

٣. پشکی توێژینەوە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان (٢٪)

نیشاندەرەکە ڕێژەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لانیکەم یەک هاونوسەری بیانیان هەیە لە کۆی ژمارەی بڵاوکراوەکانی زانکۆکەدا نیشان دەدات، ئەم پێوەرە قەبارەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی زانکۆکە نیشان دەدات، ڕادەی بەشداریکردنی لە کۆمەڵگەی ئەکادیمی نێودەوڵەتیدا، لە هەمان کاتدا ئەم نیشاندەرە تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە هەرێم و وڵاتی شوێنی دامەزراوەکە.

٤. ناوبانگ لە دەرەوەی هەرێم (2%)

ئەم نیشاندەرە ناوبانگی دامەزراوەکە لە دەرەوەی ناوچەی جوگرافی شوێنی زانکۆکە نیشان دەدات، لیستی ناوچەکان بەمشێوەیەیە: ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکای باکور، ئۆقیانوسەکان، ئەمریکای باشور.

٥. ئاستی نێودەوڵەتی (٢٪)

ئەم پێوەرە ئاستی گشتی بە نێودەوڵەتیکردنی دامەزراوەکان و تێکڕا بۆ پێوەرەکانی ١١-١٤ نیشان دەدات.

٦. بەکالۆریۆسی نێودەوڵەتی (٢٪)

ئەم پێوەرە ڕێژەی ئەو خوێندکاراه بیانیانە دیاری دەکرێت کە لە ساڵی یەکەمی پرۆگرامەکانی ئاستی بەکالۆریۆسدا ناویان تۆمار کردووە.

٣- بەردەوامیی دارایی (10%)

توانا داراییە بەرزەکانی زانکۆ یەکێکە لە مەرجە پێویستەکان بۆ خوێندن کوالیتیی توێژینەوە، لە هەمان کاتدا پێوەرە داراییەکانی زانکۆکە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئاستی ئابوری گشتی ئەو وڵاتە دەبەستێت کە زانکۆکە تێیدا هەڵکەوتووە، هەر بۆیە سەرەڕای گرنگی بابەتی پێوەرە داراییەکان بۆ گەشەپێدانی زانکۆکە، ئەم پێوەرە ١٠٪ی هەڵسەنگاندنی کۆتایی زانکۆکەی هەیە.

١. داهاتی دامەزراوەیی بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی (2%)

ئەم نیشاندەر ڕێژەی داهاتی دامەزراوەیی بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی (فاکەڵتی) نیشان دەدات. لە کاتی حیسابکردنی کۆی بودجەدا، هەموو ئەو داهاتانە لەبەرچاو دەگیرێن کە زانکۆکە لە هەموو جۆرە سەرچاوەیەکەوە وەریگرتووە.

٢. داهاتی دامەزراوەیی بۆ هەر خوێندکارێ (2%)

ئەم نیشاندەرە ئاستی بودجەی زانکۆ بۆ هەر خوێندکارێک حیسابی بۆ دەکات.

٣. داهاتی توێژینەوە(2%)

ئەم پێوەرە ژمارەی بڵاوکراوەکان نیشان دەدات، کە تایبەتن بە بودجەی زانکۆ کە بۆ توێژینەوە تەرخان کراوە بە واتایەکی تر، تێکڕای تێچوی بڵاوکراوەیەک دەپێورێت، کە لە بەرامبەردا ئاستی دارایی چالاکیی زانستی زانکۆکە بۆ هەر یەکەیەک لە بەرهەمی کۆتایی نیشان دەدات.

٤. داهاتی توێژینەوە بۆ هەر ستافێکی ئەکادیمی و توێژینەوە (٢٪)

ئەم پێوەرە هەڵسەنگاندن بۆ دابینکردنی بودجەی ڕێژەیی چالاکیی زانستی زانکۆکە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش کۆی گشتی بودجەی توێژینەوە دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی ستافی ئەکادیمی و توێژەرانی زانکۆ (ستافی ئەکادیمی).

٥. داهاتی توێژینەوە بۆ هەر داهاتێکی دامەزراوەیی (٢٪)

پشکی بودجەی توێژینەوە لە بودجەی گشتی زانکۆدا پلەی ئاراستەکردنی زانکۆ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی پێشکەوتو نیشان دەدات، ئەوەش لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر ئاستی وانەوتنەوە لە زانکۆشدا هەیە، تا پشکی وەبەرهێنان لە توێژینەوەدا زیاتر بێت، چاوەڕوان دەکرێت ئاستی پرۆسەی خوێندن لە زانکۆ بەرزتر بێت بەهۆی بەشداریکردنی خوێندکاران وکۆمەڵگەی ئەکادیمی لە توێژینەوەدا.

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

ڕیزبەندی زانکۆی جیهانی RUR Round University Ranking ڕوسی سیستەمێکی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانە کە ئەدای ١١٠٠ زانکۆی پێشەنگی جیهانی لە ٨٥ وڵات بە ٢٠ نیشاندەری ناوازە و ٤ بوارە سەرەکییەکانی چالاکییەکانی زانکۆ دەپێوێت بریتییە لە کوالیتی وانەوتنەوە، کوالیتی توێژینەوە، ئاستی نێودەوڵەتیکردن وئاستی بەردەوامیی دارایی، لە نوێترین ڕیزبەندی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆی ٦٧ زانکۆی عێراق تەنها دوو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ناویان هاتووە بەم شێوەیە دەرکەوتووە زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ڕیزبەندی (سێیەم لە ئاستی عێراق، ٧٢٧ لە ئاستی جیهان) زانکۆی صلاح الدین لە پلەی (نۆهەم لە ئاستی عێراق ، ٨٤٢ لە ئاستی جیهان) هەروەها ئاستی زانکۆکانی عێراق، زانکۆی بەغدا لە پلەی یەکەمدایە لە ئاستی عێراق، لە پلەی ٦٨٤ لە ئاستی جیهان، کۆلێجی ئیمام کازم کۆتا پلەیە لە پلەی ٦٧ لە ئاستی عێراق وپلەی ١٠٣٢ لە ئاستی جیهان.

## ١٢. پۆلێنبەندی گرین میترێك UI GreenMetric

ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی UI GreenMetric ڕیزبەندییەکە لەسەر کەمپی سەوز و بەردەوامیی ژینگەیی کە لەلایەن زانکۆی ئەندەنوسیا لە ساڵی ٢٠١٠ دەستپێیکردووە بە کارەکانی، لە ڕێگەی ٣٩ ئاماژەدەر و ٦ پێوەردا، ئەم پۆلێنبەندیە ڕیزبەندی زانکۆکان دیاریکردووە بەپێی پابەندبوون و دەستپێشخەرییە ژینگەییەکان، ڕیزبەندییەکە لە ساڵی ٢٠١٠دا ٩٥ زانکۆ لە ٣٥ وڵاتەوە بەشداربوون، لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادیکردووە بۆ ١٠٥٠ زانکۆ لە ٨٥ وڵاتی جیهان 2346175 ئەندامی فاکەڵتی بەشداربوون، (GreenMetric, 2022).

### ئامانج و دیدگا و ئەرکی پۆلێنبەندی UI GreenMetric

ئاشکرایە زانکۆکان ڕۆڵێکی دانەبڕاو لە هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان وکۆمەڵگاکان لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوادا دەگێڕن ، بە پێشخستنی وپەرەپێدانی بیرۆکە وداهێنانی نوێ، ئامانجی پۆلێنبەندیەکە ئەوەیە کە زانکۆکان بتوانن پەرە بە پاراستنی وزە و ئاو، ڕیسایکلکردنی پاشماوە گواستنەوەی سەوز بدەن، بەڵام ئەمجۆرە چالاکییانە پێویستیان بە گۆڕینی ڕەفتار وکێشە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە بەردەوامیی دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە داوادەکەن زانکۆکان ببنە نمونەیەک بۆ کۆمەڵگا و هاوبەشێکی گرنگ بۆ حکومەتەکان.

لە سەرەتادا داتای ژمارەیی وزانیاریەکان لە زانکۆکان کۆدەکرێنەوە دوای پێشکەشکردنی پرۆسێس دەکرێت بۆ یەک نمرە کە ڕەنگدانەوەی ئەو هەوڵانە بێت کە لەلایەن دامەزراوەکەوە دەدرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ژینگەدۆستیە بەردەوامەکان، زانکۆکان بەپێی ئەم نمرەیە ڕیزبەندی دەکرێن، ئەم پۆلێنبەندیە هیوادارە ڕیزبەندییەکەی بەسود بن بۆ سەرۆکی زانکۆکان لەپێناو هەوڵەکانیان بۆ دانانی سیاسەتی دۆستی ژینگە و بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری ڕەفتار لەنێو کۆمەڵگەی ئەکادیمی لە دامەزراوەکان دا.

دیدگای ڕیزبەندی کریناتریك ئەوەیە کە ڕیزبەندییەکی کراوە بێت کاریگەرە بەردەوامەکانی لە سەر زانکۆکان لە سەرانسەری جیهان دا دروست بکات.

**ئەرکەکانی بریتین لە:**

١- ڕێکخستنی ساڵانەی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی لە پێناو بەردەوامیی.

٢- هاندانی پراکتیزەکردنی بەردەوامی لە نێو زانکۆکانی جیهاندا.

٣- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەست بە بەردەوامی بۆ زانکۆکان لە سەرانسەری جیهان.

٤- ئاسانکاری وهاوبەشی نێودەوڵەتی لەسەر بەردەوامیی.

### مێژووی ڕیزبەندی

وەک بەشێک لە ستراتیژییەکەی بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی نێودەوڵەتی خۆی، زانکۆی ئەندەنوسیا لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٩ میوانداری کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهانی کرد، ژمارەیەک پسپۆڕی لە ڕیزبەندی زانکۆ جیهانییەکان بانگهێشت کرد وەک ئیسیدرۆ ئەگویلۆ (وێبۆمێتریکس) Isidro Aguillo (Webometrics) ئەنجێلا یونگ-چی هۆ Angela Yung-Chi Hou (HEEACT) وئەلێکس ئوشەر Alex Usher (سیاسەتی پەروەردەیی کەنەدا). لە گفتوگۆکان زۆر بە ڕونی دەرکەوت, کە ئەو پێوەرانەی کە ئێستا بۆ هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان بەکاردەهێنرێن، گرنگیان بەو زانکۆیانە نەداوە کە هەوڵیان دەدا شوێنپێی کاربۆنی کەم بکەنەوە، دامەزرێنەرانی UI GreenMetric ئاگاداری ئەوە بوون کە دامەزراوە بەناوبانگەکانی دیکەی وەک هارڤارد Harvard، شیکاگۆ Chicago وکۆپنهاگن Copenhagen، سەرقاڵی بەڕێوەبردن و بەرزکردنەوەی بەردەوامیی ژینگەیی خۆیان بوون، سەرەڕای ئەوەش، هاوکارییەکانی نێوان زانکۆکان لە بواری بەردەوامیدا بوونی هەیە، کارتی ڕاپۆرتی سەوزی ئەمریکا سیستەمێکی ڕیزبەندییە بۆ ٣٠٠ کۆلێژ کە داتای بەردەوامیان لەخۆدەگرێت، ئەنجامەکان وەک نمرەی (لە A بۆ F) پێشکەش دەکرێن نەک بە شێوەی ڕیزبەندی، چونکە مەودای تایبەتمەندی زانکۆکانی سنوردارە.

### میتۆدۆلۆژیا ڕیزبەندی

دروستکردنی ڕیزبەندی پێویستی بە سیستەمێکی یەکسان و یەکانگیرە کە گونجاو بێت بۆ تەواوی زانکۆکانی جیهان کە دەرئەنجامەکانی لەسەر بنەمای نمرەی ژمارەیی بێت کە ڕێگە بە ڕیزبەندیکردن بدات، ئەمەش بووە هۆی بەراوردکردن لە نێوان ڕیزبەندی زانکۆکان کە دەتوانرێت لەسەر پێوەرەکانی پابەندبوونیان بە چارەسەرکردنی پرسەکان بەردەوامیی وکاریگەرییە ژینگەییەکان ئەنجام بدرێت (الدیار، ٢٠٢١).
کۆمەڵێک پێوەر بەکاردەهێنرێت کە بە ڕاستەوخۆ و سادە دادەنرێت بۆ تەواوکردن باوەڕپێکراوەی لەسەر پێوەرە گرنگەکان، لە ئامرازی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئێستادا ٣٩ نیشاندەر و ٦ پێوەر هەیە, پێوەرەکان بریتین لە خشتەی (٥):

خشتەی (٥)

پۆلەکانی بەکارهێنراو لە ڕیزبەندی قورساییدا

| ز | پۆل | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | ژێرخان SI | ٪١٥ |
| ٢ | وزە وگۆڕانی کەشوهەوا EC | ٪٢١ |
| ٣ | پاشماوە WS | ٪١٨ |
| ٤ | ئاو WR | ٪١٠ |
| ٥ | گواستنەوە TR | ٪١٨ |
| ٦ | پەروەردە ED | ٪١٨ |
| | کۆی گشتی | ٪١٠٠ |

**یەکەم**: ئامادەکردن و ڕێکخستنی ژێرخان (SI) Setting & Infrastructure:- شوێنی زیاتر بۆ سەوزایی وپاراستنی ژینگە، هەروەها بودجەی گەشەپێدان وبەردەوامی کەمپەکە.

**دووەم**: وزە وگۆڕانی کەشوهەوا (EC) Energy & Climate Change:- زیادکردنی هەوڵەکان لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی کارایی وزە و پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە.

**سێیەم**: پاشماوە (WS) Waste:- هەندێک بەرنامە وچارەسەرکردنی پاشماوە (واتە بەرنامەی ڕیسایکلکردن، پاشماوەی ژەهراوی، پاشماوەی ئۆرگانی و نائۆرگانیک و ... هتد).

**چوارەم**: (WR) Water:- کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی، زیادکردنی بەرنامەی پاراستن، و پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوون.

**پێنجەم**: گواستنەوە (TR) Transportation:- سیاسەتی گواستنەوە بۆ سنورداردکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت، و پیادە.

**شەشەم**: پەروەردە و توێژینەوە (ED) Education & Research:- خول، توێژینەوە، بڵاوکردنەوە، ماڵپەڕ، ڕاپۆرتی پەیوەست بە سەوزایی و بەردەوامی.

**چۆنێتی بەشداریکردن**


بۆ بەشداریکردنی زانکۆکان لە پۆلێنبەندی UI GreenMetric ئەگەر بانگهێشتنامەیان وەرنەگرتووە، دەتوانن لە ڕێگەی وێبەوە ناو تۆمار بکەیت لە https://greenmetric.ui.ac.id/register یان لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە **greenmetric@ui.ac.id**، لەم بەستەرە تەواوی ڕێنمایەکان پێشان دەدرێ guideline.

**پێشکەشکردنی داتا**

پێشکەشکردنی داتا بۆ ڕیزبەندییەکە تارادەیەک ئاسانە لە ئێستادا بە بەکارهێنانی سیستەمێکی ئۆنلاین ئەنجام دەدرێت، بۆ بەشداریکردن هیچ پارەیەکی پێویست نییە، دەتوانیت دەستت بگات بە https://questionnaire.greenmetric.ui.ac.id/ بۆ پێشکەشکردن بە بەکارهێنانی ناوی بەکارهێنەر وشەی نهێنی کە بۆت داین دەکرێ.

**ئەنجام**

کۆی گشتی نمرەی UI GreenMetric Ranking دەتوانرێت لە ڕیزبەندی گشتی ٢٠٢٠ دەستپێبکرێت ، UI GreenMetric World University Rankings Video Profile، لەم شێوەی (٢) پێوەر و نیشاندەرەکان ئاماژەی پێدەکرێت.




شێوەی (٢) پێوەر ونیشاندەرەکان

**پێوەر و نیشاندەرەكان**

**یەكەم: ڕێكخستنی ژێرخان (15%) (SI)**

دانانی كەمپ و ژێرخانی زانیاری سەرەتایی سیاسەتی زانكۆ بەرەو ژینگەی سەوز دەبات هەروەها ئەم نیشاندەرە نیشانی دەدات, كە ئایا كەمپەكە شایەنی ئەوەیە ناوی كەمپی سەوزی لێبنرێت، ئامانج لێی دەستپێكردنی زانكۆی بەشداربووە بۆ دابینكردنی شوێنی زیاتر بۆ سەوزایی پاراستنی ژینگەدا، هەروەها پەرەپێدانی وزەی بەردەوام، پێوەرەكان بریتین لە:

١- ڕێژەی ڕوبەری شوێنی كراوە بەرامبەر بە ڕوبەری كۆی گشتی، ٣٠٠ خاڵ.

٢- ڕوبەری ناو كەمپس كە بە دارستان داپۆشراوە ٣٠٠ خاڵ.

٣- ڕوبەری ناو كەمپس داپۆشراوە بە ڕووەكی چێنراو ٢٠٠ خاڵ.

٤- ڕوبەری ناو كەمپس كە ئاو دەمژێت ٢٠٠ خاڵ.

٥- كۆی ڕوبەری شوێنی كراوە دابەشكراوە بەسەر كۆی دانیشتوانی كەمپەس ٣٠٠ خاڵ.

٦- بودجەی زانكۆ بۆ هەوڵی بەردەوام ٢٠٠ خاڵ

كۆی گشتی ١٥٠٠ خاڵی وەرگرتووە

**دووەم: وزە و گۆڕانی كەشوهەوا (21%) (EC)**

گرنگیدانی زانكۆكە بە بەكارهێنانی وزە و پرسەكانی گۆڕانی كەشوهەوا لەم ڕیزبەندییەدا بەرزترین قورسایی وەردەگرێت، لەم پرسیارنامەیەدا چەندین نیشاندەر بۆ ئەم بوارە تایبەتە دیاریدەكرێن، واتە بەكارهێنانی ئامێرە كاراكانی وزە، سیاسەتی بەكارهێنانی وزەی نوێبووەوە، بەكارهێنانی كۆی كارەبا، بەرنامەی پاراستنی وزە، بینای سەوز، بەرنامەی گونجاندن وكەمكردنەوەی گۆڕانی كەشوهەوا، سیاسەتی كەمكردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی، بەم پێوەرە چاوەڕوان دەكرێت زانكۆكان هەوڵەكانیان لە كاراكردنی وزە لەسەر بیناكانیان زیاد بكەن و زیاتر لەبارەی سروشت و سەرچاوەكانی وزە وەربگرن. پێوەرەكان بریتین لە:

١- بەكارهێنانی ئامێرە وزە بەكارهێنەرەكان جێگەی ئامێرە ئاساییەكان دەگرێتەوە، ٢٠٠ خاڵ.

٢- جێبەجێكردنی سیستەمی بینا زیرەكەكان Smart Building ، ٣٠٠ خاڵ.

٣- ژمارەی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە لە ناو كەمپس، ٣٠٠ خاڵ.

٤- كۆی گشتی بەكارهێنانی كارەبای دابەشكراوە بەسەر كۆی دانیشتوانی كەمپس (كیلۆوات سەعات بۆ هەر كەسێک)، ٣٠٠ خاڵ.

٥- ڕێژەی وزەی نوێبووەوە كە بەرهەم دێت بەرەو بەكارهێنانی وزە، ٢٠٠ خاڵ.

٦- توخمەكانی جێبەجێكردنی بینای سەوز وەک لە هەموو سیاسەتی بیناسازی و نۆژەنكردنەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، ٣٠٠ خاڵ.

٧- بەرنامەی كەمكردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی، ٢٠٠ خاڵ.

٨- ڕێژەی كۆی گشتی شوێنپێی كاربۆن دابەشكراوی دانیشتوانی كەمپەس، ٣٠٠ خاڵ.

كۆی گشتی ٢١٠٠ خاڵی وەرگرتووە.

**سێیەم: پاشماوە (18%) (WS)**

چالاكییەكانی چارەسەركردنی پاشماوە و ڕیسایكلكردن هۆكاری سەرەكین بۆ دروستكردنی ژینگەیەكی بەردەوام، چالاكییەكانی ستافی زانكۆ و خوێندكاران لە ناو كەمپەسدا پاشماوەیەكی زۆر بەرهەمدەهێنن، بۆیە پێویستە هەندێک بەرنامە و چارەسەركردنی پاشماوە لە خەمی زانكۆدا بێت، واتە بەرنامەی ڕیسایكلكردن، ژەهراوی بێت دووبارە بەكارهێنانەوەی پاشماوە، چارەسەركردنی پاشماوەی ئۆرگانیک، چارەسەركردنی پاشماوەی نائۆرگانیک، فڕێدانی ئاوەڕۆ، سیاسەتی كەمكردنەوەی بەكارهێنانی كاغەز و پلاستیک لە ناو كەمپەكەدا. پێوەرەكان بریتین لە:

١- بەرنامەی ڕیسایكلكردن بۆ پاشماوەی زانكۆ، ٣٠٠ خاڵ.

٢- بەرنامەی كەمكردنەوەی بەكارهێنانی كاغەز وپلاستیک لە ناو كەمپس، ٣٠٠ خاڵ

٣- چارەسەركردنی پاشماوەی ئۆرگانیک، ٣٠٠ خاڵ.

٤- چارەسەركردنی پاشماوەی نائۆرگانیک، ٣٠٠ خاڵ.

٥- پاشماوەی ژەهراوی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، ٣٠٠ خاڵ

٦- فڕێدانی ئاوەڕۆ، ٣٠٠ خاڵ.

كۆی گشتی ١٨٠٠ خاڵ.

**چوارەم: ئاو (10%) (WR)**

بەكارهێنانی ئاو لە ناو كەمپەسدا یەكێكی ترە لە نیشاندەرە گرنگەكان لە گرینمەتریكدا، ئامانج لێی ئەوەیە كە زانكۆكان بتوانن بەكارهێنانی ئاو كەم بكەنەوە و بەرنامەی پاراستن زیاد بكەن وشوێنی نیشتەجێبوونەكە بپارێزن، بەرنامەی پاراستنی ئاو، بەكارهێنانی ئاوی بۆری لە پێوەرەكانن. پێوەرەكان بریتین لە:

١- جێبەجێكردنی بەرنامەی پاراستنی ئاو، ٣٠٠ خاڵ.

٢- جێبەجێكردنی بەرنامەی ڕیسایكلكردنی ئاو، ٣٠٠ خاڵ.

٣- بەكارهێنانی ئامێری كارای ئاو (ئاو، شلەمەنی، تەوالێت فلَش و... هتد)، ٢٠٠ خاڵ.

٤- ئاوی چارەسەركراو بەكارهێنراو، ٢٠٠ خاڵ.

كۆی گشتی ١٠٠٠ خاڵ.

**پێنجەم: گواستنەوە (18%) (TR)**

سیستەمی گواستنەوە ڕۆڵێكی گرنگی لەسەر ئاستی دەردانی كاربۆن وپیسكەرەكان لە زانكۆدا هەیە ، سیاسەتی گواستنەوە بۆ سنورداركردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلی ماتۆڕ لە ناو كەمپەكەدا، بەكارهێنانی پاس وپاسكیل لە كەمپەكەدا هاندەری ژینگەیەكی تەندروستتر دەبێت، سیاسەتی پیادە هانی خوێندكاران وكارمەندان دەدات كە بە دەوری كەمپەكەدا بڕۆن، خۆیان لە بەكارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەدور بگرن،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی ژینگەدۆست دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شوێنپێی کاربۆن لە دەوروبەری کەمپەکە، پێوەرەکان بریتین لە:

١- ڕێژەی کۆی گشتی ئۆتۆمبێلەکان (ئۆتۆمبێل وماتۆرسکیل) دابەشکراوە بەسەر کۆی دانیشتوانی کەمپەس، ٢٠٠ خاڵ.

٢- خزمەتگوزاری گواستنەوە، ٢٠٠ خاڵ.

٣- سیاسەتی ئۆتۆمبێلەکانی دەردانی گازی ژەهراوی سفر (ZEV) لە ناو کەمپەس، ٢٠٠ خاڵ.

٤- ڕێژەی ئۆتۆمبێلی دەردانی گازی ژەهراویان نیە (ZEV) دابەشکراوە بەسەر کۆی دانیشتوانی کەمپەس، ٢٠٠ خاڵ

٥- ڕێژەی ڕوبەری وەستانی ئۆتۆمبێل بە کۆی ڕوبەری کەمپەس، ٢٠٠ خاڵ

٦- بەرنامەی گواستنەوە کە بۆ سنوردارکردن یان کەمکردنەوەی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل لە ناو کەمپەس بۆ ماوەی ٣ ساڵی ڕابردو داڕێژراوە، ٢٠٠ خاڵ.

٧- ژمارەی دەستپێشخەری گواستنەوە بۆ کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێلی تایبەت لەناو کەمپس، ٣٠٠ خاڵ

٨- سیاسەتی ڕێڕەوی پیادە لەناو کەمپس، ٣٠٠ خاڵ.

کۆی گشتی ١٨٠٠ خاڵ.

**شەشەم: پەروەردە و توێژینەوە (18%) (ED)**

ئەم پێوەرە لەسەر ئەو بیرکردنەوە دامەزراوە کە زانکۆ ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی نیگەرانی نەوەی نوێ لەگەڵ پرسەکانی بەردەوامی هەیە، پێوەرەکان بریتین لە:

١- ڕێژەی خولی بەردەوامی بەرامبەر بە کۆی کۆرسوبابەتەکان، ٣٠٠ خاڵ.

٢- ڕێژەی پارەدان بە توێژینەوەی بەردەوامی بەرامبەر بە کۆی پارەی توێژینەوە، ٣٠٠ خاڵ.

٣- ژمارەی بڵاوکراوەی زانستی لەسەر ژینگە و بەردەوامی بڵاوکراونەتەوە، ٣٠٠ خاڵ.

٤- ژمارەی ڕوداوە زانستییەکانی پەیوەست بە ژینگە و بەردەوامیی، ٣٠٠ خاڵ.

٥- ژمارەی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران پەیوەستن بە ژینگە و بەردەوامیی، ٣٠٠ خاڵ.

٦- بوونی ماڵپەرێکی بەردەوامی کە زانکۆ بەڕێوەی دەبات، ٣٠٠ خاڵ

کۆی گشتی ١٨٠٠ خاڵ.

**هەژمارکردنی خاڵەکان**

خاڵەکان بە شێوەیەکی ژمارەیی هەژمار دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەکی ئاماری داتاکان پرۆسێس بکرێن، خاڵەکان بریتین لە تێکڕای وەڵامەکان لەسەر پێوەرێک، کۆی گشتی خاڵەکانی هەر شەش پێوەرەکە بریتیە لە ١٠٠٠٠خاڵ، وردەکارییەکانی هەژمارکردنی خاڵەکان دەتوانرێت لەم بەستەردا بدۆزرێتەوە.

**پێوەرەکانی قورسایی**

پێوەرەکان پۆلێن دەکرێن بۆ پۆلێکی گشتی زانیاری دواتر ئەنجامەکان پرۆسێس دەکرێن، نمرە سەرەتاییەکانی کێش دەکرێن بۆ ئەوەی هەژماری کۆتایی بدۆزرێتەوە.

**وردکردنەوە و باشترکردنی ئامرازی گەڕان**

هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە بۆ دیزاینکردن و جێبەجێکردنی ڕاپرسییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەموکوڕی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە بەردەوام پێداچوونەوە بە پێوەرەکان و شێوازی کێشکردن دەکرێت، بۆ ڕەنگدانەوەی بەشداریکردنی بەشداربووان و پێشنهاتەکان.

**گەیاندنی زانیاری**

داتاکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی پێشکەش دەکرێن، هەروەها دەتوانن ڕاپۆرتی تایبەت بنێرن وەک ڕاپۆرتی بەردەوامیی زانکۆ، STARS، سیستەمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، هەروەها لە ڕێگەی ئیمەیڵێک یان کۆپییەکی ڕەقی هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی و بەڵگەی چالاکییەکانی بەردەوامیی زانکۆکان، (گرین میتریك, ٢٠٢٢، ٥-٨).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە کۆتا ڕیزبەندیدا کە UI Green Metric بڵاویکردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا لە هەموو عێراقدا ناوی ٧٧ زانکۆ هاتووە لە نێویاندا ناوی زانکۆی جیهان سلێمانی لە پلەی (٨٧٩ لە ئاستی جیهان، ٤٩ لە ئاستی عێراق لە پلەی یەکەم دایە لە ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کە کۆی گشتی خاڵەکانی بۆ هەر شەش پێوەرەکە یەکسانە بە ٣٨٠٠ خاڵ) دوای ئەو زانکۆی هەولێری پزیشکی هاتووە لە پلەی (٩٨٨ لە ئاستی جیهان، لە پلەی ٦٣ لە ئاستی عێراق لە پلەی دووەم لە ئاستی هەرێمی کوردستان کۆی گشتی خاڵەکانی بۆ هەر شەس پێوەرەکە یەکسانە بە ٢٦٣٠)، لە کۆی ١٠٠٠٠ خاڵ.

## ١٣. پۆلێنبەندی URAP ڕیزبەندی زانکۆ بەپێی ئەدای ئەکادیمی University Ranking by Academic Performance

ڕێکخراوی URAP ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە کە لە ساڵی 2009 لە پەیمانگای زانیاری لە زانکۆی تەکنیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تورکیا دامەزراوە ئەندامانی تیمی URAP توێژەرانی METU ن کە خۆبەخشانە بەشداری لە تاقیگەی توێژینەوەی URAP Research Lab دەکەن وەک خزمەتگوزاری گشتی، ئامانجی سەرەکی URAP پەرەپێدانی سیستەمێکی ڕیزبەندییە بۆ زانکۆکانی جیهان لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئەدای ئەکادیمی کە ڕەنگدانەوەی کوالیتی و بڕی بڵاوکراوە زانستییەکانیان بێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەم ئامانجەدا URAP ساڵانە لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە ڕیزبەندی جیهانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بڵاودەکاتەوە، و ڕیزبەندی

مەیدانی لە ساڵی ٢٠١١ەوە، دوایین ڕیزبەندییەکان ٣٠٠٠ زانکۆی باڵا لە سەرانسەری جیهان وهەروەها ٦١ بوار وبابەتی جیاوازی تایبەتمەند لەخۆدەگرێت. بەکارهێنانی داتا و زانیارییە ببلیۆمێتریەکان کە لە سەرچاوەی زانیاری ناسراو و باوەرپێکراوەکانی وەک وێبی زانست Web of Science ، سکۆپوس Scopus و گوگڵ سکۆلارەوە Google Scholar بەدەست هاتوون، بەشداری کردووە لە بابەتیبوونی ئەم سیستەمە ڕیزبەندییانە، سەرەڕای ئەوەش زۆربەی سیستەمەکانی ڕیزبەندی تا ٧٠٠-١٠٠٠ زانکۆی سەرەکی لە سەرانسەری جیهان دەگرێتەوە، کە زۆربەیان نوێنەرایەتی ئەو دامەزراوانە دەکەن کە لە وڵاتانی پێشکەوتودا هەڵکەوتون، هەروەها زانکۆکانی وڵاتانی دیکەی جیهان شایەنی ئەوەن و پێویستە بزانن لە کوێدا وەستاون لە نێوان دامەزراوەکانی دیکە لەسەر ئاستی جیهانی و نیشتمانیدا ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆ پەرەپێدانی سیستەمێکی ڕیزبەندی فرە پێوەر کە لە ڕوماڵکردندا گشتگیرتر بێت، بۆ ئەوەی زانکۆی زیاتر چانسی چاودێریکردنی دۆخی پێشکەوتنی ئەکادیمییان هەبێت.

## ئامانج و مەودای کارکردن

ئامانج و مەودا وگرنگی سیستەمی ڕیزبەندی URAP لەسەر کوالیتی ئەکادیمییە، زانیاری لەبارەی نزیکەی ٣٠٠٠ پەیمانگای خوێندنی باڵا (HEI) Higher Education Institutes کۆکردۆتەوە لە هەوڵێکدا بۆ ڕیزبەندیکردنی ئەم ڕێکخراوانە بەپێی ئەدای ئەکادیمییان، ڕێکخراوی URAP نزیکەی ١٢٪ی هەموو خوێندنگە باڵاکانی جیهان دەگرێتەوە، ئەمەش وای لێدەکات ببێتە یەکێک لە گشتگیرترین سیستەمەکانی ڕیزبەندی زانکۆکان لە جیهاندا.

سیستەمی ڕیزبەندی URAP بە تەواوی لەسەر بنەمای داتا بابەتییەکانە کە لە سەرچاوە متمانەپێکراوەوە بەدەست هاتوون، زانکۆکان بەپێی چەندین پێوەر ڕیزبەندی دەکات، لە ڕوی قەبارە و بابەتەوە ئامانجەکانی نیشاندەرەکانی (AIT) Article Impact Totalو Citation Impact Total (CIT) کەمکردنەوەی کاریگەری جیاوازییەکانی نێوان ئاراستەی بڵاوکردنەوە بە پێی پسپۆڕیەکان و ڕێکخستنی ئاستی بابەتەکان، لە ساڵی ٢٠١٧ەوە، URAP فلتەرێکی نوێی بۆ بابەتەکان و نیشاندەرەکانی سایتەیشن بەکارهێنا بۆ پێشخستنی کوالیتی بڵاوکردنەوە بە گرنگیدان بەو بابەتانەی لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە کە لە چارەکی یەکەم، دووەم و سێیەمدا لەڕوی فاکتەری کاریگەری گۆڤارەکانیانەوە Journal Impact Factor لەناو بوارە بابەتییەکانی خۆیاندا ڕیزکراون، تیمی توێژینەوەی URAP بەردەوام کار لەسەر شێوازی نوێ دەکات بۆ باشترکردنی پێوەرەکانی ئێستای.

ئامانجی سیستەمی ڕیزبەندی URAP ئەوە نییە کە زانکۆکانی جیهان بە باشترین یان خراپترین ناوزەد بکرێن، مەبەست یارمەتیدانی زانکۆکانە بۆ دیاریکردنی بوارەکانی پێشکەوتنی زانکۆکان لە پێوەرە تایبەتەکانی ئەدای ئەکادیمی، سیستەمی URAP سیستەمێکی یەکلاکەرەوە نییە، بەڵکو کراوەیە بەڕوی بیرۆکەی باشترکردن، ئەم سیستەمە بە بەردەوامی ئەپدەیت دەکرێتەوە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە بەردەوامەکان و فیدباکە بنیاتنەرەکانی توێژەران و پسپۆڕانی ئەکادیمی.

## پێوەرەکانی ڕیزبەندی جیهانی

ڕیزبەندی جیهانی URAP 2021-2022 لەسەر بنەمای ٦ نیشاندەری ئەدای ئەکادیمی دامەزراوە، بەو پێیەی URAP ڕیزبەندییەکە لەسەر بنەمای ئەدای ئەکادیمی، بڵاوکراوەکان بنەمای میتۆدۆلۆژیای ڕیزبەندییەکە پێکدەهێنن، هەردوو کوالیتی و چەندایەتی بڵاوکراوەکان و ئەدای هاوکاری توێژینەوەی نێودەوڵەتی وەک نیشاندەر بەکاردەهێنرێن، نیشاندەرەکان سەرچاوەی داتاکان و ماوەی ڕوماڵکردن لەم خشتەی ژمارە (٦) کورت کراوەتەوە.

## پێوەرەکانی ڕیزبەندی جیهانی

ڕیزبەندی جیهانی URAP لەسەر بنەمای ٦ نیشاندەری ئەدای ئەکادیمی دامەزراوە، بڵاوکراوەکان بنەمای میتۆدۆلۆژیای ڕیزبەندییەکە پێکدەهێنن، هەردوو کوالیتی و بڕی بڵاوکراوەکان و ئەدای هاوکاری توێژینەوەی نێودەوڵەتی وەک نیشاندەر بەکاردەهێنرێن، نیشاندەرەکان، سەرچاوەی داتاکان و ماوەی ڕوماڵکردن لە خشتەی ژمارە (٦) ڕون دەکرێتەوە.

خشتەی (٦)

پێوەرەکانی ڕیزبەندی جیهانی URAP

| ز | نیشاندەر | ئامانج | ڕوماڵکردن | سەرچاوە | کێش |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بابەت Article | بەرهەمهێنانی زانستیی ئێستا | ئەم ساڵ | InCites | ٪٢١ |
| ٢ | سایتەیشن Citation | کاریگەریی توێژینەوەی | بۆ ماوەی ٥ ساڵ | InCites | ٪١٠ |
| ٣ | کۆی گشتی بەڵگەنامە Total Document | بەرهەمهێنانی زانستیی | بۆ ماوەی ٥ ساڵ | InCites | ٪٢١ |
| ٤ | کۆی گشتی کاریگەریی بابەتەکان Article Impact Total | کوالیتی توێژینەوە | بۆ ماوەی ٥ ساڵ | InCites | ٪١٨ |
| ٥ | کۆی گشتی کاریگەریی سایتەیشن Citation Impact Total | کوالیتی توێژینەوە | بۆ ماوەی ٥ ساڵ | InCites | ٪١٥ |
| ٦ | هاوکاری نێودەوڵەتی International Collaboration | قبوڵکردنی نێودەوڵەتی | بۆ ماوەی ٥ ساڵ | InCites | ٪١٥ |

**وەسفێکی ورد بۆ هەر نیشاندەرێک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە**

١- بابەتەکان Article: پێوەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی زانستی ئێستا مەبەست یەك ساڵ کە ئەو بابەت و توێژینەوانە لەخۆدەگرێت، کە لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە کە لە چارەکی یەکەم و دووەم و سێیەمدا لەڕوی فاکتەری کاریگەریی گۆڤارەکانیانەوە ڕیزکراون، دوای دورخستنەوەی ١٠٠٠ نوسەر هەژمار دەکرێ کێشی ڕێژەیی (٢١٪).

٢- سایتەیشن Citation: پێوەرێکە بۆ کاریگەریی توێژینەوە بەپێی کۆی گشتی ژمارەی سایتەیشنەکان وەرگیراو لە نێوان ٥ ساڵدا بۆ نمونە ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢١ بۆ کۆی ئەو بەڵگەنامانەی لە ماوەی ٥ ساڵدا بڵاوکراونەتەوە لە گۆڤارەکاندا دوای دورخستنەوەی ١٠٠٠ توێژەر هەژمار دەکرێ، کێشی ڕێژەیی (٢١٪).

٣- کۆی گشتی بەڵگەنامە Total Document: پێوەرێکە بۆ بەردەوامیی بەرهەمهێنانی زانستی بە کۆی ژمارەی بەڵگەنامەکان پێشکەش دەکرێت، کە هەموو بەرهەمە زانستییەکانی دامەزراوەکان دەگرێتەوە، لەوانە وتارەکانی کۆنفرانس، پێداچونەوە، نامە و تێزەکان، گفتوگۆ، دەق و سیناریۆکان هەروەها ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤارکاندا بڵاوکراوەتەوە لە ماوەی ٥ ساڵ دا، کۆی ژمارەی بەڵگەنامەکان هیچ فلتەرکردنێک لە خۆ ناگرێ، کێشی ڕێژەیی ئەم نیشاندەرە (١٠٪).

٤- کۆی گشتی کاریگەریی بابەت Article Impact Total (AIT) : پێوەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی زانستی کە لەلایەن CPPی ستانداردی دامەزراوەکەوە ڕاستکراوەتەوە لە ٢٤ بواری زانستیدا لە نێوان دوو ساڵدا ڕێژەی CPPی دامەزراوەکە و CPPی جیهانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئایە دامەزراوەکە لەو بوارەدا لە سەرو یان لە خوار ئاستی تێکڕای جیهانییەوەیە ئەنجام دەدرێ. ئەم ڕێژەیە لەیەکدانی ژمارەی بڵاوکراوەکان لەو بوارەدا دەکرێ و پاشان بۆ هەر 24 بوارەکەدا کۆدەکرێتەوە، کە بەم هاوکێشەی لای خوارەوە پێوانە دەکرێ.

$$AIT = \sum_{i=1}^{24} (\frac{CPP_i}{CCP_{World}}) * Articles_i$$

ئەم نیشاندەرە ئامانجی هاوسەنگکردنی بەرهەمهێنانی زانستی دامەزراوەکەیە لەگەڵ کاریگەریی سروشتی و مەیدانی کە لە دەرئەنجامی ئەو هەموو بڵاوکراوانە لە هەموو بوارەکاندا بە دەست هاتوون، کێشی ڕێژەیی ئەم نیشاندەر (١٨٪).

٥- کۆی گشتی کاریگەریی سایتەیشن Citation Impact (CIT) Total: پێوەرێکە بۆ کاریگەریی توێژینەوە کە لەلایەن CPP ستانداردی دامەزراوەکەوە ڕاستکراوەتەوە، بە بەراورد بە CPPی جیهانی لە ٢٤ بواردا لە نێوان ٥ ساڵدا بۆ نمونە لە نێوان ٢٠١٧ و ٢٠٢١. ڕێژەی CPPی دامەزراوەکە و CPPی جیهانی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئایا دامەزراوەکە لەو بوارەدا لە سەرو یان خوار ئاستی تێکڕای جیهانی دایە ، ئەم ڕێژەیە کەڕەتی ژمارەی سایتەیشنەکان دەکرێ پاشان لە هەموو 24 بوارەکەدا کۆدەکرێتەوە، ئەم نیشاندەرە ئامانجی هاوسەنگکردنی کاریگەرییە زانستییەکانی دامەزراوەکەیە لەگەڵ کاریگەریی سروشتی و مەیدانی، کە لە دەرئەنجامی ئەو هەموو بڵاوکراوانە لە هەموو بوارەکاندا بە دەست هاتوون، کە بەم هاوکێشەی لای خوارەوە پێوانە دەکرێ.

$$CIT = \sum_{i=1}^{24} (\frac{CCP_i}{CCP_{World}}) * Citations_i$$

کێشی ڕێژەیی ئەم نیشاندەر (١٥٪).

٦- هاوکاری نێودەوڵەتی International Collaboration: پێوەرێکە بۆ ڕەزامەندی و قبوڵکردنی جیهانی زانکۆکان، دەسکەوتنی داتاکانی هاوکاری نێودەوڵەتی کە لەسەر بنەمای کۆی ژمارەی ئەو بابەتانەیە کە بە هاوکاری زانکۆ بیانییەکان بڵاوکراونەتەوە بە دەست دێن، لە InCites ئینسایتسەوە بۆ ماوەی ٥ ساڵ وەردەگیرێت، بۆ نمونە ساڵانی ٢٠١٧- ٢٠٢١ وەرگیراوە. کێشی ئەم پێوەرە (١٥٪) لە ڕیزبەندی گشتیدا.

**کۆکردنەوەی زانیاری و تۆمارکردنی خاڵەکان**

داتاکان لە وێبی زانست Web of Science و InCites کۆدەکرێنەوە کە لیستەکانی HEIs دابیندەکرێن، لە سەرەتادا دەوروانرێتە٣٠٠٠ دامەزراوەی ئەکادیمی کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی بڵاوکراوەن دوای پرۆسێسی داتا ڕیزبەندی دەکرێن، متمانەپێکراوی ڕیزبەندی زیاتر بەندە بە کوالیتی ئەو زانیاریانەی کە بەکاردەهێنرێن، تەکنیکەکانی پێش پرۆسێسکردن و پاککردنەوەی داتاکان بەکاردەهێنرێن، شیکاری ئاماری بۆ دەکرێ سیستەمی دێلفی Delphi system لەگەڵ کۆمەڵێک پسپۆڕ ئەنجام دەدرێ بۆ دیاریکردنی نمرەی قورسایی بۆ نیشاندەرەکان، کۆی گشتی نمرەی کۆتایی بەمشێوەیە دابەش دەکرێت: بابەتەکان: ٢١ %، کۆی گشتی بەڵگەنامە: ١٠ %، سایتەیشن: 21%، کۆی گشتی کاریگەریی بابەت: ١٨%، کۆی گشتی کاریگەریی سایتەیشن: ١٥%، هاوکاری نێودەوڵەتی ١٥%.

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

پۆلێنبەندی URAP لە دواین ڕیزبەندی کە بۆ ساڵی 2022-2023 ئەنجامی داوە بۆ زانکۆکانی جیهان بە گشتی لە لەنێویاندا بۆ زانکۆکانی عێراق بە تایبەت، چونکە ڕیزبەندی بۆ زانکۆکانی هەرێم بە جیا ئەنجام نەدراوە دەرکەوتووە کە تەنها ناوی ١٠ زانکۆ هاتووە لەنێوانیان دا زانکۆی صلاح الدین لە پلەی دووەمی ڕیزبەندیەکەدایە لە ئاستی عێراق ولە پلەی ١٤٦٥ لە ئاستی جیهان، زانکۆی بەغدا لە پلەی یەکەمدایە لە ئاستی عێراق لە پلەی ١٤٣١ لە ئاستی زانکۆکانی جیهان.

**١٤. پۆلێنبەندی یوو ئێس نیوز و ڕاپۆرتی جیهانی U.S. News & World Report**

تا ئێستا نۆیەمین ڕیزبەندی ساڵانەی U.S. News & World Report بۆ باشترین زانکۆکانی جیهان بڵاوکردۆتەوە، نزیکەی ٤٠ ساڵە بە جیا ڕیزبەندی دەکات لە ئاستی جیهانیدا، بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران پلانیان هەیە ناوی خۆیان لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵاتی خۆیان تۆمار بکەن ، زانکۆکان دەتوانن خۆیان لە بەرامبەر زانکۆکانی تری وڵات و ناوچەکەی خۆیاندا پێوانە بکەن، زیاتر لەسەر شانۆی جیهان دەربکەون لە وڵاتانی دیکەدا خۆیان بدۆزنەوە بیر لە هاوکاریکردن لەگەڵیان بکەنەوە.

یوو ئیس نیوز ڕیزبەندی گشتی باشترین زانکۆ جیهانییەکان ٢٠٠٠ دامەزراوەی سەرەکی لەخۆدەگرێت لە ٩٥ وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، یەکەم هەنگاو لە بەرهەمهێنانی ئەم ڕیزبەندییە، کە لەلایەن کۆمپانیای Clarivate بەهێزکراوە، بریتی بوو لە دروستکردنی پۆلێک لە ٢٠١١ زانکۆ کە بەکارهێنرا بۆ ڕیزبەندیکردنی ٢٠٠٠ دامەزراوەی سەرەکی، هەنگاوی دووەم بریتی بوو لە حیسابی ڕیزبەندییەکان بە بەکارهێنانی ١٣ نیشاندەر وکێشەکە یو ئێس نیوز U.S. News هەڵیبژاردبوو بۆ پێوانەکردنی ئەدای توێژینەوە جیهانییەکان، هەریەک لە لاپەڕەکانی پرۆفایلی قوتابخانەکە لە usnews.com نمرەی جیهانی گشتی و هەروەها پلەی ژمارەیی بۆ ١٣ نیشاندەرەکە دەخاتە ڕو.

پێوەرەکان و قورساییەکانیان لە فۆرمولەی ڕیزبەندیدا لە خشتەی (٧) دەخرێتەڕو، لەگەڵ نیشاندەری پەیوەندیدار، کە بەیەکەوە ڕێزکراون، ڕونکردنەوە بۆ هەریەکەیان لە خوارەوە دەخرێتەڕو.

خشتەی (٧) نیشاندەرەکان و کێشی ڕێژەیی بۆ پۆلێنبەندی یوو ئێس نیوز

| ز | نیشاندەری ڕیزبەندی | کێش |
|---|---|---|
| ١ | ناوبانگی توێژینەوەی جیهانی | ١٢,٥٪ |
| ٢ | ناوبانگی توێژینەوەی ناوچەیی | ١٢,٥٪ |
| ٣ | بڵاوکراوەکان | ١٠٪ |
| ٤ | کتێبەکان | ٢,٥٪ |
| ٥ | کۆنفرانسەکان | ٢,٥٪ |
| ٦ | کاریگەریی ئاسایی سایتەیشن | ١٠٪ |
| ٧ | کۆی گشتی سایتەیشنەکان | ٧,٥٪ |
| ٨ | ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ١٠٪ زۆرترین ئاماژەیان پێکراو سایتەیشن | ١٢,٥٪ |
| ٩ | ڕێژەی سەدی کۆی گشتی بڵاوکراوەکان کە لەنێو ١٠٪ زۆرترین سایتەیشن ئاماژەیان پێکراوە | ١٠٪ |
| ١٠ | هاوکاری نێودەوڵەتی – بە بەراورد بە وڵات | ٥٪ |
| ١١ | هاوکاری نێودەوڵەتی | ٥٪ |
| ١٢ | ژمارەی ئەو توێژینەوەیانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە سایتەیشن ولە ١٪ی سەرەوەن کە زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە سایتەیشن لە بوارەکەی خۆیاندا | ٥٪ |
| ١٣ | ڕێژەی سەدی کۆی گشتی بڵاوکراوەکان کە لە ڕیزی ١٪ی سەرەوەن کە زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە سایتەیشن | ٥٪ |

**وەسفێکی ورد بۆ هەر نیشاندەرێک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە**

١. ناوبانگی توێژینەوەی جیهانی بە کێشی (١٢,٥٪): ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی کۆکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسی پێنج ساڵی ڕابردوی ناوبانگی ئەکادیمییە بۆ باشترین زانکۆکانی جیهان بۆ توێژینەوەی زانستی.

٢. ناوبانگی توێژینەوەی ناوچەیی بە کێشی (١٢,٥٪): ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی کۆکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕاپرسی پێنج ساڵی ڕابردوی ناوبانگی ئەکادیمییە بۆ باشترین زانکۆکان بۆ توێژینەوە لە هەرێم وناوچەکان لەسەر بنەمای پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکراون.

**نیشاندەری بیبلیۆمەتری**

ئەو نیشاندەرانەی کە لە شیکاری ڕیزبەندی U.S. News بەکارهێنراون لەسەر بنەمای زانیارییەکانی Web of Science وێبی زانست TMی Clarivate بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٠. وێبی زانست Web of Science پلاتفۆرمێکی توێژینەوەیە لەسەر بنەمای وێب کە زیاتر لە ٢١،١٠٠ باشترین گۆڤاری زانستی کاریگەر باوەڕپێکراو لە سەرانسەری جیهان لە بواری زانست و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر وزانستە مرۆییەکان.

٣. بڵاوکراوەکان بە کێشی (١٠٪): ئەمەش پێوەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوەی گشتی زانکۆیەک، بە پشتبەستن بە کۆی ژمارەی توێژینەوە زانستییەکان، پێداچوونەوە، وتار و تێبینی کە پەیوەندییان بە زانکۆیەکەوە هەیە ولە گۆڤارەکانی کوالیتی بەرز وکاریگەردا بڵاودەکرێنەوە، ئەم نیشاندەرە پەیوەندییەکی نزیک بە قەبارەی زانکۆکەوە هەیە، هەروەها کاریگەریی لەسەر گرنگیدان بە دیسیپلینەکانی زانکۆکە هەیە، بەو پێیەی هەندێک دیسیپلین بەتایبەتی پزیشکی زیاتر لە هەندێکی تر بڵاودەکەنەوە.

٤. کتێب بە کێشی (٢,٥٪): کتێب میدیایەکی گرنگی چاپکردنە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر و زانستە مرۆییەکان، پێوەری ئەم پۆلێنبەندیە پاشکۆیەکی بەسودە بۆ داتای تایبەت بە بابەتەکان زیاتر تایبەتە بە ئەو زانکۆیانە کە گرنگی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر و زانستە مرۆییەکان دەدەن.

٥. کۆنفرانسەکان بە کێشی (٢,٥٪): کۆنفرانسە ئەکادیمییەکان شوێنێکی گرنگن بۆ پەیوەندییە زانستییەکان، بەتایبەتی لە دیسیپلینەکانی پەیوەست بە ئەندازیاری و زانستی کۆمپیوتەر، بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دەتوانێت نوێنەرایەتی پێشکەوتنی توێژینەوەی ئاست بەرزەکان بکات لە هەندێک بواردا کە لە شوێنێکی تردا بەڵگەدار نەکرابێت یان بڵاونەکرابێتەوە.

٦. کاریگەریی ئاسایی سایتەیشن بە کێشی (١٠٪): کۆی ژمارەی سایتەیشنەکان بۆ هەر توێژینەوەیەک کاریگەریی گشتی توێژینەوەکانی زانکۆ پیشان دەدات، سەربەخۆیە لە قەبارە یان تەمەنی زانکۆکە، بەهای سایتەیشن ئاسایی دەکرێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازییەکان، ساڵی بڵاوبونەوەی توێژینەوەکە و جۆری بڵاوکردنەوەی لەبەر چاو دەگیرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp209-239

٧. کۆی گشتی سایتەیشنەکان بە کێشی (٧,٥٪): ئەم پێوەرە دەپێوێت، کە زانکۆکە چەندە کاریگەر بووە لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەی زانستیی جیهانی، دیاریدەکرێت بە لەیەکدانی فاکتەری ڕیزبەندی بڵاوکراوەکان بە فاکتەری کاریگەریی سایتەیشنی ئاساییکراو، کۆی گشتی بەهای سایتەیشن ئاسایی دەکرێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر جیاوازییەکان، ساڵی بڵاوبونەوەی توێژینەوەکە و جۆری بڵاوکردنەوەی لەبەر چاو دەگیرێت.

٨. ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ١٠٪ زۆرترین سایتەیشن ئاماژەیان پێکراوە بە کێشی (١٢,٥٪): ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی ژمارەی ئەو توێژینەوانەن کە وەک لە ١٠٪ی سەرەکیترین توێژینەوەکانی جیهاندا بۆ بوارەکانی خۆیان دەستنیشانکراون، هەر توێژینەوەیەک نمرەی سەدی پێدەدرێت لە ڕوی پلەی ئاماژەپێدانەوە، بە بەراورد لەگەڵ توێژینەوە هاوشێوەکان بە تایبەت ئەوانەی هەمان ساڵی بڵاوکردنەوە، بابەت و جۆری بەڵگەنامەیان هەیە.

بەو پێیەی ژمارەی ئەو وتارانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە وابەستەی قەبارەی زانکۆکە، دەتوانرێت ئەم نیشاندەرە بە ئاماژەیەکی بەهێز هەژمار بکرێت، کە زانکۆکە چەندە توێژینەوەی نایاب بەرهەم دەهێنێت.

٩. ڕێژەی سەدی کۆی گشتی بڵاوکراوەکان کە لە نێوان ١٠٪ زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە بە کێشی (١٠٪): ئەم پێوەرە بریتییە لە ڕێژەی سەدی کۆی گشتی توێژینەوەکانی زانکۆیەک کە لە ڕیزی ١٠٪ی سەرەکیترین توێژینەوەکانن کە زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە لە جیهاندا بۆ هەر بوارێک و ساڵێکی بڵاوکردنەوە، پێوەرێکە بۆ بڕی ئەو توێژینەوە نایابانەی زانکۆ بەرهەمی دەهێنێت وسەربەخۆیە لە قەبارەی زانکۆکە.

١٠. هاوکاری نێودەوڵەتی – بە بەراورد بە وڵات بە کێشی (٥٪): ئەم نیشاندەرە بریتییە لە ڕێژەی کۆی گشتی توێژینەوەکانی دامەزراوەکە کە هاوکارە نێودەوڵەتییەکانی تێدایە دابەشکراوە بەسەر ڕێژەی توێژینەوە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەو وڵاتەی کە زانکۆکە تێیدایە توێژینەوەکان بەراورد دەکرێن لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە دامەزراوەکە تێیدا دامەزراوە.

١١. هاوکاری نێودەوڵەتی بە کێشی (٥٪): ئەم پێوەرە بریتییە لە ڕێژەی کۆی گشتی توێژینەوەکانی دامەزراوەکە کە هاوکارە نێودەوڵەتییەکانی تێدایە و پێوەرێکی دیکەی تایبەتە بۆ کوالیتی.

١٢. ژمارەی ئەو توێژینەوانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە و لە نێوان ١٪ی سەرەوەن کە زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە لە بوارەکەی خۆیاندا بە کێشی (٥٪): ئەم نیشاندەر قەبارەی ئەو توێژینەوەیانە نیشان دەدات کە وەک ئاماژەیەکی زۆر ئاماژەیان پێکراوە لە خزمەتگوزاریی نیشاندەری زانستی بنەڕەتی کلاریڤاتدا Clarivate's Essential Science Indicators، ئەو وتارانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە لە1% ESI ی سەرەوەن لە هەریەکێک لەو ٢٢ بوارە فراوانەی کە لە وێبی زانستدا Web of Science نوێنەرایەتی دەکرێن لە ساڵێکدا. بە پشتبەستن بە دوایین ١٠ ساڵی بڵاوکراوەکان.

١٣. ڕێژەی سەدی کۆی گشتی بڵاوکراوەکان کە لە ڕیزی ١٪ی سەرەوەی زۆرترین توێژینەوەن کە زۆرترین ئاماژەیان پێکراوە بە کێشی (٥٪): ئەم پێوەرە ژمارەی ئەو توێژینەوەیانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوە بۆ زانکۆیەک نیشاندەدات دابەشکراوە بەسەر کۆی ژمارەی ئەو بەڵگەنامە و وتار وتوێژینەوانەی کە بەرهەمی دەهێنێت، کە وەک ڕێژەیەک نیشاندەدرێت. پێوەرێکە بۆ باشی و ڕێژەی سەدی بەرهەمی دامەزراوەیەک نیشاندەدات کە لە کاریگەرترین توێژینەوەکانی جیهانە، ئەمە پێوەرێکی سەربەخۆیە لە قەبارە.

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە پۆلێنبەندی یوو ئێس نیوز وراپۆرتی جیهانی U.S. News & World Report ناوی هیچ زانکۆیەکی هەرێمی کوردستان تۆمارنەکراوە وناوی نەهاتووە، لە ئاستی عێراقدا تەنها ناوی زانکۆی بەغدا بە پلەی یەك لە ئاستی عێراقدا پلەی ١٣٠١ لە ئاستی جیهان.

**١٥ پۆلێنبەندی ئیندێکسی نەیچەر Nature Index**

نەیچەر ئیندێکس Nature Index بنکەیەکی زانیاری کراوەیە بۆ پەیوەندییەکانی نوسەر و پەیوەندیی دامەزراوەییەکان، ئیندێکسەکە بەدواداچوون بۆ بەشداریکردنەکان دەکات لە بابەتەکانی توێژینەوەدا کە لە ٨٢ بڵاوکراوەی گۆڤاری زانستی سروشتی کوالیتی بەرز، کە لەسەر بنەمای ناوبانگ لەلایەن گروپێکی سەربەخۆی توێژەرانەوە هەڵدەبژێردرێن.

ئیندێکسی نەیچەر بنکەیەکی زانیارییە بەدواداچوون بۆ دامەزراوەکان و وڵاتان و بەرهەمە زانستییەکانیان دەکات لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە لە تشرینی دووەمی ٢٠١٤، ساڵانە پێوەرەکانی نەیچەر دامەزراوە پێشەنگەکان، کۆمپانیا، زانکۆ، دەزگا حکومییەکان، دامەزراوەی توێژینەوە یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان بن، وڵاتان بەپێی ژمارەکان ڕیزبەندی دەکات لە وتار و توێژینەوە زانستییەکان کە لە گۆڤاری زانستی پێشەنگدا بلاودەکرێنەوە، هەروەها دەتوانرێت ئەم ڕیزبەندییە بەپێی بوارەکانی توێژینەوەی تاکەکەسی وەک زانستە ژیانییەکان، کیمیا، فیزیا، یان زانستەکانی زەوی لەگەڵ دامەزراوە پێشەنگەکان لە هەریەکێک لەم بوارانەدا پێوانە بکرێت. ئیندێکسی نەیچەر لەلایەن پۆرتفۆلیۆی نەیچەر دیزاین کراوە. زیاتر لە ١٠ هەزار دامەزراوە لە پێوەرەکانی نەیچەردا جێگیرکراون، لە تەمموزی ٢٠٢٢، ناونیشانی ماڵپەڕەکە گواستراوەتەوە بۆ پلاتفۆرمی پۆرتفۆلیۆی نەیچەر (www.nature.com). (nature, 2022)

ئاماژەدەری Nature ژمارەی ڕەها و ژمارەی پشک بەشی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و نیشتمانی دابین دەکات، بەمپێیەش بێت، نیشاندەری Nature بەرهەم و هاوکاری و هاوبەشی توێژینەوەی کوالیتی بەرزی جیهانییە، داتاکانی ناو ئیندێکسی Nature بە بەردەوامی نوێ دەکرێنەوە، لەگەڵ دوایین ١٢ مانگ کە بەپێی مۆڵەتی داهێنکاری باو Creative Commons (CC BY-NC-SA 4.0) لە https://www.nature.com/nature-index/

بەردەست کراون. داتا بەیسەکە لەلایەن فایلی (پۆرتفۆلیۆی) نەیچەر Nature Portfolio کۆکراوەتەوە کە بەشێکە لە Springer Nature.

**دەرئەنجامەکان**

بەکارهێنەرانی پێوەرەکانی Nature دەتوانن بەرهەمی دامەزراوەیەک بەراورد و بەدواداچوون بکەن لەگەڵ دامەزراوە هاوتاکان بەپێی شوێن، بوار و کەرت، یان بەپێی وڵات یان ناوچە لە ئاستی جیهاندا لە چوار بواری فراوان کیمیا، زانستەکانی ژیان، زانستەکانی زەوی و ژینگە و زانستە فیزیاییەکان؛ بەپێی کەرتەکان ئەکادیمی، حکومەت، کۆمپانیا، چاودێری تەندروستی یان، NPO/NGO .

هەروەها بەکارهێنەران دەتوانن دیاری بکەن کام دامەزراوەی وڵات هاوکاری یەکتر دەکەن لە توێژینەوەکاندا بە پێی پێوەرەکانی Nature بەدواداچوون بۆ دەکرێت، هێزی ئەم هاوکارییانە ئاماژەی پێدەکرێت بەرهەمەکاندا، بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت. (nature, 2022)

بەرهەم بابەت توێژینەوەی دامەزراوەیەک، وڵاتێک، هەرێمێک یان شارێک بە دوو شێوە ئەژمار دەکرێت, ئیندێکسی Nature دوو فاکتەر بەکاردەهێنێت، ژمارەی بابەتەکان پێی دەوترێت ژمارە، ژمارەی بەشەکیش پێی دەوترێت هاوبەشی بەشداریکردن، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ دەرئەنجامی توێژینەوەکە بکرێت.

١- ژمارە: ژمارە یەک بۆ دامەزراوەیەک یان شوێنێک دیاری دەکرێت ئەگەر یەکێک یان زیاتر لە نوسەرانی توێژینەوەکە خەڵکی ئەو دامەزراوەیە یان ئەو شوێنە بن، بەبێ گوێدانە ئەوەی چەند هاونوسەری دەرەوەی ئەو دامەزراوە یان شوێنە هەبن.

٢- هاوبەش: پێوەرەی واژۆی پێوەرەکانی Nature ، ژمارەیەکی کەرتە بەشێکە کە ڕێژەی نوسەرانی دامەزراوەیەک یان وڵات وناوچەیەک، ژمارەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هەر بابەتێک لەبەرچاو دەگرێت، بۆ حیسابکردنی پشکی هاوبەشیکردن، هەموو نوسەران بە یەکسانی بەشدارییان لە بابەتەکەدا کردووە، زۆرترین هاوبەشی یەکگرتوو بۆ هەر بابەتێک ٠،١ یە.

بۆ کۆکردنەوەی بەشداری وڵاتێک، هەرێمێک یان دامەزراوەیەک لە بابەتێکدا دڵنیابوون لەوەی کە زیاتر لە جارێک ناژمێردرێن، پێوەرەکانی نەیچەر ژمارەدێکی بەشەکی بەکاردەهێنێت، کە بە پشک ناودەبرێت، کە پشکی نوسەر لەسەر هەر بابەتێک لەبەرچاو دەگرێت، کۆی گشتی پشکی بەردەست بۆ هەر بابەتێک ١ ە، کە بەسەر هەموو نوسەراندا دابەشکراوە بەو گریمانەیەی کە هەریەکەیان بە یەکسانی بەشدارییان کردووە، بۆ نمونە بابەتێک کە ١٠ نوسەری هەبێت بەو مانایەیە کە هەر نوسەرێک پشکی ٠,١ وەردەگرێت، بۆ ئەو نوسەرانەی کە سەر بە زیاتر لە دامەزراوەیەکن، دواتر پشکی نوسەر بە یەکسانی لە نێوان هەر دامەزراوەیەکدا دابەشدەکرێت. کۆی گشتی پشک بۆ دامەزراوەیەک بە کۆکردنەوەی پشکەکە بۆ تاکەکەسی نوسەرانی پەیوەندیدار حیسابی بۆ دەکرێت، پرۆسەکە بۆ وڵات وناوچە هاوشێوەیە، هەرچەندە ئاڵۆزە بەهۆی ئەوەی کە هەندێک دامەزراوە تاقیگەی دەرەوەی وڵاتیان هەیە کە بۆ کۆی گشتی وڵات وناوچەکانی میواندار ئەژمار دەکرێن. (المجلة العالمية للبحوث والدراسات، ٢٠٢٢).

**ماڵپەڕ**

بەکارهێنەران دەتوانن بەدوای دامەزراوە یان وڵات و خاکی تایبەتدا بگەڕێن و خشتەکانی خۆیان فلتەر بکەن، بە پشتبەستن بە شوێن، کەرت یان ناوچە، کە بەپێی ژمارە یان پشک ڕێکخراوە، هەر پرسیارێک لاپەڕەیەکی پرۆفایلی دەگەڕێنێتەوە کە بەرهەمەکانی توێژینەوەی وڵات وخاک یان دامەزراوەکە دەخاتە ڕو، کە دەتوانرێت لێیەوە بۆ زانیاری زیاتر وردبینی بکرێتەوە، دەتوانرێت بابەتەکان بەپێی گۆڤار، و پاشان بە بابەت پیشان بدرێن. دەرئەنجامەکانی توێژینەوە بەپێی بوارەکانی بابەت ڕێکخراون، لاپەڕەکان هاوکارە سەرەکییەکانی دامەزراوەکە یان وڵات/خاکەکە دەخەنە ڕو، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە، هەروەها بەکارهێنەران دەتوانن بەرهەمی توێژینەوەی چەندین دامەزراوە، و بەرهەمی توێژینەوەی چەندین وڵات/خاک بەراورد بکەن وداتاکان هەناردە بکەن.

**خۆتۆمارکردن:**

بۆ ئەوەی دەستت بگات بە ئیندێکسی Nature Index بە خۆڕایی بە شێوەی ئۆنلاین بۆ داتا و شیکاری جیهانی، ناوت تۆمار بکە Register بۆ دروستکردنی پرۆفایلی خۆت ولاپەڕەکان نیشانە بکە و ئیندێکسەکانی خۆت دروست بکە.

**گۆڤار و بابەتەکان چۆن پۆلێن دەکرێن؟**

بابەتەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای دیسپیلینی زانستی ئەو گۆڤارە کە تێیدا بڵاودەکرێنەوە، بۆ بابەتەکان دیاری دەکرێن، جگە لە گۆڤارە فرە پسپۆڕییەکان Nature وNature Communications و PNAS و Science and Science Advances بۆ ئەم گۆڤارانە بابەتەکان لە ئاستی وتاردا دیاری دەکرێن، دەتوانرێت بابەتەکانی توێژینەوە بۆ زیاتر لە بابەتێک دیارییبکرێت، دەتوانیت ئەو گۆڤارانە The Nature Index journals ببینیت کە لە بابەتێکدا هاتووە بە پەنجەدان لەسەر ئایکۆنی (i) لە تەنیشت بابەتەکە لە لاپەڕەی ئەنجامی بابەتەکەدا، بینینی لیستی تەواوی گۆڤارەکان لە هەر بابەتێکدا View the complete list of journals in each subject.

**هەڵبژاردنی گۆڤار**

دوای کۆبونەوەیەکی ڕاوێژکاری سەربەخۆ کە لە ٥٨ زانای چالاکان ونوسەری کارا لە بوار پسپۆڕی و دیسیپلینی زانستی سروشتی کۆکرایەوە بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارانە لەبەرچاو بگرن کە لە پێوەرەکانی نەیچەر دا جێگیر بکرێن. (Nature Index, 2022).

**پێگەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

لە کۆتا ڕیزبەندیدا کە nature-index institution بڵاویکردۆتەوە کە بۆ ڕێککەوتی ١ دیسەمبەری ٢٠٢١ بۆ ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ هەژمار کراوە لە سەرانسەری جیهان، دەرکەوتووە کە لە هەموو عیراقدا تەنها ناوی ١٥ زانکۆ هاتووە ٥ زانکۆ هەرێمی کوردستان تێدایە ئەوانیش بریتین لە زانکۆی صلاح الدين لە

ڕیزبەندی (٩ لە ئاستی عێراق، یەکەم لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە ١ ژمارە ٠,٠٧ هاوبەش)، زانکۆی چەرمۆ (١١ لە ئاستی عیراق، ٢ لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە ١ ژمارە ٠,٠٥ هاوبەش)، زانکۆی سلێمانی (١٣ لە ئاستی عێراق ٣ لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە ١ ژمارە ٠,٠٣ هاوبەش)، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی (١٤ لە ئاستی عێراق ٤ لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە ١ ژمارە ٠,٠٢ هاوبەش)، زانکۆی کوردستان هەولێر (١٥ لە ئاستی عێراق، ٥ لە ئاستی هەرێمی کوردستان بە ١ ژمارە ٠,٠٠ هاوبەش).

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان:

### ئەنجامەکان:

١. سەرەڕای فرەیی ئەو ئۆرگانانەی کە زانکۆ نێودەوڵەتییەکان پۆلێن دەکەن، لە ئەنجامدا ستاندارە پەسەندکراوەکان لە ئۆرگانێکەوە بۆ ئۆرگانێکی تر جیاوازن، بەڵام زانکۆ و دامەزراوەکانی سەر بە یەک گروپی وڵاتان زاڵبوون بەسەر پلە پێشکەوتووەکانی ڕیزبەندییە جیاوازەکاندا.

٢. نەبوونی زانکۆ عێراقی و کوردستانیەکان لە پلە پێشکەوتووەکانی دوایین ڕیزبەندییە نێودەوڵەتییەکان، جگە لە هەندێک زانکۆی عەرەبی نەبێت.

٣. هەندێ لە ڕیزبەندیەکان لەسەر بنەمای ماڵپەڕی زانکۆ پۆلێن دەکات ئەوانەی تەنها بە زمانی ئینگلیزی نوسراون.

٤. لاوازی ژێرخانی زۆرێک لە زانکۆکان بەو پێیەی کە کتێبخانەی نمونەیی و ئامرازی پەروەردەیی هاوچەرخ و تاقیگە و کەرەستە و تۆڕی پەیوەندییەکانیان کەرەستەو ئامرازی تەکنۆلۆجی نییە.

٥. لاوازی فەرهەنگی توێژینەوەی زانستیی، بەو پێیەی زۆربەی توێژینەوەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و توێژەرانەوە ئەنجام دەدرێن و توێژینەوەکەش کاریگەرییەکی ڕونی لەسەر گەشەسەندنی ئابوری وڵاتانی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاڵپشتییە کەمەی کە لەم بوارەدا پێشکەش دەکرێت بە بەراورد بە زانکۆکانی دیکەی وڵاتان.

٦. ناهاوسەنگی لە نێوان دەرئەنجامەکانی خوێندنی باڵا و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا بە گشتی و بازاڕی کار بەتایبەتی.

٧. بایەخنەدان بە سیستمی توێژینەوەی زانستی لە زانکۆکان، هاندانی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارە نێودەوڵەتیەکان دا، ناساندنی ستانداردەکانی گۆڤارە زانستیەکان بە هەموو ستافی زانکۆکان.

٨. گرنگیدان بە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی زانکۆکان لە ئینتەرنێت، دروستکردن و ڕێکخستنی ماڵپەڕ و ناوەڕۆکەکەی و بەستەرەکانی بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی.

٩. گرنگینەدان بە کەلتوری کوالیتی و توانای کێبڕکێ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، خوێندنەوە و شیکردنەوەی پێوەرەکانی پۆلێنکردنی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان، کاردەکەن بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان بە شێوەیەکی زانستی.

### ڕاسپاردەکان:

١. پێویستی هەماهەنگی و هاوکاری زانستی لە نێوان دامەزراوە جیاوازەکانی خوێندن و وەزارەت و دامەزراوەکانی وڵات.

٢. زیادکردن وتەرخانکردنی داهاتی دارایی تایبەت بە زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکان بە شێوەیەک کە کار بۆ پەرەپێدانیان بکات، هاوشێوەی زانکۆ جیهانیە ئاست بەرزەکان.

٣. کارکردن لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایانی زانکۆ و توێژەران بە ناردنیان بۆ خولی گەشەپێدان لە ناوخۆ ودەرەوەی وڵات،پشتگیریان لە ڕوی دارایی ومەعنەویەوە.

٤. کارکردن لەسەر سەربەخۆیی دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا، دورخستنەوەیان لە دەستێوەردانی سیاسی.

٥. ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی تایبەتمەند کە باس لە واقیعی خوێندنی باڵا بکات، ڕاسپاردە وپێشنیاز بدرێ بە لیژنە تایبەتمەندەکان بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان.

٦. کردنەوەی ئاسۆی هاریکاری زانستی لە نێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆ عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی جۆراوجۆرەوە.

٧. پێویستی پێشکەشکردنی پاڵپشتی دارایی و زیادکردنی خەرجی بۆ خوێندن و توێژینەوەی زانستی.

٨. دروستکردنی ڕیزبەندییەکی ناوخۆیی بۆ ڕیزبەندیکردنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بە مەبەستی پاڵنانی زانکۆکان بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی ئەدای کارکردنیان.

## سەرچاوەکان


بخيت، حيدر نعمة (٢٠١١)، التصنيفات العالمية للجامعات وموقع الجامعاتالعربية والعراقية منها، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد ٤، العدد ٢٠، الصفحات ٧-٤٦، الناشر: جامعة الكوفة، رقم المجلة المعياري الدولي: ISSN 1994-0947 (Print)، العراق.

صالح هاشم وآخرون (٢٠١٠)، دليل ضمان جودة البرامج الأكاديمية في كليات الجامعات العربية أعضاء الاتحاد، اتحاد الجامعات العربية، الأمانة العامة، عمان، الاردن.

الصديقي، سعيد. (٢٠١٤). الجامعات العربية و تحدي التصنيف العالمي : الطريق نحو التميز. رؤى استراتيجية،مج. ٢، ع. ٦، ص ص. ٨-٤٧. https://search.emarefa.net/detail/BIM-668646

الصغير، احمد حسين (٢٠٢١)، أسباب تدني ترتيب الجامعات المصرية الحكومية في التصنيفات العالمية "دراسة تحليلية نقدية"، عدد نوفمبر، ج١٠ (٩١) ٢٠٢١، المجلة التربوية، كلية التربية، جامعة سوهاج، DOI: 10.12816/EDUSOHAG.2021.

عيسى، محمد محمود ولد محمد. ٢٠١٥-٠٣-٣١. آليات تحسين أداء الجامعات العربية في التصنيفات العالمية، ص ص ٣٧٦-٣٨٤. الشارقة، جامعة الشارقة، الإمارات العربية المتحدة. https://search.emarefa.net/detail/BIM-760204

فاروق, حسام (٢٠٢١). تعرف على تصنيف الجامعات UI Green-Metric وأهميته البيئية، موقع الديار اسس في العام ٢٠٠٨، رئيس مجلس الإدارة احمد عامر, رئيس التحرير سيد الضبع، تاريخ اطلاع الباحث ٢٥-١٢-٢٠٢٢: من الموقع: https://www.eldyar.net/503022#

قاسمي، شوقي و سليماني، صباح (٢٠١٦)، التصنيف الدولي للجامعات: قراءة في السياقات المفاهيمية، مجلة علوم الانسان والمجتمع، العدد ١٩، جوان ٢٠١٦، جامعة بسكرة، الجزائر.

كرين ميتريك (٢٠٢٢)، مبادى العامة لمقياس الاستدامة للتصنيف العلمي للجامعات، جامعة اندونسيا, ٢٠١٧، ترجمت الى العربية من قبل جامعة الملك عبد العزيز, جدة المملكة العربية السعودية: https://greenmetric.ui.ac.id/wp-content/uploads/2015/07/UI-GreenMetric-Guideline-2017_Arabic.pdf

المجلة الأكاديمية للبحوث والدراسات (٢٠٢٢). ما هو تصنيف QS للجامعات وماذا يعني لك كباحث؟، مؤسسة المنارة للاستشارات، العنوان: شارع عمر المختار، غزة، فلسطين، تاريخ اطلاع الباحث ٢٥-٦-٢٠٢٢: من الموقع ما هو تصنيف QS للجامعات وماذا يعني لك كباحث؟ - المجلة الأكاديمية للبحوث والدراسات(acjrs.com) .

المجلة العالمية للبحوث والدراسات (٢٠٢٢).كيف اعرف تصنيف المجلات العلمية، تاريخ اطلاع الباحث ٢٨-١١-٢٠٢٢: من الموقع المجلة العالمية للبحوث والدراسات: كيف اعرف تصنيف المجلات العلمية - المجلة الأكاديمية للبحوث والدراسات(acjrs.com) .

المكتب الإقليمي للدول العربية وبرنامج الأمم المتحدة الألماني، (٢٠٠٣)، تقرير التنمية الإنسانية العربية لعام ٢٠٠٣: نحو اقامة مجتمع المعرفة، عمان، الاردن، ٢٠٠٤، ص٥٦.

AD Scientific Index b, (2022), University, Subject, Country, Region, World, About Us, Retrieved July 27, 2022 from ad scientific index website: https://www.adscientificindex.com/methodology/

AD Scientific Index a, (2022), University, Subject, Country, Region, World, About Us, Retrieved July 27, 2022 from ad scientific index website: https://www.adscientificindex.com/about-us/

CWUR a, (2022), ABOUT CWUR, Center for World University Rankings, RAK Economic Zone, P.O. Box 36726, United Arab Emirates, Retrieved July 27, 2022 from CWUR website: https://cwur.org/about.php

CWUR b, (2022), ABOUT CWUR, Center for World University Rankings, RAK Economic Zone, P.O. Box 36726, United Arab Emirates, Retrieved July 27, 2022 from CWUR website: https://cwur.org/methodology/world-university-rankings.php

Greenmetric (2023), UI GreenMetric World University Rankings: Background of The Ranking, Retrieved Nov 27, 2022 from Green metric website: https://www.webometrics.info/en/About_Us

UI GreenMetric

Ireg (2022), IREG Observatory on Academic Ranking and Excellence, BERLIN PRINCIPLES ON RANKING OF HIGHER EDUCATION INSTITUTIONS, Berlin, 20 May 2006, Retrieved May 14, 2022 from the ireg-observatory website: https://ireg-observatory.org/en/about-us/

Isidro F. Aguillo, (2022). Webometrics Methodology, Cybermetrics Lab - IPP-CSIC, Albasanz, 26-28, 28037 Madrid. SPAIN, Retrieved July 10, 2022 from Webometrics website: https://www.webometrics.info/en/Methodology

Laura L (2022), QS World University Rankings methodology: Using rankings to start your university search, Retrieved May 25, 2022 from the top universities website: https://www.topuniversities.com/qs-world-university-rankings/methodology

Nature Index, (2022), How to use the Nature Index& Glossary of terms, Retrieved Dec 20, 2022 from Nature Index website: https://www.nature.com/nature-index/glossary

Nature, 2022), A brief guide to the Nature Index, Retrieved Dec 20, 2022 from Nature website: https://www.nature.com/nature-index/brief-guide

Scimago Institution Rankings, (2022), Ranking Methodology, Retrieved July 27, 2022 from scimago website:

Shanghai Jiao Tong University, (2022), Academic ranking of world universities, Retrieved Jun 28, 2022 from the shanghai ranking website: https://www.universityrankings.ch/methodology/shanghai_jiao_tong

Times high education, (2022), About THE's rankings, Retrieved Jun 10, 2022 from the Times high education website:

Times high education, (2022), World University Rankings 2022: methodology, Retrieved Jun 12, 2022 from the Times high education website: https://www.timeshighereducation.com/world-university-rankings/world-university-rankings-2022-methodology

Unirank, (2022), About us, Overview, Ste 2C, 5 Tambua Street Sydney New South Wales 2009 Australia, Retrieved July 15, 2022 from Unirank website: https://www.4icu.org/about/

Webometrics, (2022), About Us, Ranking Web of University, Retrieved July 15, 2022 from Webometrics website: